# گوێ بگرە عەبدولسەمیع



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

عەبدولکەریم بەرشید

# گوێ بگرە عەبدولسەمیع

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

فاروق هۆمەر



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: گوێ بگرە عەبدولسەمیع
نووسینی: عەبدولکەریم بەرشید
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: فاروق هۆمەر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٦٠
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە١٦٦٦ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# گوێ بگرە عەبدولسەمیع

لە پرۆسەی شانۆی ئاهەنگئامێزدا

دانا ڕەئووف

## کولتوور وەک پرۆژەیەکی دامەزراندن

ڕۆشنبیر و شانۆکارانی عەرەب بۆ دامەزراندن و پرۆژەی شانۆیەکی نەتەوایەتی گەڕاونەتەوە سەر کەلەپوور و کولتووری ئیسلامی و دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگاکانیان. ئەو کەلەپوورەش لە سامانێکی دێرین و گەورەی چیرۆک، ئەفسانە، چیرۆکی میللی، شیعر، ڕیتواڵ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە. هونەرمەند و ڕۆشنبیری عەرەب هەوڵیان داوە سەرلەنوێ ئەو مێژوو و کەلەپورە دێرینە لە دیدوبۆچوونی جیاوازی نوێ و هاوچەرخەوە، لە ڕوانگەی مەسەلە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگا، لەهەموو ڕووەکانییەوە، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری، ئایین و سیاسییەوە زیندوو بکەنەوە. خودی پرۆسەی ئەو زیندووکردنەوەیەش و سەرلەنوێ بەرجەستەکردنی لە عەقڵی قەومی عەرەبیدا، تەنها مامەڵەکردن نییە لەگەڵ مێژووی عەرەبی و ئیسلامیدا وەک خۆی و بەبێ هیچ خوێندنەوەیەکی نوێ و مامەڵەکردنێکی هاوچەرخانە. بەڵکو عەرەبەکان ئەو پرۆسەیەیان وەک دەسپێکی گرنگی پێناس و گەڕان بەدوای خود و لەهەمان کاتدا دژ بەهەموو پاڵەپەستۆ و کاریگەرییە دەرەکییەکانی تر بووە. مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو تەقەلایەکی بەبڕشت بووە بۆ بەرەوپێشەوەچوون، وەرچەرخان



و گۆڕانکاری لە نەخشەی کولتووری و شارستانییەتی مرۆڤی عەرەبدا.

لەبەرئەوە مەسەلەی بەکارهێنان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، تەنها پرۆسەیەکی زیندووکردنەوە و ئامادەکردن و هاوچەرخکردنی ئەو ڕابردووە نەبووە، بەڵکو پرۆژەیەکی پەیوەست بووە بە تێگەیشتنێکی تری ئەو ڕابردووە و ڕەخنە لێگرتنی، لەپێناوی دروستکردن و دامەزراندنی سترکتوورێکی جیاواز و پێشکەوتوو بۆ ئێستا و خوڵقاندنی کەلەپوورێکی نوێ.

هەر لەم تێڕوانینەوە شانۆکارە عەرەبەکان هەوڵیان داوە کە دەروازەکانی کەلەپوور و مێژووی وڵاتەکەیان سەرلەنوێ بکەنەوە و لە واقیعی ژیانی سیاسی و کێشە ڕۆژانەکاندا بەرجەستەیان بکەن. فۆرم و شێوازێکی تایبەتمەند و جیاواز لە تەکنیک و شێوازە ڕۆژئاواییەکانیش، بەتایبەتی لە بواری نووسینی شانۆنامەکاندا بەرایی و مەرجێکی گرنگ بووە. ئەمەش وای کردووە کە ئەو تێکستە نووسراوانە، بنەمایەکی پتەو دابڕێژێت و بشچێتە دووتوێی جووڵانەوەیەکی بەرنامەڕێژی ئەفراندنەوە کە بارودۆخێکی جیاواز بۆ بزووتنەوەی شانۆی عەرەبی لە هەموو ڕووەکانییەوە: ناوەکی و دەرەکی و هێڵە جیاواز و بۆچوونە هەمە چەشنەکانی لێکۆڵینەوە و گەڕانەوەی سەرچاوەکانی ڕابردوو لەخۆ بگرێت.

گەڕانەوەی شانۆکارانی عەرەبیش بۆ ڕابردوو، لەپێش هەموو شتێکدا لەپێناوی تێگەیشتن و نزیکبوونەوە و بۆچوونێکی ئایندەخوازی بووە لەنێوان خودی کەسایەتی عەرەب و مەسەلە هەنووکەییەکان، ڕۆشنبیری، فیکری و هونەری لەلایەک و لەلایەکی

دیکەشەوە خولّقاندنی هۆشیارییەکی ڕەخنەیی و دروستکردنی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری هاوچەرخ بۆ کەلەپوور و مێژووی وڵاتەکەیان. لە کۆتایی حەفتا و بەرایی هەشتاکاندا گۆڕانکارییەکان، بەشێوەیەکی فراوان بوارەکانی هونەری وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە. نەوەیەکی نوێ و بارودۆخێکی لەبار هانی شانۆکاران ئەدات کە زیاتر مامەڵە لەگەڵ کەلەپوور و کولتووری کۆنی خۆیان، بە چاوێکی ڕەخنەئامێزەوە بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن سەرلەنوێ و لە دید و ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دایمەزرێننەوە.

شانۆکارە عەرەبەکان لەم قۆناخەدا ڕوودەکەنە لێکۆڵینەوە، سەرلەنوێ خوێندنەوەی ڕابردوو، تەقەلای ئەزموونگەری و گەڕان بەدوای فۆرم و شێوازی نوێی کارکردندا. عەرەبەکان لە دەروازەکانی مێژوو، دابونەریت و کولتوورەوە دەیانەوێت شانۆیەکی نوێ و ناتەبا، لەهەردوو ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، بەدەر لەشانۆی ڕۆژئاوا دابمەزرێنن. بۆ ئەم مەبەستەش وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، دیاردە کۆمەڵایەتی، دابونەریتە میللییەکان، کەسایەتی ناسراو و پاڵەوانە نەتەوەییەکانیان، ڕووداوە مێژووییەکان و ئاهەنگە ڕیتواڵییە هەمە چەشنەکانی وڵاتانی عەرەبی بکەنە زەمینە و بنەمایەکی پتەوی داڕشتە و ستركتووری هەوڵەکانیان.

بێگومان چیرۆک، ئەفسانە، بەسەرهات و داستانە عەرەبییەکان، زاراوە میللی و جەژنە نەتەوایەتییەکان دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی داهێنانی کار و پرۆژەکانیان. هەر لەم قۆناخەدا هۆشیاری شانۆنووسەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەشێوەیەکی بەرچاو



گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. شانۆنامەنووسەکان چیتر بەشێوەیەکی نێگەتیف، خۆیان لەپشت دابونەریت و مێژووی وڵاتەکانیانەوە ناشارنەوە، بۆ نموونە کەلەپووریان بەکارنەهێناوە بۆ مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان و نەشیانکردۆتە دەمامکێکی ئایدۆلۆژی و ئامڕازی پڕوپاگەندە، هێندەی ویستوویانە ئەتمۆسفێرێکی تر بخوڵقێنن و ڕەخنە لە واقیعی عەقڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەبی بگرن.

## دەروازەکانی مەغریبی عەرەبی و شانۆیەکی جیاواز

یەکەم تەقەلا و دەسپێکی پرۆسەی دامەزراندن، یەکەم تیۆر و هەنگاوی پراکتیکی، پێشواژەکانی زیندووکردنەوەی کولتوور و ئامادەیی مێژوو لە ئێستە و لە ئایندەدا، دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی مەغریب. مەسەلەی دامەزراندنی شانۆیەکی عەرەبی جیاواز لە وڵاتی مەغریب زیاتر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبیدا، سەری هەڵداوە. شانۆکارانی مەغریب مامەڵەیەکی بابەتییانە، وردبین و قووڵ لەگەڵ تەوژمە نوێیەکانی ڕەخنە و ڕەخنەی شانۆییدا دەکەن، بەتایبەتی ئەو تەوژمانەی کە لە بنەمایەکی گشتگر و هەمەلایەنەوە دەڕواننە کار و پرۆژە داهێنەرەکان. بەتایبەتیش ئەو کارانەی کە ڕەچاوی دابڕین و گۆڕانکارییە بنەڕەتی و گەورەکانی کۆمەڵگای کردووە، ئەمەش وای لەو شانۆکارانە کردووە کە ڕووبەڕووی دابونەریت و کوڵتووری ڕابردووی خۆیان ببنەوە و سەرلەنوێ و بەدیدو بۆچوونی جیاوازەوە بیخەنەوە ڕوو.

لەم بوارەشدا کەسانی وەک هونەرمەندان طیب الصدیقی و

عبدالكريم بەرشید دیارن، ئەم شانۆکارانە هونەری شانۆیان لەنێو ئاهەنگ و دابونەریتە کولتوورییەکاندا بەند نەکردووە، هێندەی هەوڵی نوێکردنەوە، بەئەمڕۆکردن، شکاندنی بەربەستەکان و کردنەوەی پانتاییەکی فراوان بۆ داهێنان و بەرجەستەکردنیان داوە. ئەم هونەرمەندانە شانۆ بە شێوازێکی بەرنامەڕێژ لەنێو کۆد و شانە کولتوورییەکاندا دەدۆزنەوە و سەرلەنوێ دایدەمەزرێننەوە.

## شانۆی ئاهەنگئامێز

شانۆی ئاهەهنگ ئامێز دادەنرێت بە یەکێک لە ئەزموونە چڕ و دەوڵەمەندەکانی شانۆی مەغریبی بەتایبەتی و شانۆی عەرەبی بە گشتی. ئەم شانۆیە لەپێناوی گرنگی پێداویستییەکانی دامەزراندنی شانۆیەکی نەتەوایەتی، لەسەر بنەماکانی شێواز و ڕێسا ئاهەنگئامێزەکان، بانگەشەی بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور و دابونەریتی کۆنی عەرەبی دەکات.

بنەماکانی ئەو ڕێسایانەش دەگەڕێنەوە بۆ بەکارهێنانێکی هاوچەرخانەی ڕیتواڵ و کۆبوونەوە و دیاردە میللییەکان.

عەبدولکەریم بەرشید بە وردی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ناکرێت مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور تەنها بە زیندووکردنەوەی ڕابردوو و خوێندنەوەی لە ئەمڕۆدا، یان بەکارهێنانی هەندێ هێمای کولتووری سواوی کۆنی کۆمەڵگا بکرێت. گەڕانەوە بۆ کولتوور لەپێناوی دۆزینەوە و پەردە هەڵماڵین و ڕووتکردنەوە و دادگاییکردنی ئەو ڕابردووە، دەبێت گەڕانەوەیەکی توندوتیژ و دڵڕەقی دوێنێ و ئەمڕۆ بێت. تا جارێکی تر ڕابردوو لە ئەمڕۆدا بەهەمان شێوە ڕوونەداتەوە، لەهەمان کاتدا



داشنەبڕێین لەو ڕابردووە کە بنەما سەرەکییەکانی خودی عەرەبی و کۆمەڵگای عەرەبی لەسەر بنیات نراوە.

کارگێڕانی شانۆی ئاهەنگئامێز: شانۆنامەنووسەکان، شانۆکارەکان و ئەو لێکۆڵەرەوانەشی کە هەوڵی بە تیۆریکردنی ئەم دیاردەیەیان داوە، بۆچوونەکانیان لەچەند خاڵێکی گشتی و هاوبەشدا یەک دەگرێتەوە. گەڕان بەدوای بابەتی عەرەبیدا، بە هەموو شێوەکانییەوە، مێژوویی، کەلەپوور، نووسراو و ئەدەبێکی زارەکی و دەماودەم.

گەڕان بە دوای بۆچوون و تیۆرێکی تایبەتمەندی شانۆیی، کە سەرچاوەکانی لە فەلسەفەی عەرەبی و تێڕوانینی ئەقڵی عەرەبییەوە وەرگرتبێت، دواتر دۆزینەوەی شێواز و فۆرمێکی تایبەتمەندی وەهادا کە بتوانێت بە شێوەیەکی کردەیی ناواخنە فیکرییەکانی تێدا بەرجەستە بکرێت و لەهەمان کاتدا بتوانێت بازنەیەکی پەیوەندی و بەردەوامی لەگەڵ جەماوەر و بینەراندا دروست بکات.

بەم شێوەیە و بەپێی تیۆر و بۆچوونی ئاهەنگئامێزەکان دابونەریت، مێژوو و کولتوور لەناو کایەکانی (ئێمە) دا بوونی هەیە و بەبێ ئەو بوونە و بەبێ ئامادەگی (ئێمە) لە ئێستەدا دروست نابێت.

شانۆی ئاهەنگئامێز دابڕان نییە لە ڕابردوو، شتێک نییە لە هیچەوە وەک قارچک هەڵتۆقابێ. بەڵکو شانۆی ئاهەنگئامێز بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی ڕابردووە، یادەوەری و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکانگیری دڵڕەقانەی ئەو ڕابردووەیە، ئەوەی هەبووە و ئەوەی هەیە، بەڵام لە پرۆسەیەکی داهێنان و دامەزراندندا، نەک لە بازنەیەکی دووبارەبوونەوەدا.

عەبدولکەریم بەرشید ئەم بنەمایە دەکاتە زەمینەیەکی لەبار و دەستپێکی تری کولتووری کۆن و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو. بیرەوەرییەکانی مرۆڤی تاک و بیرەوەرییەکانی کۆمەڵگا، لە پرۆسێسێکی نوێ و خوڵقاندنێکی پڕ لە داهێناندا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بنەماکانی کولتوور، مێژوو و ویژدانی کۆمەڵ و هەستی میللی.

عەبدولکەریم بەرشید کولتوور دادەنێت بە چاوگێکی دەوڵەمەند و کایەیەکی سەرەکی نووسینی شانۆنامەکانی، لەبەرئەوەی کولتوور وەک بیرەوەرییەکانی کۆمەڵی و پەنجەرەیەکی مێژوویی، هەموو خودەکانی تێدا کۆدەبێتەوە، یادەوەرییەک کە پەیوەندییەکی پتەو و جەدەلی بە ڕابردوو، بە مێژوو و بە زەوییەوە، وەک هێمای نیشتمان هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە شانۆنامەکانی عەبدولکەریم بەرشید لەبۆنەی کولتووری کۆن و دەروازەکانی مێژووی عەرەبی و فیکری ئیسلامییەوە سەریان دەرهێناوە، بەڵام بەتوندی پەیوەستە بە ئێستا و ئایندەشەوە. پرۆسەی شانۆی ئاهەنگئامێز لە دەروازەکانی مێژوو و کولتوورەوە، خوێندنەوە نوێیەکانی سەقامگیری مرۆڤی ئەمڕۆی عەرەب لە (ئێمە، ئێستە، لێرەدا) دەکات.

شانۆی ئاهەنگئامێز و شانۆنامەکانی عەبدولکەریم بەرشید تێڕوانینێکی کراوە، جیهانی و مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت. هەرچەندە مێژوو و کولتووری عەرەبی، بەهەموو لایەنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانییەوە، بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی ئەم ڕەوتەی شانۆی عەرەبییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کولتوور و مێژووی جیهان دانەبڕاوە.

عەبدولکەریم بەرشید چەندە شانۆنامەکانی لە کولتووری عەرەبی و



ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە، هێندەش سوودی لە کولتوور و مێژووی ڕۆژئاوا وەرگرتووە.

## چەمکەکانی شانۆیەکی ئاهەنگئامێز

نووسەر و شانۆکارانی ڕەوتی شانۆی ئاهەنگئامێز لەساڵی ١٩٧٩ دا یەکەم بەیاننامەی تەوژمە شانۆییەکەیان بڵاو دەکەنەوە، بەو بەیاننامانەش بانگەشەی پرۆژەی دامەزراندنی شانۆیەکی عەرەبی، مەغریبی تایبەتمەند دەکەن. پرۆژەکە هەموو ڕووەکانی داهێنانی شنۆیی، ڕەخنە، تیۆر و لێکۆڵینەوە، ڕیژی و نواندن، پیەسی شانۆیی و تەکنیکێکی جیاواز دەگرێتەوە. هەر لە سەرەتاوە ئامانج و دیدی ڕابەرانی ئەم شانۆیە تێپەڕاندن و وەلاوەنانی هەموو شێوە و شێوازە تەقلیدی و باوەکانی شانۆی عەرەبی بووە، (ئێمە، ئێستە و لێرەدا) بنەمایەکی سێکوچکەی چەمکی دید و بۆچوونە کردەیی و تیۆرییەکانیان بووە. ئێمە لە ئێستە و هەر لێرەدا دەروازەکانی ڕابردوو بەڕووی ئەمڕۆدا دەکەینەوە، ئێمە ئێستە و لە ڕابردووەوە هێز و وزەی دروستکردنی شتێکی تازە، لێرەدا بۆ ئێستە و بۆ ئایندەش وەردەگرین.

هەر لەبەر ئەوە عەبدولکەریم بەرشید وەک یەکێک لە دامەزرێنەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەم تەوژمە شانۆییە ئاماژەی پێویستی دیدێکی فەلسەفی و تیۆری دەکات بۆ ئەم شانۆیە، دامەزراندنی شێوازێکی نوێی شانۆیی پێویستی بە پاڵپشتێکی پتەوی تیۆری، ڕەخنەیی و ئیستاتیکی هەیە. لەبەر گرنگی بنەما ڕەخنەیی و تیۆرییەکان، شانۆکارانی ئاهەنگئامێز بەردەوام دەبن لە بڵاوکردنەوەی

بەیاننامە و وتارە ڕەخنەیی و بۆچوونە تیۆرییەکانیاندا.

بەیاننامەکانیان بۆچوون و چەمکێکی تیۆری لە لێکۆڵینەوەی بنەماکانی شانۆی ئاهەنگئامێز، پرۆسە کردەیی و چەمکە ئیستاتیکییەکان لەخۆدەگرێت. لەهەمان کاتدا ئەو بەیاننامانە ڕۆڵێکی لەبەرچاویشی دەبێت لە بڵاوکردنەوەی تەوژمە شانۆییەکان و ناساندنی بە هەموو وڵاتانی عەرەبی.

عەبدولکەریم بەرشید هەوڵی داوە بەهۆی مانیفێستەکانیانەوە باسی پرسە گەوهەرییەکانی شانۆ بکات و چەمکەکانی شانۆی ئاهەنگئامێز ڕوون بکاتەوە و دیدە هونەری و تەکنیکییەکانی شانۆکەشیان بخاتە ژێر تیشکی سەرنج و ڕوونکردنەوەوە. بەرشید لەپاڵ مانیفێست و بەیاننامەکانیاندا چەندین باس و لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەن سەبارەت بە هۆکارەکانی دروستبوون و گەشەکردنی شانۆی ئاهەنگئامێز بڵاو دەکاتەوە.

## شانۆی ئاهەنگئامێز و سەرەتایەکی داهێنەرانە

شانۆی ئاهەنگئامێز مۆرکێکی فراوانی ئەفراندن لەخۆ دەگرێت و بنەماکانی لە پرۆسەیەکی سەراپاگیر و چڕدا کۆدەبێتەوە، لەو پرۆسەیەدا هەموو توخم و بوارەکان پێکەوە یەکتر تەواو دەکەن.

شانۆی ئاهەنگئامێز پەیوەستە بە کۆمەڵێ پەیوەندی جۆراوجۆر و پتەوەوە، بۆ نموونە پەیوەندییەکانی بە فیکری مرۆڤایەتی، بە کولتوور و دابونەریت، بە ئەزموونە شانۆییەکانەوە (جیهانی و عەرەبی). ئەم پەیوەندییانەش لەسەر بنەمایەکی دیالیکتیکی بنیات نراوە و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە. عەبدولکەریم بەرشید شانۆ وەک



هونەر و پلاتفۆرمێکی هەمیشە بزۆز دادەنێت، لەو پلاتفۆرمەدا گۆڕانکارییەکان لەڕووی زمان و کەرەستەکانی بەرجەستەکردن و شێوازی نووسین و دیدی هونەریدا، لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدان. زمان بەشێکی گرنگی تەکنیک و دەستپێکی بێکۆتاییە. هەموو شتێک لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامی بێکۆتاییە، شانۆیەکی سەراپاگیر، تەواوەتی و نەگۆڕ، بوونی نییە کە لەگەڵ هەموو سەردەم و کات و شوێنێکدا بگونجێت، بەڵکو شانۆ جۆراوجۆرە و هەموو سەردەم و کولتوور و قۆناخێکی مێژوویی، شانۆی تایبەتمەند و خوێندنەوەی خۆی هەیە. عەبدولکەریم بەرشید وەک تەوژمێکی ژیاری و کۆمەڵایەتی ئاماژەی شانۆی ئاهەنگئامێز دەکات، شانۆیەک کە بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەمانە. لەبەرئەوە شانۆنامەکانی عەبدولکەریم بەرشید، هەرچەندە بە زمانی عەرەبی نووسراون، بەڵام وەک بەشێکی گرنگی کولتووری شانۆی جیهانی ئاماژەی بۆ دەکرێت: بابەتەکانی، کارەکتەرەکانی و ڕووداوەکان، تایبەتن بە مەسەلە مرۆڤایەتییەکانەوە، لەهەمان کاتدا پەیوەستە بە چەمکە بەربڵاوەکانی (ئێرە و ئەم ساتەوەختە).

شانۆنووسانی شانۆی ئاهەنگئامێز بە شێوازێکی جیاواز و دوور لە فۆرم و تەکنیکی داڕشتن و نووسینی شانۆی کلاسیکی شانۆنامەکانیان نووسیوە. پیەس و پرۆسەی شانۆیی ئاهەنگئامێز لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامی دیالیکتیکی و بارگۆڕین و گۆڕانکاری شانۆییدایە. هەروەها شانۆی ئاهەنگئامێز هەموو ئامراز و تەکنیک و فۆرمێک بەکاردەهێنێ لەپێناوی پێگەیشتنێکی زیندوو و پڕ لە ژیان لەگەڵ بینەراندا.

شانۆنامەیەکی ئاهەنگئامێز دەکرێت لەیەک کاتدا مێژوویی، واقیعی، سوریالی، سەرسوڕهێنەر، ئەندێشەئامێز و هێماگەری بێت، بەمەش واقیعێکی شانۆیی تایبەتمەند بەخۆی دروست دەکات. لەو واقیعەدا کۆمەڵێ کۆدی زمانەوانی، کۆمەلایەتی، سیاسی، مێژوویی و گەمەی شانۆیی پێکدا دەچن، شانۆی ناو شانۆ دروست دەکەن و ئاهەنگێکی شانۆیی و ڕیتواڵێکی زیندوو دەستەبەر دەکەن. شانۆی ئاهەنگئامێز پێویستی بە ئەکتەری بەتوانا و تایبەتمەند هەیە کە بتوانێ زمانی دیالۆژ و داڕشتنی پێکهاتەکانی تێکستەکە بدۆزێتەوە، هەڵیبوەشێنێت و پەردە لەڕووی ناواخن و پشتەوەی بۆچوونە فیکری، هونەری و ئێستاتیکییەکان هەڵبماڵێ.

## عەبدولکەریم بەرشید ژیان و داهێنان

عەبدولکەریم بەرشید لە شاری (ئەبرکان) و لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە وڵاتی مەغریب لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٧١ دا لە کۆلیژی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە شاری (فاس) ئەدەبی عەرەبی و زانستی سایکۆلۆژی تەواو دەکات، دواتر لە باسەکانی ئاهەنگئامێز و هێما نەتەوایەتییەکاندا قووڵ دەبێتەوە و بڕوانامەی خوێندنی باڵا لەسەر تێزی (ئاهەنگئامێز و لەرینەوەکانی سەردەم) وەردەگرێت. عەبدولکەریم بەرشید بەو بڕوانامانە کۆتایی بە گەشتی گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی ناهێنێ و دواتر بڕوانامەی دکتۆرا لەسەر شانۆی عەرەبی بەدەست دەهێنێ. نووسینی ئەو بڕوانامەیە و هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوەکانی، ڕووبەڕووی ڕاستییە ڕەهاکانی بوون و نەبوونی شانۆی عەرەبی دەکاتەوە، نامەکەشی لەسەر (تەوژمە نوێکانی شانۆی عەرەبی لە سەرەتاوە تا پێگەیشتن) دەبێت. لەو نامەیەدا بە وردی



گەڕاوە بەدوای چەمکە هاوچەرخەکان، دیدە ڕەسەنەکان و مۆرکێکی نوێ لە سەرەتاکانی شانۆی عەرەبیدا. عەبدولکەریم بەرشید دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە شانۆ تەوژم و دیاردەیەکی شارستانی و ڕۆژئاواییە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئاماژەی ئەوەش دەکات کە عەرەب لە دێرزەمانەوە شێوە شانۆیەکیان هەبووە و گەلێ لە بنەما کولتووری و ڕاستییە مێژووییەکان نەفەسێکی قووڵی درامی و ڕیتواڵێکی شانۆییان هەبووە.

عەبدولکەریم بەرشید جگە لە بوارە تیۆری و لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی، خولیای هونەری شانۆ، نواندن و ڕیژی بووە و لەم بوارەشدا هەوڵی داوە جێگای خۆی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧١ دا گروپی بووژانەوەی شانۆیی دامەزراندووە و کۆمەڵێ لە شانۆنامەکانی خۆی و نووسەرانی تری شانۆی عەرەبی بۆ ئەم شانۆیە پێشکەش دەکات. دواتر برەو بە چالاکییە هونەرییەکانی دەدات و ڕێگایەکی زانستیش بۆ بەهرە هونەرییەکەی ئەدۆزێتەوە. عەبدولکەریم بەرشید لەپاڵ خوێندن و لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی، دەبێتە قوتابی ئەکادیمیای مونبولیی لە فەڕەنسا و لە ساڵی ١٩٧٣ دا بڕوانامەی هونەری ڕیژی بەدەست دەهێنێ.

عەبدولکەریم بەرشید دادەنرێت بە یەکێک لە پێشڕەوەکانی شانۆی مەغریبی و بە شانۆنامە و دید و بۆچوونە تیۆری و لێکۆڵینەوە شانۆییەکانی پێودانگ و مۆرکی شانۆی عەرەبی دەوڵەمەند کردووە. بۆچوون و شیکردنەوە شانۆییەکانی لەسەر کۆمەڵێ بنەمای هونەری، فیکری و ئێستاتیکی دامەزراندووە. تەقەلا تیۆری و پراکتیکییەکانی ئەم نووسەرە هونەرمەندە لەپێناوی داهێنانی شێوازی نوێ و جیاوازدا

بووە بۆ بەردەوامی و پێگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران.

عەبدولکەریم بەرشید هەر لە سەرەتاوە هەوڵەکانی لەسەر بنەمایەکی کردەیی و ئەزموونگەرییەوە بنیات دەنێت، ئەو بنەمایەش پەیوەندییەکی توندی بە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی کەسایەتی و پێناسەی فیکری، ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامییەوە هەبووە. هەر لەم دەستپێکەشەوە گەڕاوەتەوە سەر بەرجەستەکردن و سەرلەنوێ خوێندنەوە و ئامادەکردنی کۆمەڵێ کەسایەتی ناسراوی کولتووری و مێژوویی، لە پێناوی گوزارشتکردن لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی مرۆڤی عەرەب. ئەم شانۆکارە نووسەرە توانیویەتی ئەو کەسایەتییانە بخاتە نێو سترکتوورێکی هونەری گشتگری ڕەهاوە کە جەماوەر بە تێرامان و تێڕوانینەوە ڕووبەڕووی ببنەوە و لەهەمان کاتدا خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

عەبدولکەریم بەرشید نزیکەی پەنجا شانۆنامەی نووسیوە و هەندێ لە شانۆنامەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیسپانی و کوردیش. بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی لەسەر شانۆی زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا نەمایشکراوە، هەروەها لە گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاو کراونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆریان بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ بڵاو کراونەتەوە.

عەبدولکەریم بەرشید لە بواری لێکۆڵینەوەی شانۆییشدا زۆر قاڵ بۆتەوە و کۆمەڵێ کتێبی دانسقە و گرنگی لەسەر شانۆی ئاهەنگئامێز و پێگە و تەلەزگەکانی شانۆی عەرەبی نووسیون.



## گوێ بگرە عەبدولسەمیع ناونیشان یان ئاماژە و هێماگەلێکی مەجازی

ئامادەبوونی یاخود بوون و یادەوەرییەکانی عەبدولسەمیع لە خودی ناونیشانی شانۆنامەکەوە سەرچاوە دەگرێت. عەبدولکەریم بەرشید هەر لە سەرەتاوە، وەک نووسەرێکی بەسەلیقە و شارەزا لە ئامرازەکانی بونیاد و سترکتووری درامایەکی پێگەیشتووەوە، ناونیشانی شانۆنامەکە دەکاتە ئاماژە و هێماگەلێکی مەجازی.

شانۆنامەکە هەر لە ناونیشانەکەیەوە کارەکتەرێک، کەسایەتییەک دەکاتە هێما و هەموو کارەکتەرەکانی تر لە دەوری کەسایەتی ئەودا، واتە (عەبدولسەمیع) دەخولێنەوە.

عەبدولسەمیع لە چەقدایە و بەردەوام ڕووداو و کارەکتەرەکانی تر لە پەراوێزەوە ڕادەکێشێت بۆ چەق و بە پێچەوانەشەوە. هەندێک جار بەهۆی تەکنیکی گێڕانەوە و شانۆی ناو شانۆوە، کارەکتەرەکانی لە چەقەوە دەگوێزێتەوە بۆ پەراوێز و خۆی لە ناوەندی ڕووداوەکاندا دەکاتە بزوێنەری زەمەن و هێڵی ڕووداوەکان هەڵدەسووڕێنێ.

عەبدولکەریم بەرشید هەر لە ناونیشانەکەوە، دووپاتی دروستکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکە، بەر لە ڕووداوەکان دەکاتەوە. تێکڕای شانۆنامەکە لە پێنج تابلۆ، دیمەن یان وەک نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە (هەناسە) پێکهاتووە و هەر هەناسەیەکیش ناونیشانێکی سەربەخۆی هەیە: عەبدولسەمیع داهێنەر بوو، عەبدولسەمیع ئەبێ بە کارەباچی، ئەوکاتەی کە عەبدولسەمیع منداڵ بوو، عەبدولسەمیع لە وڵاتی سەیروسەمەرەدا. هەموو ناونیشانەکانیش پێکەوە کۆمەڵێ ئاماژە و مانای هێماگەری لەخۆ دەگرن، ئەم ناونیشانانەش وێنەیەکی گشتگر و تەواوەتی لەگەڵ خودی ناونیشانە سەرەکییەکەی

شانۆنامەکە پێکدەهێنێ. بۆ نموونە ناونیشانی هەناسەکان چەندین مانای سیکۆلۆژی و سیمیۆلۆژی دەبەخشنە ناوەڕۆکی دیمەنەکان و هێما و مانا مەجازییەکان دەبنە بنەمایەکی یاریدەدەری خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و بەستنەوەیان بە تێکڕای شانۆنامەکەوە. هەروەها دەتوانین بڵێین کە ناونیشانەکان دەبنە دەروازەیەک بۆ چوونە ژوورەوەی تابلۆکان لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە و قووڵی سەراپای شانۆنامەکە. ناونیشانی دیمەنەکان و لەڕێگای سیستەمێکی لۆژیکی و پرۆسێسێکی بەرنامەڕێژی یەک لەدوای یەکەوە، پەردە لەڕووی نهێنییەکانی شانۆنامەکە و ئاماژە هێمادارییەکانیش هەڵدەماڵێ. ئەم ناونیشانانە چەمکێکی بزۆزیش دەبەخشێتە سەفەرەکەی عەبدولسەمیع و لەهەمان کاتدا لە شێواز و تەکنیکە کۆن و کلاسیکییەکانیش دوور دەکەوێتەوە. مەبەستی نووسەر لە ناونیشانی شانۆنامەکە و ناونیشانی دیمەنەکانی تری، لەسەر ئاستەکانی بوونیاد، هێماگەری و گەمەی زمان و بەکارهێنانی دەستەواژە و زمانێکی ڕاستەوخۆ، جۆرێکە لە خوڵقاندنی پەیوەندییەکی لێکتێگەیشتن، دیالۆژ، بەردەوامی و شوێنپێ هەڵگرتن لەگەڵ خوێنەر و لەگەڵ بینەراندا.

عەبدولکەریم بەرشید لە دید و بۆچوونێکی شانۆیی و هزرێکی فیکرییەوە (گوێ بگرە عەبدولسەمیع) وەک ناونیشانێکی یەکانگیر و ئاوێزانی تەکنیک و شێوازەکانی چەمکی نامۆبوون لەلای برێشت دەکاتەوە. بەرشید گەرەکییەتی هەر لە سەرەتاوە پرسیار و هەستێکی نامۆبوون و کاریگەری لەلای خوێنەر و بینەر دروست بکات. مەبەستی نووسەر لەو دەروازە کاریگەرە هاندانی بینەران و خوێنەرە بەدوای گەڕان و پرسیاری بەردەوام و ئامادەگییەکی کاریگەر و بەهێزدا.



## عەبدولسەمیع لەنێوان واقیع و ئەفسانەدا

کەسایەتی عەبدولسەمیع لە گەشتێکی نادیاردایە، یادەوەرییەکانی، خۆی لەم زەمەنەدا، واتە ئێستا و هێڵە نادیارەکانی ئایندەشی تێکەڵاوی سەفەرگەلێکی تەلیسماوی دەکات.

واقیع، خەون، فەنتازیا و تەکنیکی گێڕانەوە لە پرۆسەیەکی وەرچەرخان و هەندێک جار هەڵوەشاندنەوەدا یەکانگیر و بەرجەستە دەبێت. بەرئەنجامەکانی ئەو یەکانگیرییە واقیعێکی تایبەت بۆ ڕۆنانی درامی شانۆنامەکە و کارەکتەری عەبدولسەمیع دروست دەکات.

کات ئێستایە بەپێی ئاماژەکانی عەبدولکەریم بەرشید، بەڵام لەڕاستیدا ئەو واقیعەی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە و کەسایەتی عەبدولسەمیع نە واقیعییە و نە مێژووییشە، بەڵکو واقیعێکی شانۆیی تایبەتە کە یاسا و بواری هێماگەری و ئاماژەی جیاوازی خۆی هەڵدەگرێ. لەنێو ئەم واقیعەدا کارەکتەرەکان دەجووڵێنەوە، پەیوەندییەکان دروست دەکەن، ململانێ دەکەن و مەسەلەکانی خۆیان سەرلەنوێ ئەدۆزنەوە، واقیعی شانۆنامەکە، بازنەی پەیوەندییەکان، وێنەی کارەکتەرەکان و ئەتمۆسفێری ڕووداوەکان، پابەند نین بەهیچ شوێن و کاتێکەوە.

سەرەتای شانۆنامەکە لەناو بینەرانەوە دەست پێ دەکات و **خامیسە:** یەکی پیرێژن بەدوای عەبدولسەمیع دا وێڵە. هەموو دیمەنەکەش تێکەڵاوکردنێکی بەسەلیقەی دوێنێ و ئەمڕۆیە.

(**خامیسە:** پیرێژنێکە لەناو خەڵکەکەوە دێتە دەرێ)

**خامیسە:**

ئەی نەفرەتی تۆ لەکوێی؟ تۆ لەکوێی؟
خەڵکی گەورە بوون و تۆ هێشتا گەورە نەبووی
پیر بوون و مردن کەچی تۆ هەر تولفێکیت و یاری
مناڵە چەتوونەکان دەکەی
شانۆنامەی ''گوێ بگرە عەبدولسەمیع''

هەناسەی یەکەم

هەر لەدوای ئەو گەڕانە و لە سەرەتای شانۆنامەکەدا عەبدولکەریم بەرشید، عەبدولسەمیع لە کارەکتەری شایەردا زیندوو دەکاتەوە.

شایەر جۆرە حیکایەتخوانێکی میللی کۆنە و شارە و شار، کۆڵانە و کۆڵان، گوند بە گوند گەڕاوە و چیرۆکی گێڕاوەتەوە. چەمکەکانی شانۆی ناو شانۆ و شانۆی ئەندێشەی سێبەر و سنودوقی دنیا بنەماکانی شایەر و ڕووداوەکان، لە پەیوەندی و بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆدا بەرجەستە دەکات.

شایەرەکە لە دەسپێکی شانۆنامەکەوە پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی گەرم و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرەکانی دروست دەکات، ئەم کارەکتەرە هەر خۆشی عەبدولسەمیعە و بەسەرهاتی ونبوونی خۆی دەگێڕێتەوە. لە هەناسەی یەکەمدا **خامیسە**: دەیەوێت عەبدولسەمیع لە چیرۆکەکانی شایەردا بدۆزێتەوە، نهێنی سەفەرەکەی بۆ ئاشکرابێت و هۆکاری ونبوونەکەی بزانێت. هەر لەم دیمەنەدا عەبدولسەمیع لەنێوان دەروازەکانی ئەفسانە و چیرۆکەکانی شایەر و ڕاستییە ڕەهاکانی **خامیسە**:دا دەسووڕێتەوە. عەبدولسەمیع ئەفسانەیە یان واقیعێکی



تاڵە و بە ئەفسانە کراوە، ئەفسانەیە و مەودایەکی واقیعییانەی پێبەخشراوە. ئەم پرسیارانە هەردوو کارەکتەری شایەر/ عەبدولسەمیع و **خامیسە**:ی ژنی کۆدەکاتەوە، یەک دەگرنەوە و لەهەمان کاتدا جیادەبنەوە. ڕووداوەکان دەبنە ئەفسانە و ئەفسانەش دەبێتە چەمکێکی واقیعی ڕووداوەکان، یان لەپڕ ڕووداوەکان دەبڕن و بە ئەفسانە ئاگادارمان دەکاتەوە.

عەبدولسەمیع بۆ شایەر ئەفسانەیە و بۆ **خامیسە**:ش واقیعە، هەندێک جار واقیعێکی ئەفساناوی و ئەندێشەیەکی هەستپێکراوە.

**شایەر:** عەبدولسەمیع؟ من ئەو ناوە ناناسم ئافرەت.. من ئێستا لەدەمی تۆوە ئەو ناوەم بیستووە... ئەوەی من باسی دەکەم ئەفسانەی مناڵە.

**خامیسە:** ئەفسانە... ئەفسانە کێیە؟

**شایەر:** ئەوە پرسیارێکی ئەوەندە ئاسان نییە کتوپڕ وەڵامت بدەمەوە... ئەفسانە لە سیفات و وشەکان باڵاترە.

شانۆنامەی '' گوێ بگرە عەبدولسەمیع''

هەناسەی یەکەم

هەر لە هەمان دیمەن و دوای چەند گفتوگۆیەکی کورت خامیسە هەست بە حەقیقەت و ئەفسانەیی عەبدولسەمیع ئەکات:

**شایەر:** باسی کێ دەکەیت ئافرەت؟

**خامیسە:** باسی عەبدولسەمیع دەکەم.

**شایەر:** عەبدولسەمیع کێیە؟

**خامیسە:** ئەویش بۆ خۆی ئەفسانەیە... باوەڕی پێ ناکەین بەڵام

حەقیقەتە. حەقیقەتە وەکو تاریکی و ڕۆشنایی... وەک ئێمە کە لەم شوێنەداین.

شانۆنامەی" گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی یەکەم

بەڵام لە هەناسەی دووەمدا دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، بۆ بەر لە ونبوون و گەشتەکەی عەبدولسەمیع. عەبدولسەمیع داهێنەرە و ئەفراندنەکانی پێشانی **خامیسە:** دەدات. عەبدولسەمیعێکی گەنج خۆشگوزارە کە ئاشە دەستکردەکەی دەخولێتەوە، داهێنانەکانی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. لەهەمان کاتدا هەر لەم دیمەنەدا عەبدولسەمیع خەون بە فڕین و هەڵهاتن و گەشتەکانییەوە دەبینێت. دابڕان لەو واقیعەی کە ئەوی تێدا دەژی، هەستکردنە بە زوڵم و مێژوویەکی دووبارە و شەڕی دەبەنگەکان. دابڕان و تەنهایی و گۆشەگیری بەرایی گەشت و چاوکردنەوە و تەنگژەکانی بۆ ئاشکرا دەکات. هەر لەم چاوترووکانە ئازاراوییانەدا ئەسپە دارینە دروست دەکات، تا بە شێوەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکان، بە باڵی فریشتەی نێو حەکایەتەکان بفڕێ و دوور بکەوێتەوە و واقیعێکی تەلیساوی بۆ خۆی دروست بکات.

**عەبدولسەمیع:** تەماشاکە خامیسە... ئەو ئەسپە دارینەیە ئەبینیت؟ سواری ئەبم و گەشتی پێ ئەکەم.

**خامیسە:** ئاخر ناجووڵێتەوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** بۆ؟

**خامیسە:** چونکە دارە.

**عەبدولسەمیع:** ئێ خۆ کەشتیش دارە.



**خامیسە:** بۆ باسی کەشتی دەکەیت؟

**عەبدولسەمیع:** چونکە دەڕوا و دەجووڵێتەوە... هەموو شەپۆڵ و ئاسۆ و دوورایی و ماوەکان دەبڕێ. ئێ خۆ عوودیش لە دارە

**خامیسە:**... هەر دار و ژێیە کەچی ئەدوێ و باسی خۆشی و پەژارە ئەکا. باسی برینی عەشق و تینوێتی و ئازاری زوڵم و چەوسانەوە دەکا.

شانۆنامەی" گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی دووەم

عەبدولسەمیع لەسەر داهێنانەکانی بەردەوام دەبێت، خەون دەبینێ و هەندێک جار تووشی دارمان و مەترسی دەبێت، تەلەزگەکان زۆرن و بەربەستەکان زیاتر، کۆشکی ئاشەکەی دەڕووخێ، شاپەڕەکانی لە خولانەوە دەکەون. بەڵام تەقینەوەکان کۆتایی بە خەونەکانی ناهێنن. لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکانی ژن و مێردایەتی، ئافرەت و پیاو و کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی باوکسالاری دەخاتە ژێر ڕەخنەیەکی توندوتیژەوە. هەموو نەژادی پیاو لە کەسایەتی عەبدولسەمیعدا کۆدەکاتەوە، ئافرەتیش لە **خامیسە**:دا، ئەم دووانەش پێکەوە مەسەلە مرۆڤایەتییە گەورەکان، مافی ئافرەت و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی مێژوو دەخەنە ڕوو.

**عەبدولسەمیع:** ... ئەزانی خامیسە سەرباری هەموو شتێ تۆ بەختەوەری.

**خامیسە:** من بەختەوەرم؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ کچەکەی خاڵە مەئموون... ئەی ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین تۆ لە سەردەمی جاهیلییەتدا لەدایک بوویت؟

**خامیسە:** ئێستاش سەردەمی جاهیلییەت بەردەوامە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوکاتە لەژێر خاکدا دەبوویت عەزیزم.

**خامیسە:** بۆ ئێستا لەسەر خاکم؟

**عەبدولسەمیع:** تۆ زیندەبەچاڵ کردنت بیستووە خامیسە؟

شانۆنامەی" گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی دووەم

عەبدولسەمیع دەیەوێت دنیا بگۆڕێت، بەڵام خامیسە دەزانێ کە بەربەستەکان زۆرن و سنورەکانی توانا، مەرزەکانی دەسەڵاتی تاک و مەوداکانی شوێن تەسک و دیاریکراون.

ماڵەکەیان دەبێتە هێماگەلێکی ئەو جیهانە و تاریکی بەری هیواکان دەگرێ. عەبدولسەمیع لە هێمای ماڵەکەی دەگات، ئاماژەی ئەوە دەکات کە " ئەمە ماڵ نییە.. ئەمە هەموو جیهانە." بەڵام جیهانێکی تاریک و نووتەک، ڕاستییەکان، هەوڵی داهێنانەکان و هەناسەی خۆشەویستی لەو تاریکییەدا ون دەبێت.

عەبدولسەمیع دەیەوێت بە یارمەتی (ئابا مسکین) وزەی کارەبا بگەڕێنێتەوە و ڕووناکی ببەخشێتەوە بە ماڵەکەی/ جیهان. ئەبا مسکین وەک ناو هێمایەکی ئاشکرای ئەو توانایەیە بۆ گۆڕینی تاریکی و هێنانەوەی ڕووناکی، بەڵام هەردووکیان ئەو هیوایە، ئەو خەونە نادیارە و ئەو چاوەڕوانییە بە پەرۆشەی ئەبا مسکین تووشی ڕامان و دڵەڕاوکەیان دەکات.

**عەبدولسەمیع:**... ئەڕۆم تا بتوانم ئەم ژیانەمان بگۆڕم منیش وەک تۆ

**خامیسە:** لەم تاریکی و چاوەڕوانییە بێزار بووم بێزار.



**خامیسە:** نەکەی بێ ئەبا مسکین بێیتەوە.

**عەبدولسەمیع:** دڵنیابە... تۆزێکی تر دێ.

شانۆنامەی "گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی دووەم

## ئەبا مسکین یان عەبدولسەمیع

عەبدولسەمیع ماڵ بەجێ دەهێڵێ و دەڕوات، خۆی وتەنی (ئارەزوویەکی سەرشێتانەم هەیە بۆ گۆڕینی دنیا). بەڵام لە هەناسەی سێیەمدا و لە بەرگی ئەبا مسکیندا دەگەڕێتەوە تا کارەبای ماڵەکەیان چاک بکاتەوە، ئاماژە بە داهێنەرە گەورەکانی بکات و وردبینی خۆی لەڕێگای ئەبا مسکینەوە بۆ **خامیسە:** دووپات بکاتەوە. لەم بەشەدا ڕۆڵەکان دەگۆڕێنەوە، یاری بە زەمەن دەکەن، تەمەنەکان پێکدا دەچن و تەکنیکی شانۆی ناو شانۆ دەگاتە ئاستێکی گەمەئامێزی بەرز.

**خامیسە:** دەیەوێت ئابا مسکین کارەباکەی بۆ چاک بکاتەوە، تا سەرلەنوێ ڕووناکی ماڵەکەیان، جیهان ڕۆشن بکاتەوە. ئەبا مسکین دەکەوێتە گەمەیەکی فەلسەفی و وتووێژێکی فیکرییەوە، ئەبا مسکینە و لەهەمان کاتدا عەبدولسەمیعە.

**خامیسە:** من تەنیا ئەمەوێ کارەباکەم بۆ چاک کەیتەوە.

**ئابا مسکین:** خەم مەخۆ بۆت چاک ئەکەمەوە... تەنها بە شتێک ناوێرم و توانام بە سەریدا ناشکێ.

**خامیسە:** ئەو شتە چییە ئەبا مسکین؟

**ئەبا مسکین:** ئەو شتەیە کە خوا خوڵقاندوویەتی و مرۆڤ

شێـواندوویەتی... ئـەوە کـاری من نیـیـە و پەیوەندیشم پێـوەی نییە.

شانۆنامەی " گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی سێیەم

عـەبدولکەریم بەرشیـد گەمـەی نێوان کـارەکتـەرەکان لەم هـەناسـەیەدا زیاتر چڕ دەکـاتەوە، عـەبدولسـەمـیع لەنێـوان ئەبا مـسکین و خـودی خۆیدا گەمە دەکات. عەبدولسەمیع نەک تەنها لەنێوان کارەکتەرەکاندا، بەڵکو لەنێو زەمەنە جیاوازەکاندا زۆر بە وریاییـیەوە گوزەر دەکات، لە مناڵییەوە بۆ پیری، سەرلەنوێ لە پیرییەوە بۆ منداڵی و دواتر پیربوون. پەیوەندییـەکـانی ژن و مـێـردایەتی، وەچە و فـەرزەند و باوان بـەبێ بەربەست تێکەڵاوی یەکتـر دەبن و ڕۆڵەکـانیـان ئاوێزانی سـاتەوەخـتـە هـەنووکـەییـیـەکـان دەکـات. چەمکی زەمـەن لەم شـانۆنامـەیەدا بەرەوپێشـەوە دەڕوات، لە ڕابردووەوە بۆ ئێسـتا و ئـایندە، یان کـوتوپڕ بۆ دواوە. لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

عـەبدولکەریم بەرشـید زەمـەنە تەبا و مێـژووییـیـەکان تێکدەشکێنێ، ڕابردوو، ئێـسـتا و ئایندە بوونی نـییە و سـەرلەنـوێ لە زەمـەنێکی تری ئاهـەنگئـامـێـزدا دروست دەبێـتـەوە. تێکەڵاوبوونێکی ڕابردوو، وەک شتێکی دیار و ئاشکرا، لەنێوان ئێستا و ئایندە، وەک شتێکی نادیار و شـاراوە، زەمـەنێکی تری چاوەڕوانکراو، هەندێک جـار ئاشکرا، خورپەئاسا و تێکەڵەیەکی نوێی زەمەنەکان پێکەوە دەخولقێنێ.

**خامیسە:** قسـەی بێ سـەروبەر مـەکـە هـاروهـاج... بگرە (لێی ئەدا) بگرە.

**دەنگێکی دەرەکی:** (هـاوار و نـووزانەوەی منـاڵێکە... دەنگەکـە لـەگـەڵ



جـوولەی لێـوەکـانی عـەبدولسـەمیـعـدا جـووتە) دایە گـیـان لێم مەدە.. هـەر ئەمجارە لێم مەدە.

**خامیسە:** من دایکتم سەرسەری؟

**دەنگەکـە:** بە فـاتیـمـەی زەهـرا ئیـتـر هـاری ناکـەم... ئیـتـر شـەڕەشـەق ناکەم.

شانۆنامەی" گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی سێیەم

زەمەن لەم شانۆنامەیەدا زەمەنێکی ڕەهایە، زەمەنێکی دیاریکراو نییە و لە دەروازەکـانی فـۆرمی شـانۆی ناو شـانۆوە، وەک لەمـەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەو زەمەنە ڕەهایە چەمک و پێودانگەکانی خۆی دەخەملێنێ و زەمەنێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات.

**خـامـیـسـە:** لەم زەمـەنە ڕەهـایەدا، وەک عـەبدولسـەمـیع گـۆڕانکاری بەسەردا دێت و گەمەی ڕۆڵە جیاوازەکان دەکات، دایک، پیرێژن و خامیسە خۆی.

**خامیسە:** (دەوری پیرێژنێک دەبینێ) کوڕی خۆم کام ژنە ئەڵێی؟

**عەبدولسەمیع:** ئەو ژنە ئەڵێم کە لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێناوە.

**خامیسە:** ئا **خامیسە:** ئەڵێی (بەفێڵبازییەوە پێدەکەنێ) ئەو مانگە جـوانەی کـە هـەرگـیـز ون نابێ. من خـۆی و دایکی و باوکی... خـاڵە مـەئموون... دەناسم. لەڕەگوڕیشـەی خۆی و خـێزانەکـەی شارەزام.

شانۆنامەی" گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی سێیەم

بینەر لەم گەمەی زەمەنەدا، لەم پێکداچوون و یەکانگیرییەدا هەست بە بوونی زەمەن ناکات، بەڵکو بینەر بەوپەڕی سەربەستییەوە بەنێو زەمەن و شوێنەکاندا گوزەر دەکات، ڕادەبووڕێ، دێت و دەچێت، هەڵوێستە وەردەگرێت و ڕادەمێنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە شوێن وەک کۆمەڵێ هێما و وێنەی بزۆز و ئاماژە گوزارشت لە شوێنە جیاوازەکان دەکات، هەندێک جار ئەو شوێنانە لەنێوان تەختەی شانۆ، هۆڵی دانیشتن و ئامادەبوونی بینەراندا بەرجەستە دەبن.

عەبدولکەریم بەرشید لە هەناسەی چوارەمدا چەرخی زەمەن بە تەواوەتی دەگێڕێتەوە و ژیانی عەبدولسەمیعێکی منداڵمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەو ساتە دێرینەی ڕابردوودا **خامیسە**:ش دەبێتە دایک و پێکەوە پەیوەندییەکی تر پێکدەهێنن. ئەم ڕۆڵە نوێیە لەنێوان شانۆ و گەمەی زەمەندا عەبدولسەمیع هەڵدەسووڕێنێ و چارەنووسی کارەکتەرەکەشی بە چەندین ئاراستەی جیاوازدا دەبات.

عەبدولسەمیع دایکی لە **خامیسە**:دا دەبینێتەوە و لەهەمان کاتدا خۆیشی هۆشیارە بە ڕێسای گەمەکان، گەمەی دایک و منداڵ، گەمەی ژن و مێرد، گەمەی مێردمنداڵی و پیربوون.

بەڵام لە هەناسەی پێنجەم و کۆتاییدا عەبدولسەمیعێکی پیر دەگاتە وڵاتی سەیر و سەمەرە، زەمەن تێپەڕیوە و عەبدولسەمیعیش لە گەشتەکەی خۆی هەر بەردەوامە. یەکە یەکە مەرزەکانی چارەنوس و وڵاتان دەبڕێ تا دەگاتە وڵاتی سەیر و سەمەرە. سەرەتای کۆتایی و کۆتایی سەرەتای سەفەرگەلێکی ئەفسانەیی. سەفەر دابڕانە و دابڕانیش عەشق و ئازارە، دابڕان لە وڵات و دابڕان لە عەشق و



دابڕان لە خودی خۆی. ئەوەی دەشمێنێتەوە تەنها مشتێک خاک و خۆڵی ئەو نیشتمانە نەفرەت لێکراوەیە کە لە جانتای سەفەرەکانماندا دەمێنێتەوە. عەبدولسەمیع تەنها مشتێ خۆڵی نیشتمانەکەی بۆ ئاودیو دەکرێت، پەیوەندی بە خاک و وڵاتەوە، پەیوەندییەکی ئەبەدی و پێناسێکی هەتاهەتاییە.

**عەبدولسەمیع:** هەموو شتە گرنگەکان وا لەم جانتایەدان.

**خامیسە:** هەموو شتە گرنگەکان؟ وەک چی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** وەک مشتێ خۆڵ خامیسە.

**خامیسە:** ئەتەوێ شۆخی بکەیت.

**عەبدولسەمیع:** هەرگیز... مشتێ خۆڵم لەگەڵ خۆم برد و گوتم ئەوە نیشتمانە. لە شووشەیەکم هاویشت و لە سنوور ئاودیوم کرد. گوومرگ ڕایگرتم و گوتی ئەگەر شتێکی بەنرخت هەڵگرتووە قسە بکە. گوتم بەڵێ زۆر بەنرخ... کە بێ لە خۆڵ شتێکی دییان نەدۆزییەوە ڕێیان پێ دام بڕۆم... من خاکەکەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو خامیسە... تۆ و هەموو خەڵکیم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو خامیسە...

شانۆنامەی " گوێ بگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی پێنجەم

# هەناسەی یەکەم

عەبدولسەمیع ئەفسانە نییە لەبەردەم بۆشاییەکی
شوێنیدا .. جێگە ئێرەیە

کات... ئێستاکەیە. بێ لە پەردەیەکی رەش کە دەکەوێتە پشتەوە هیچی کە نابینرێت.

پەردەیەک بەتالاییەکی کۆتا نەبوو بەرجەستە دەکات. تا چاو بڕەدکات رەشاییە. لەناکاو دەنگی ئافرەتێک دەپرژێتەوە. بانگی کەسێک دەکات و دەنگی چەند جارێک دەنگ دەداتەوە.

**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع.

دەنگدانەوەکە: عەبدولسەمیع.. عەبدولسەمیع.. عەبدولسەمیع..

**دەنگەکە:** تۆ لە کوێی؟

دەنگدانەوەکە: تۆ لە کوێی؟ تۆ لە کوێی؟... تۆ لە کوێی؟

**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع بۆ قسە ناکەی؟

دەنگدانەوەکە: قسە ناکەی؟ قسە ناکەی؟ قسە ناکەی؟

**دەنگەکە:** گوێ بگرە.

دەنگدانەوەکە: گوێ بگرە... گوێ بگرە... گوێ بگرە..

**دەنگەکە:** هێی عەبدولسەمیع.

**دەنگدانەوەکە**: هێی عەبدولسەمیع... هێی عەبدولسەمیع.

(خامیسە پیرێژنێکە *لەناو خەڵکەکەوە دێتە دەرێ*)



**خامیسە:** ئەی نەفرەتی تۆ لە کوێی؟ تۆ لە کوێی؟ خەڵکی گەورە بوون و تۆ هێشتا گەورە نەبووی. پیربوون و مردن کەچی تۆ هەر تولفێکیت و یاری منداڵە چەتوونەکان ئەکەی. لە پڕێکا ون دەبیت و لەدووت دەگەڕێم.. خۆت لەبیر دەچێتەوەو لە دەستم ئەچی.. عەبدولسەمیع دەمکوژیت و لەجێی ئەوەی بۆم بگریت بۆت دەگریم. زۆر جار بە تەنیا سێبەرەکەت ئەبینم.. تێناگەم چۆن دەڕۆیت و جێم دەهێڵی بەبێ ئەوەی پرسم پێ بکەی. منت لەبیر چۆتەوە... دڵنیام منت لەبی رچۆتەوەو گوناهیشت نییە. ژنێکی وەک من ناقۆلا سیمای تۆی لەبیر چۆتەوە. (بۆ *خەڵکەکە*) لەناو ئێوەدا کەسێک هەیە عەبدولسەمیع بناسێ؟ لە شێوەی دەپرسن؟ هەموو شتێکی لەبارەوە ئەزانن. (*تیشکی ڕووناکی دەکەوێتە سەر شانۆ... عەبدولسەمیع بە جلوبەرگی شایەرییەوە دەبینین لەبەردەم سندووقی دنیادا ڕاوەستاوە*).

**شایەر:** بەڕێزان ئەگەر کەشکۆڵەکەم خاڵی بۆوە لە ڕۆمانێکی چڕوپڕ لە ڕۆمانێک کە گرێ و تەوەرە و کۆتایی هەبێ ئەوا بێ لە ژیانی خۆمان کە بەشێوەیەکی گەورە و بەرجەستەکراو پێکەوە تیا دەژین شتێکی دی شک نابەین. دەیخەینە تاقیگەوە تا لەژێر میکرۆسکۆبێکی گەورەوە لێی بڕوانین. تووڕە مەبە و بەخۆشتا مەنازێ. خۆت یان کەسێکی دی تیا دەبینیت. بەڕێزان گومان لە هەموو شتێ بکەن. یەقین... مەرگ و نەبزۆکی و جێگیربوونە. گومان بۆ خۆی زیندەگییە. هەموو ئەو شتانە تووڕدەن کە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە گوتراوە. مێژووش بە تەنیا ڕۆمانێکە حیکایەتخوانەکان پڕیان کرد لە درۆ.

**خامیسە:** حیکایەتخوانەکان... عەبدولسەمیع حیکایەتخوانەکان زۆر شتیان لەبارەتەوە گوت بەڵام هەمووی درۆ بوو... هەموو ئەوانەی کە پێیان گەیشتم و هەواڵی تۆیان دامێ درۆیان کرد. گەڕان لە دووت شەکەتی کردم. پێڵاوەکانم هەلا هەلا بوون و ئێستاش پێم پەتییە. بە هەناسەبڕکێوە ئەوەندەت لە دوو گەڕام خۆشم ون کردووە. لە بازرگانەکانم پرسی... لە باڵندە کۆچەرییەکان... لە ڕەشەبای هەر چوار لام پرسی.. لە هەموو خەڵک... کەس هەواڵی تۆی پێ نەبوو... بۆ وام پێ دەکەی عەبدولسەمیع.. بۆچی کە تۆ بانگ دەکەم بێجگە لە دەنگدانەوەکەی خۆم گوێم لە وەڵامێکت نابێ ؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە ؟ ئەمجارە گوێم لە دەنگدانەوەکەی خۆشم نەبوو... قسەی خەڵکیشم گوێ لێ نییە. ئەزانی عەبدولسەمیع گەر ئەم گۆچانە نەبوایە بۆم نەدەکرا ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژانە بە دواتا بگەڕێم. (ڕووناکی دەچێتە سەر شایەر)

**شایەر:** نە جلوبەرگی حیکایەتخوان دەپۆشم و نە گۆچانەکەشی هەڵدەگرم. خەڵک و ڕووداوەکانیش لەنێو وشەدا بەند ناکەم. لە دنیادا ئەوەندەم بەسە خەونێکی بەکۆمەڵی ببوژێنینەوە تا سنوورەکانی نێوان شیاو و نەشیاو... نێوان ئەوەی بەیانی دێ و ئەوەی لەمەوبەر ڕوی داوە لابەرێت. بەڕێزان سەرباری وشە و ئاواز و دەستەواژە و تەن و وێنەکانیش هێشتا بەشێکی فراوانی ژیانمان نوقمی بێدەنگییە. ئەمشەو عەزیزان شۆڕ دەبینەوە نێو سێبەر و نەبزۆکی و تاریکی و بێدەنگی.

(ڕووناکی دەچێتە سەر خامیسە کە شوێنی خۆی گۆڕیوە)



**خامیسە:** بەڵام بێدەنگی ترسناکە... ترسناکە وەکو تاریکی و هەورە بوروسکە و لافاو و ونبوونی عەبدولسەمیع... ئا ون بوو.. ڕۆژێک دەرگای حەوشەی ترازاندو ڕۆیی... وتی زۆرم پێ ناچێ دێمەوە. کەچی تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە (بۆ پیاوێک لە ناو خەڵکەکەدا ڕۆژنامەی پێیە) تۆ کابرا... نا تۆ نا... لەگەڵ ئەوەمە کە ڕۆژنامەکەی پێیە؟ توخوا پێم بڵێ هەواڵەکان چی دەڵێن؟ دنیا دڵنیایی تیا ماوە؟ (وەڵامێکی ئازاد) بەپێی ئەوەی کە نامەکان باسی دەکەن خەڵکی ئاسوودەن و بێ لە تەماشاکردنی ئێمە خەمێکی تریان نییە؟ (وەڵامێکی ئازاد) ئایا ڕاستە سڵاومان لێ دەکەن... لە گەورە و بچووکمان... لە داراو نەدارامان.. لە نەخۆش و چاکمان... لە بەختەوەر و بەدبەختمان؟ دەکرێ شتێکمان لەو ڕۆژنامەیە بۆ بخوێنیتەوە؟ کەواتە عەبدولسەمیع ونبوو. بێگومان ئێستا لەناو کوژراوەکاندا کەوتووە یان لەناو زیندانییەکاندا زیندانییە، کێ پێدەزانێ؟ کێ دەڵێ لانەوازێک نییە لەنێو لانەوازەکانی دنیادا یان برسییەک نییە لەنێو ملیۆنەها برسییا. (بانگ دەکات) هێی عەبدولسەمیع... گوێت لە دەنگمە؟ تۆ لەکوێی؟ کێ دەڵێ ئێستا لە زیندانێکی تەزیوا نیت.. پێم بڵێ تاریک و خنکێنەرە؟ کێ دەڵێ لەناو هەورا نیت.. پرچەکانی خۆمت بۆ ڕایەڵ بکەم و بێمە لات؟ تۆ لە کوێی؟ چاوم لێیە زیندەبەچاڵت ئەکەن... خۆم بکوژم و بێمە لات؟ بێ شیوەن و لاوانەوە.. بە بێ یارییە مناڵانەکان بێمە لات؟ تۆ لە کوێی؟ (ڕووناکی دەچێتە سەر شایەر)

**شایەر:** بەڕێزان بەو حیکایەتانە تەفرە مەخۆن کە ڕەگ و ڕیشەیان

لەنێو ئەم ڕۆژگارەیا داکوتاوە. ئەمڕۆ ڕۆحی واقیعمان دەوێ... دڵ و هەناویمان دەوێ. بەڕێزان.. هەموو سەردەمەکان لەمشەو ئاهەنگەدا چڕ کراونەتەوە. لە ماوەی کاتژمێرێک یان زیاترا هەموو پاشاکان بانگهێشت دەکرێن و دێنە لامان تا لەم فەزا دیاریکراوەدا کە هەموو پێی دەڵێن ئێرە لەگەڵمانا... کۆ ببنەوە.

**خامیسە:** (*دەڕواتە سەر شانۆ*) بێ لەو خەڵکەی کە هاتوون تەماشا بکەن کەسی دی لێرە نییە.. ئەمە کارەساتەکەیە.. ئا بەڕێزان ئەوە بزانن کە تەماشا کردن گوناه و تاوانە. چونکە لەم ئاهەنگەدا بێ لە ئێوە کەسی کەی لێ نییە. ئەو چاوانە چاوی ئێوەن کە سەرقاڵن بە تەماشا کردنەوە. ئێوە دەڕوانن و سەرنج ئەدەن.

**شایەر:** (*حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە*) بەڕێزان گوتمان نیگاکانی لەسەر بزمارەکە ڕوان دو ڕۆێ... تەپوتۆزی لەخۆ تەکاند و کەلوپەلەکانی ئیشکردنی تووڕدا و کچەکانیشی بەجێ هێشت... کەس نازانێ بۆ کوێ چوو...

**خامیسە:** لە کوێوە بزانم... چۆن کەسێک شتێکی لەبارەوە بزانێ نێراوێک یان نیشانەیەکمان بۆ نەهاتووە ؟

**شایەر:** چۆن ون بوو؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە خەڵکی سەرسام کردووە. قسەو قسەڵۆک زۆرەو هەریەکە لە ئاوازێک دەخوێنێ. بەڵام ئەمانە هەمووی درۆ و دەلەسەن.

**خامیسە:** بەڵێ درۆ ئەکەن.. درۆ ئەکەن ئەگەر بڵێن لە دەست من ڕایکردووە.

**شایەر:** ئەڵێن لەتاو زەبرو زەنگ ڕایکرد.. لێرە بەردەوام تاسێنرابوو.



**خامیسە:** من وام لێ نەکردووە.

**شایەر:** ئەڵێن سنوورەکان تاساندوویانە.

**خامیسە:** من سنوور نیم.. من خامیسەم.

**شایەر:** بەدوای سەرچاوە نوێکانا دەگەڕا.. وێڵی تەمەن و هەناسە نوێکان بوو.. لەتاو شتە سواوەکان ڕایکرد.. لەدەست ئەو ڕایکرد بەڕێزان.

**خامیسە:** (بەتووڕەیی) درۆیە... عەبدولسەمیع لەدەست من ڕای نەکرد.

**شایەر:** لەدەست ئەو شارە ڕایکرد کە پڕی بوو لە زەبرو زەنگ.

**خامیسە:** شار؟

**شایەر:** شارێک کە لەژوور سەریەوە وەک پاڵەوان ڕاوەستاوە.. پێ بۆگەنەکانیشی لە سەرو هەموو شتێکەوەیە. مێشکی پڕ حیکمەتی ئەو کەوتبووە ناو قوڕو لیتەوە لەو زیندانە هەڵات کە جۆرەها ناوی لێ نراوە.. ئەو زیندانەی هەر جارە ڕەنگێک دەپۆشێت.. وەختێک بە شووشە و وەختێکی دیش بە ئاڵتوون دەڕازێنرێتەوە. بەڵام هەرچییەکی لێ بکرێ هەر زیندانە.

(*خامیسە لە شایەرەکە بەئاگا دێتەوەو لێی دەچێتە پێشێ*)

**خامیسە:** کابرا تۆ باسی کێ دەکەی؟

**شایەر:** من بەکاری خۆمەوە سەرقاڵم.. کاری من ئەوەیە قسە بۆ خەڵکی بکەم.

**خامیسە:** چییان پێ ئەڵێی؟

**شایەر:** یاداشت و داستان و حیکایەتە سەیرەکانیان بۆ دەگێڕمەوە.

**خامیسە:** (*بەسەر سورمانەوە لێی دەڕوانێ*) سەیرە؟

**شایەر:** چی سەیرە ئافرەت؟

**خامیسە:** تۆ سەیری... کتومت لەو ئەچی.

**شایەر:** لە کێ ئەچم ؟

**خامیسە:** لە عەبدولسەمیعی مێردم.. بە گەورەیی خوا لە هەموو شتێکا بەو ئەکەی. لە وەستانتان... لە جلوبەرگ و قسەکردنتان.

**شایەر:** من ناوم عەبدولبەسیرە.. عەبدولبەسیری نابینا.. وەک ئەمبینی شایەرم.

**خامیسە:** ئەو داهێنەرێکی سەرسوڕهێنەر بوو... شایەر ئەو موعجیزە بوو.

**شایەر:** ئەو کەسەی عاشقی ئەبین دەبێ ئاوا لێی بڕوانین.

**خامیسە:** تۆ بەو ئەچی ئەی شایەر.

**شایەر:** ئەو کەسەی عاشقی ئەبین لە هەموو سیماکانا ئەیبینینەوە.

**خامیسە:** بەڵێ خەڵکی هەموو وایانگوت.. گوتیان لەناو هەموو دەنگەکانا گوێت لە قسەکانی دەبێت و لەونبوونیدا ئامادەبوونی دەبینی. پێم بڵێ شایەر کەمێک لەمەوبەر باسی ئەوت کرد... چیرۆکی ئەوت دەگێڕایەوە.. بەڵام عەبدولسەمیع حیکایەت و ڕۆمان نییە.

**شایەر:** عەبدولسەمیع؟ من ئەو ناوە ناناسم ئافرەت.. من ئێستا لە دەمی تۆوە ئەو ناوەم بیستووە... ئەوەی من باسی دەکەم ئەفسانەی مناڵە.



**خامیسە:** ئەفسانە... ئەفسانە کێیە؟

**شایەر:** ئەوە پرسیارێکی ئەوەندە ئاسان نییە کتوپڕ وەڵامت بدەمەوە.. ئەفسانە لە سیفات و وشەکان باڵاترە.

**خامیسە:** هەوڵ بدە ئەوە کاری تۆیە.

**شایەر:** ئەو... ئەو مناڵێکی گەورەیە.

**خامیسە:** کەواتە لە عەبدولسەمیع ئەچێ..

**شایەر:** گەورەبوون و پیربوونی وەلاوە نا و دیار نەما. بەرەو شوێنێک هەلات شەویش پەی پێ نەبات. پیری و نەخۆشی و مەرگیش پێی ڕانەگات. لەوێ هەژاری و برسێتی و ئازار و ئەشکەنجە و خنکان و سەرو خوار نییە.

**خامیسە:** ئەی شایەر دەکرێ کەمێک بۆم وەسف بکەیت.

**شایەر:** لەناو چاوەکانیا چینێک تاریکی هەیە.

**خامیسە:** هەتا ئەو داماوەش.

**شایەر:** تاریکییەک چین لەسەر چین... تاریکییەک ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەو ڕووناکیش لەئاستیا دەستەوستانە. ڕەشەبا کۆچەرییەکان بە فەرمانی ئەو هەڵدەکەن و باڵندەکانیش لە قسەی دەرناچن... کە لەبەردەم دەریادا ڕادەوەستێ شەپۆلەکانی لە شەرما کەنارو ڕووگەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن.

**خامیسە:** بەخاتری عەبدولسەمیع؟

**شایەر:** نا بەخاتری ئەفسانە ئافرەت.

**خامیسە:** (*بۆ خۆی*) ئەو عەبدولسەمیعەی کە من بەردەوام بەچاوێکی

نزمەوە تەماشام ئەکرد ئەو هەموو کارەی پێ هەڵدەسووڕێ. پێی گوتم داهێنەرم... باوەڕم پێ نەکرد باسی موعجیزە و داهێنراوەکانی خۆی بۆ کردم و لێی تێ نەگەیشتم. هەمیشە پێی دەگوتم ئای کچەکەی خاڵە مەئموون تۆ چەند بێئاگای لە هونەرو زانست.

(*بە ئازارەوە پێدەکەنێ*)

**شایەر:** باسی کێ ئەکەی ئافرەت؟

**خامیسە:** باسی عەبدولسەمیع ئەکەم.

**شایەر:** عەبدولسەمیع کێیە؟

**خامیسە:** ئەویش بۆ خۆی ئەفسانەیە... باوەڕی پێ ناکەین بەڵام حەقیقەتە. حەقیقەتە وەکو تاریکی و ڕۆشنایی.. وەک ئێمە کە لەم شوێنەداین.

**شایەر:** ئافرەت من باسی ئەفسانەت بۆ ئەکەم.

**خامیسە:** ئەویش بۆ خۆی ئەفسانەیە.

**شایەر:** دوور ڕۆیی ئافرەت.. زۆر دوور کەوتەوە.. چاوی بەخۆر کەوت دەسووتا.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع دەڵێی؟

**شایەر:** مانگی بینی چۆن تیشک و ڕۆشنایی دەچنێ... ئەفسانە دوای ئەو هەموو گەشتە نامۆیانەی گەڕایەوە!

**خامیسە:** کابرا گوتت گەڕایەوە؟

**شایەر:** لەو گەشتانەیدا جنۆکە و شەیتان و خێڵەکانی دێو و درنج و قەزەم و پیاوخۆرەکانی دی.



**خامیسە:** ئەمەوێ بیبینم کوا لەکوێیە شایەر؟

**شایەر:** کێ ببینی؟

**خامیسە:** عەبدولسەمیع دەڵێم.

**شایەر:** من باسی ئەفسانە ئەکەم.. ئەفسانەش بۆخۆی ئەفسانەیە بە تەنیا ئەفسانەیە بۆ خەڵکی دەگێڕمەوە تا ئەندێشە و سەرسوڕمان و خۆشییان پێ ببەخشم. من لە بارەی ئەو شتە ئەندێشاوی و سەیرو سەمەرانەوە بۆیان ئەدوێم بەڵام واقیع بۆ خۆی لە هەموو حیکایەتەکانی من ئەفسانە لە حەقیقەتا ئەفسانەیە بەڵام حیکایەت لە هەموو کاتێکا حیکایەت نییە.

**خامیسە:** شایەر گوتت گەڕاوەتەوە.

**شایەر:** بەڵێ... گەڕاوەتەوە تا باسی شتە سەیرو سەمەرەکان بکا... بە خەڵکی گوتووە بۆ ئەو ڕۆژگارە گەڕاومەتەوە کە لەمەوبەر هەبووە..

**خامیسە:** ئەوە مەحاڵە...

**شایەر:** خەڵکەکەش هەر وایان گوت.. گوتیان مەحاڵە.. باوەڕیان پێ نەکرد ئافرەت. ئێمە ڕاهاتووین باوەڕ بەو شتانە نەکەین کە لە تێگەیشتنی خۆمان گەورەترە. لەبەرئەوە بە شتە نامۆکانیان گوت..

**خامیسە:** ئەفسانەیە.

**شایەر:** بە شتە سەیرەکانیان گوت..

**خامیسە:** ئەفسانەیە. پێیان گوت ئەفسانەیە

**شایەر:** هەموو ئەو شتانەی کە بۆ خەڵکی باسکرد

**خامیسە:** ئەفسانەیە... ئەفسانەیە... ئەفسانەیە..

**شایەر:** ئەوەی بۆ خەڵکەکە باس کرد کە بۆتە هەمنشینی سواڵکەران.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع وای کردووە؟ هەمیشە ئامۆژگاریم کردووە کە هاوڕێیەتی سواڵکەر و بێلانەکان نەکات.

**شایەر:** پێی گوتن بۆتە شەنفەری و تێکەڵاوی شیرا و عەروە بووە. لە گەڵیاندا سواری ئەسپ بووە.. شمشێر و قەڵغانی هەڵگرتووە. لەسەر یەک خوان نانیان خواردووە و وەک ئەوانیش ژیاوە.

**خامیسە:** شەنفەری؟ شیرا و عەروە؟! من ئەو ناوانە ناناسم. لەوە دەچێ ئەوانە چەتەو ڕێگر بن.. وانییە شایەر؟

**شایەر:** نا بە هەڵەدا چووی ئافرەت.. ئەمانە ئەو پیاوانەن کە بە یاسای خوارو خێچ قایلنین.

**خامیسە:** چەندین جار هەڕەشەم لێ کردووە بەڵام عەبدولسەمیع گوێی پێ نەداوم.

**شایەر:** زۆر شتی کەشی باس کرد.

**خامیسە:** وەکو چی شایەر؟

**شایەر:** وتی چووم بۆ دۆڵی بلیمەتان... باوەڕ ناکەم تۆ ناوی ئەو دۆڵەت بیستبێ.. دۆڵی بلیمەتان ئەو شارەیە کە شاعیرە شەیتانەکانی لێ ئەژین.. هەندێک دەڵێن پاریســـــە و هەندێکیش دەڵێن هۆڵیوودە.. لەڕاستییا هۆڵیوودە. خوا ئەزانێ..

**خامیسە:** لەوێ شەیتان و جنۆکەی بینیوە؟

**شایەر:** بەڵێ دیویەتی و چۆتە لایان و قسەی نەستەقیشی لەگەڵ کردوون.. هەر ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەکان بڵاویان کردۆتەوە. لە



گۆڕەپانەکانی ئەدەب و هونەر و فۆلکلۆر و ئابووری و بازرگانی و سینەماشدا هەرایەکی گەورەی بەرپا کردووە هەموو شەیتانەکانی دیوە.. مەجاگی و بنێس و راجیع و ئیبن مەیموون و سەرغینی و سولامی.

**خامیسە:** ئەو ناوانە کێن شایەر؟

**شایەر:** ئەوانە شاعیرەکانی مەغریبن.. ئەفسانە بۆ خۆی وای گوت. خوا ئەزانێ..

**خامیسە:** مەغریب؟ مەغریب چییە؟

**شایەر:** ئاه... ئەو پرسیارە زۆر سەخت و ترسناک و ئاڵۆزە... پێویستی بە کەمێک زانیاری و کەمێکیش نەزانینە. هەمیشە خوا ئەزانێ... پاشاکانەو خاوەن ڕێبازەکان گوتیان وڵاتێکە لەسەر ئەم زەمینە.

**خامیسە:** ئەوە زانیم کە وڵاتێکە بەڵام دەکەوێتە کوێوە؟

**شایەر:** دەکەوێتە کوێوە؟ پێیان وایە دەکەوێتە خوارووی ئەم زەمینەوە ئەی دایکی حەق خوا ئەزانێ هەمیشە خوا ئەزانێ.

**خامیسە:** چۆن؟ عەبدولسەمیع گەیشتۆتە خوارووی زەمین ؟

**شایەر:** بێجگە لە ئاو لەودیو ئەو وڵاتەوە هیچیتری لێ نییە... تەنیا ئاوی لێیە.. شارەزاکان ناویان لێ ناوە دەریای تاریکی. ئەوەی بچێتە ناوییەوە بەجۆرێک لە پەلوپۆ ئەکەوێ لەپێش و دوای بەڵایەک بمانپارێزێت و هیچ خۆیەوە تەنیا مردن ئەبینێ.. خوا لە هەموو شتێکی خراپیش نەهێنێتە ڕێی تۆ ئافرەت.

**خامیسە:** ئەوەی نەمویستووە تووشم بووە و ئەوەشی نەدەبوو ڕووبدا ڕووی دا.

**شایەر:** چی ئەڵێی؟

**خامیسە:** تازە عەبدولسەمیع تیا چوو... تاریکی هەڵیلووشی.

**شایەر:** ئەفسانە نامرێت... حیکایەتەکە وا دەڵێ ئافرەت.

**خامیسە:** چ پەیوەندییەکمان بە حیکایەتەوە هەیە ؟

**شایەر:** حیکایەتەکە دەڵێ گەڕاوەتەوە... گەڕاوەتەوە تا بە خەڵکی بڵێ لەگەڵ خدری زیندەیا بووم. سەردەمانێک لەگەڵیا بووەو فێری هەموو زانست و هونەر و حیکمەتە هەمیشەییەکانیشی بووە.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع کاری وای کردووە؟

**شایەر:** دەڵێ بەسەر سنگی دەریادا ڕۆیشتووم و کەنارە هەرە دوورەکانم تەی کردووە. لەوێ درەختی سەیری دیوە... درەختێک هەموو میوەکانی گرتووە... بەیانیان هەنار... پاش نیوەڕۆ سێو... دەمەوئێوارانیش لقەکانی هێشووە ترێیان گرتووە ترێی سپی و ڕەش و سەوزو سوور و شین سەیرو سەمەرەی وای دیوە ئێمە باوەڕی پێناکەین بەڵام ئەو شتانە هەمووی ئێمە درکیان پێ ناکەین. ئەگەر لێرە نەبن لە شوێنی تر هەن... ئەگەر من و تۆ نەیبینین کەسێکی تر دەیبینێ. ئەفسانە ون بوو. هیچ شتێکی لەگەڵ خۆی نەبرد. تەنانەت توێشەبەرەش.. ڕۆیشت و ئەوی لەدوای خۆی بەجیهێشت.

**خامیسە:** بەڵێ منی بەجێ هێشت شایەر.

**شایەر:** لەدوای خۆیەوە دایکێکی کوێری بەجێ هێشت هەواڵی ئەفسانەی لە کاروانەکان دەپرسی.

**خامیسە:** دایکی عەبدولسەمیع نەماوە... لەمێژە مردووە.

**شایەر:** مردووە؟



**خامیسە:** بەڵێ هەر لە یەکەم ڕۆژی یەکترناسینمانەوە وای پێ گوتم.

**شایەر:** بەڵام من باسی ئەفسانە ئەکەم.. ئەو ئەفسانەیەی کە دایکی لەدووی دەگەڕا.. بەدوایا چووە سەر چیاکان... شۆڕبۆوە بۆ ناو دۆڵەکان... هەواڵی کوڕەکەی لە هەموو کون و قوژبن و بازاڕەکانی دنیا پرسی.. بە پێی پەتی دەهات و دەچوو بە سەرو قژی ڕووتەوە هاواری بۆ هەموو شوێنەکان دەکرد.

**دەنگەکە:** (*لە دەرەوە دەنگ ئەداتەوە*) ئەفسانە... ئەفسانە... ئەفسانە..

**خامیسە:** ئەوە کێیە لە جێی من بانگی عەبدولسەمیع دەکات؟

**شایەر:** ئەوە دەنگی دایکی ئەفسانەیە.

**خامیسە:** نا ئەوە دەنگی منە.

**شایەر:** چی دەڵێی؟

**خامیسە:** بەڵێ... ئەوە دەنگە دیارو ماندووەکەی منە... دەبێ کێ لە منی دزیبێت و لە شوێنی من بانگی پێ بکات؟ تۆ بڵێی دەنگدانەوە بێ؟ ئەی دەنگدانەوە چییە؟ لە کوێ خۆی حەشارداوە؟ چۆن پێیبگەم؟ چۆن؟ ئەوەی گوێت لێیە تەنیا دەنگی منە.. جوان گوێ ڕادێرە هەموو شتێ بەڕوونی ئەبینی. عەبدولسەمیع وێنەیەکی ڕەسەنە.

**شایەر:** ئەی ئەفسانە ئافرەت؟

**خامیسە:** ئەفسانە ؟ ئەفسانە سێبەرەکەیەتی... تەنیا دەنگدانەوەیە شایەر. دەنگدانەوەی دەنگی عەبدولسەمیعە. (بەسەر شانۆدا دەخولێتەوە و بانگ دەکات) عەبدولسەمیع... عەبدولسەمیع... عەبدولسەمیع .

**شایەر:** ئافرەت تەواو لە ئیشوکارت کردم.

**خامیسە:** کاری تۆ چییە؟

**شایەر:** کاری من ئەوەیە باسی ئەفسانە بۆ خەڵکی بکەم.

**خامیسە:** بەڵام عەبدولسەمیع حیکایەت نییە.. هەموو هەناسەکانم هەڵئەگرمەوە و جانتاو کەلوپەلەکانم کۆ ئەکەمەوەو ئەڕۆم.

**شایەر:** بۆ هەتاهەتایی دەڕۆی ئافرەت؟

**خامیسە:** وەک عەبدولسەمیع دەگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە لەمەوبەر هەبووە.

**شایەر:** کەواتە وا باشترە وەک من سواری کەشتی حیکایەت بیت.

**خامیسە:** بۆچی حیکایەت؟

**شایەر:** چونکە تەنیا ئەو بۆی دەکرێ شتەکان بگەڕێنێتەوە؟

**خامیسە:** بەڵام نامەوێ وەک تۆ شتەکان بگێڕمەوە.

**شایەر:** ئەی کەواتە چیت ئەوێ؟

**خامیسە:** ئەمەوێ سەرلەنوێ لە دایک ببمەوە.

**شایەر:** ئەوە مەحاڵە ئافرەت؟

**خامیسە:** سەیرە... ئەوە تۆی وا دەڵێی شایەر تۆیەک هەمیشە بەدەم گەشتەوە دەمریت و دەژێیتەوە. سنووری هەموو مەحاڵ و نەکردەکان دەبڕیت و دەچیتە ئەودیو ئاسۆکانەوە. تۆیەک کە هەموو کەشتییەکانت بەهەواڵ و نهێنی و ئەندێشە و شتە سەیرەکانەوە دەگەڕێنەوە.

**شایەر:** ڕاستە من گەشت ئەکەم بەڵام تەنیا لەڕێگەی پیتەوە.

**خامیسە:** پیت چییە شایەر؟



**شایەر:** پیت.. وشە و وێنە و دەستەواژەیە..

**خامیسە:** بەڵام من دەمەوێ بە تەواوی سەفەر بکەم.

**شایەر:** تۆ پرسیاری مەحاڵ دەکەی.

**خامیسە:** مەحاڵ هیچ بوونێکی نییە.

**شایەر:** نەخێر هەیە ئافرەت.

**خامیسە:** لەوانەیە هەبێ بەڵام تەنیا لە مێشکی پەککەوتەکانا هەیە. نامەوێ ئەم پەککەوتەییە بمکوژێ. دەبینی شایەر چۆن چیرۆکەکەم سەرلەنوێ دەژێنمەوە دەبێ عەبدولسەمیع لەبەردەمی خۆتا ببینی... دەیبینی ئاهەنگ دەگێڕێ و خەون دەبینێ و.. ئازار دەچێژێ و خۆشی دەبینێ.. ئەمجارە هەڵەکانم دووبارە ناکەمەوە ناهێڵم عەبدولسەمیع بڕواتە دەرێ.. بۆی باس کردم کە ئەحکامی عورفییان دەرکردووە.. باوەڕم پێ نەکرد.. پێی گوتم هاتوچۆ قەدەغەیە و ڕێگە بە خەون نادرێ و شادیش کۆت کراوە.. باوەڕم پێ نەکرد. یاریدەم بدە ئەی شایەر.

**شایەر:** یاریدەی چیت بدەم؟

**خامیسە:** دروستکردنەوەی خانووەکەم... ئەمەوێ چۆن بووە ئاوا دروستی بکەمەوە.

**شایەر:** بەڵام من کرێکاری خانوو نیم ئافرەت.

**خامیسە:** پێویستم بە کرێکار نییە... ئەوەندە بەسە هەندێک کەلوپەلی خانوو ئامادەکەین هەروەکو خانووە کۆنەکەمان... یاریدەم بدە... جارێ ئەو دەرگایە بێنە.

**شایەر:** یاریدەت بەم؟ بۆم ناکرێ.

**خامیسە:** چۆن بۆت ناکرێ؟

**شایەر:** چونکە کوێرم.

**خامیسە:** نەخێر کوێرنیت... تۆ تەنیا چاوت نووقاندووە و گۆچانت بەدەستەوە گرتووە لەپت بۆ بۆشایی ڕاخستووە و گوێت بۆ ئەو دەنگە هیچ و پووچانەی دەوروپشتت ڕاگرتووە. وەک خواردنیش بە ئەندێشە کیفایەتت کردووە. خەڵکی سەرقاڵی ژیانن بەڵام تۆ تەنیا خەریکی گێڕانەوەیت. تۆ بەردەوام لێرەدا گیرت خواردووە... خەڵکی بەرەو ژوور هەڵدەکشێن تۆ لە قوڕاوا مەلە ئەکەی... تۆ لە هەموو شتێکا بە عەبدولسەمیع دەچی.. واز لەم لاوازی و خۆ کوێرکردنە بهێنە... لەو گۆچانە خۆت ئازادکە. تورێدەی ڕۆشنایی دێتەوە چاوانت.

(*گۆچانەکەی لێ دەسەنێت و فرێی ئەدا*)

**شایەر:** ئەو گۆچانەم بدەرێ ئافرەت... لەم دنیا تاریک و نووتەکەدا ئەوە ڕێنیشاندەر و بیناییمە... ئەو گۆچانەم بەرێ.

**خامیسە:** تۆ چاوت دەبینێ... گۆچانت بۆ چییە؟

**شایەر:** بۆ چی وات کرد ئافرەت بۆ؟

**خامیسە:** چونکە کوێربوون بەڵگەنامە و مەدالیا نییە... حیکایەت گێڕانەوەش کارو پیشە نییە. ئەو جلوبەرگە تووڕدەو یارمەتیم بە.

**شایەر:** دەتەوێ چیت بۆ بکەم؟

**خامیسە:** دەمەوێ هەندێ شتومەکم لەگەڵا هەڵگری تا ماڵەکە وەکو



خۆی دروست کەینەوە. خێرا بیهێنەرە ژوورێ (شایەر دەگەڕێتەوە ئەودیو کەوالیس و دەرگایەک دەهێنێ) لێرەدا دەرگایەک هەبوو.. دەرگا پێش هەموو شتێکە چونکە باڵاو ڕوخساری ئێمەیە. هەموو شتەکان ناهێنین... گرنگ ئەوەیە ئەو شتانە هەبن کە تامی ماڵ ئەیا نەک ماڵ خۆی. (شایەر ئەبینرێ پاڵ بە چرپایەکەوە دەنێ) چرپای نوستنەکە لەولاوە دائەنێین... با لە وەرشەکەی عەبدولسەمیعەوە دوور بێت. تۆ ئەزانی داهێنەرێکی مەزنە و لە هەموو کاتێکا ئیش دەکات... لەبەر ئەوە زۆرجار بە دەنگە سەیرەکان بێزارم ئەکات.

(*شایەرەکە دێتە ژورێ و گڵۆپێکی سەرمێزی پێیە*) جارێ کاتی ئەوە نییە... چونکە کارەبای ئەم ماڵە دەبێ چاک بکرێتەوە.. چەندجار بە عەبدولسەمیعم گوتووە چاکی بکاتەوە بەڵام گوێی پێ نەداوە. هەموو جارێک پەیمانی داومەتێ و دواجار پەیمانەکەی شکاندووە. بەڵام دڵنیام ئەمجارە چاکی دەکاتەوە.. ئەو لایەی کە وەرشەکەی عەبدولسەمیعی لێیە پەرشو بڵاوە. ئەو پەرشوبڵاوییە مانای کەمتەرخەمی نییە... نا... نا... ئەم پەرشوبڵاوییە لە بلیمەتییەوەیە.

(*شایەرەکە جارێکی تر دێتە ژووری و ئاشێکی هەوایی دێنێتە ژوورێ*).

**شایەر:** ئەم شتە سەیرە چییە ئافرەت؟

**خامیسە:** ئەوە ئاشی هەواییە... عەبدولسەمیع دروستی کردووە. ئەو ئەسپەش بهێنە ژوورێ.

**شایەر:** من هیچ ئەسپێک نابینم.

**خامیسە:** با ئەسپێکی دارینەی لێیە... لەوێیە... لەو گۆشەیەدایە ئەویش عەبدولسەمیع دروستی کردووە.. بۆ منداڵەکانی دروست کردووە یاری پێ بکەن. ئەو منداڵانەی کە هێشتا لەدایک نەبوون... زۆر دواکەوتن بەڵام هەر دێن. (*ئەسپە دارینەکە دەهێنێت و دەچێتە دەرێ... خامیسە دەچێتە سەر چرپاکە... چرایەکی بەدەستەوەیە دەیەوێت بنوێت*) ئەو دەمە شەو بوو... عەبدولسەمیع لە وەرشەکەدا ئیشی ئەکرد بەڵام من ماندوو بووم خۆم بۆ نووستن ئامادە ئەکرد. (*لەودیو کەوالیسەکانەوە دەنگە دەنگێ لە وەرشەکەوە دێ*) تۆزێ بە بێدەنگی ئیش بکە عەبدولسەمیع *نابینی* من دەمەوێ بنووم. (*لێفەکە ئەدا بەخۆیاو چراکە دەکوژێنێتەوە*)

تاریکی



# هەناسەی دووەم

عەبدولسەمیع داهێنەر بوو

عەبدولسەمیع دەبینین کە هەمان کەسایەتی شایەرەکەیە بەڵام لەو گورجوگۆڵترە. لەناو پارچەیەک ڕووناکیدا ڕاوەستاوە و لە داهێنراوەکانی ورد ئەبێتەوە.

**عەبدولسەمیع:** (*بە خۆشییەکی منداڵانەوە هاوار ئەکات*) خامیسە.. خامیسە.

**خامیسە:** لێم گەڕێ ئەمەوێ بنووم.

**عەبدولسەمیع:** خامیسە.. ئەخولێتەوە.. ئەخولێتەوە.

(*بەخۆشییەوە سەرچەفەکەی لەسەر لائەبا*)

**خامیسە:** ئەخولێتەوە؟! چی ئەخولێتەوە عەبدولسەمیع؟

(*هەڵەستێ، ئەویش گەنج بۆتەوە*)

**عەبدولسەمیع:** ئاشەکە ئەڵێم خامیسە.. ئاشەکە. بۆ دواجار دەستی کرد بە خولانەوە. خولایەوە.. چاوەکانت هەڵبڕەو جوان لێی وورد بەرەوە.. لەو شتە وردبەرەوە کە من دامهێناوە و دروستم کردووە. بەڕاستی من بلیمەتێکی سەرکێشم خوا شەڕی دەبەنگی ئەکا.. شەڕی دەبەنگەکان.. کەس لەم وڵاتەدا شان لە شانم نادات.. بەڵام گرنگ نییە.. بخولێرەوە ئەی پانکەکە.. هیچ شتێک بەخۆڕایی دروست نەکراوە.. چۆن ئارەزوومە و نەخشەم

بۆ کێشاوە ئاوا بخولێرەوە. هیچ شتێک بەرێکەوت ناجووڵێ. کاتێک ئەمە ئەجووڵێ ئەوەش ئەجووڵێ. هۆو هۆکاری یەکترین.. بێ یەکدی هەڵناکەن.. ئا ئەوەیە زانست.

(بەسەرکەوتووییەوە پێدەکەنێ) ئەی شتەکان بخولێنەوە.

**خامیسە:** (چاوی هەڵئەگلۆفێ) هیچ شتێک ناخولێتەوە عەقڵت نەبێ. لە پانتاییەکی رەهادا ئەخولێتەوە. شەو و ڕۆژ بەو قسە پڕوپووچانەت مێشکت بردووم.

**عەبدولسەمیع:** لەخەو ڕابە ئافرەت.. هەموو ئەو خەڵکە نوستووەش لەخەو هەستێنە.. ئەمە کاتی نوستن نییە..

**خامیسە:** گوێ بگرە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** چۆن گوێ بگرم.. کە ئەو هەموو هەراو زەنایە هەبێ کێ ئەتوانێ گوێ بگرێ ئافرەت.

**خامیسە:** هەراو زەنا ؟

**عەبدولسەمیع:** تەنیا دەنگی تۆ نییە.

**خامیسە:** تەنیا دەنگی من ؟! دە کەواتە گوێم لێ بگرە.

**عەبدولسەمیع:** لەوەتەی هەم گوێ لە تۆ ئەگرم ئافرەت.. لە یەکەم ڕۆژی خەڵقبوونەوە گوێم لێ گرتووی. دەنگت ئاگر بوو.. ڕۆشنایی بوو.. سروود بوو.. ئاواز بوو.. دروود بوو.. هەر لەو ڕۆژەوە پڕ بووم لە بیستن.. پڕبووم لە هەست و سۆزو ڕوانین.. ئیتر هەستەکانم لەکار و جوولە کەوتن.

**خامیسە:** تۆ وڕێنە ئەکەی پیاوەکە.

**عەبدولسەمیع:** وڕێنە کلیلە خامیسە.

**خامیسە:** کلیلی چییە؟



**عەبدولسەمیع:** کلیلی هەموو قفڵە ژەنگرتووەکانە.. کلیلی هەموو دەرگا داخراوەکانی ئەم شارەیە.. ئەزانی ئافرەت ئێمە ئابڵووقە دراوین؟

**خامیسە:** ئەزانم.. بەڵام وڕێنە چی بکات؟

**عەبدولسەمیع:** ئابڵووقە دەشکێنێت و ڕزگارمان دەکات.

**خامیسە:** وڕێنە و پەتا..

**عەبدولسەمیع:** ئەسپێکی بەڵەکمان پێ ئەبەخشێ و زین و رەشمە و پریاسکەمان ئەداتێ.

**خامیسە:** ئەوەی تۆ ئەیڵێی عەبدولسەمیع ئەمترسێنێ.

**عەبدولسەمیع:** مەترسە **خامیسە:**.

**خامیسە:** تۆ تەواوی؟

**عەبدولسەمیع:** بە من مەڵێ تەواوی. بەو دنیایە بڵێ کە لە چواردەورمانە؟ بەو بڵێ تەواوی؟

**خامیسە:** من چ پەیوەندییەکم بە دنیاوە هەیە.. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە تۆی.. تەنیا تۆی.

**عەبدولسەمیع:** من هیچ نیم.

**خامیسە:** تۆ لە ڕوانینی منا هەموو دنیای.

**عەبدولسەمیع:** پێم گوتی من هیچ نیم.

**خامیسە:** هەمیشە خۆت ئەشکێنی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** بێ لەو پیاوەی کە لە گۆشەیەکی تەریکا کەوتووە چیتر نیم.. بژێویم تاریکییە و شەرابی بۆگەن ئەخۆمەوە. هەموو شتێ لە جیهانی ئێمەدا بۆگەنی کردووە **خامیسە:**.. بگرە هەواش..

ڕەنگ و ڕۆشنایی و دەنگ و شێوەش.

**خامیسە:** ئەو پیاوە چی لێ بەسەر هاتووە ؟

**عەبدولسەمیع:** تەماشاکە **خامیسە**:.. ئەو ئەسپە دارینەیە ئەبینی؟ سواری ئەبم و گەشتی پێ ئەکەم.

**خامیسە:** ئاخر ناجووڵێتەوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** بۆ ؟

**خامیسە:** چونکە دارە.

**عەبدولسەمیع:** ئێ خۆ کەشتیش دارە.

**خامیسە:** بۆ باسی کەشتی ئەکەی ؟

**عەبدولسەمیع:** چونکە دەڕوا و دەجووڵێتەوە.. هەموو شەپۆل و ئاسۆ و دەورایی و ماوەکان ئەبڕێ. ئێ خۆ عودیش لەدارە **خامیسە**:.. هەر دارو ژێیە کەچی ئەدوێ و باسی خۆشی و پەژارە ئەکا. باسی برینی عەشق و تینوویەتی و ئازاری زوڵم و چەوسانەوە ئەکا. (لەدوورەوە گوێی لەژەنینی عود ئەبێ) گوێ بگرە خامیسە لە زمان و ئاه و هەناسەی ئەگەیت؟

**خامیسە:** بە شێوەیەکی زۆر سەیر شتەکان تێکەڵاو ئەکەی.

**عەبدولسەمیع:** شتەکان بۆ خۆیان تێکەڵ بوون.. بەرلەوەی من و تۆش بزانین.. بڕوانە **خامیسە**:.. لە دروستکراوەکانم بڕوانە و واز لە قسەکردن بهێنە.. بە هێمنی لێیان وردبەرەوە.. وەک هەسارەو خولگەکان دەخولێنەوە. دەخولێنەوە تا شەو و ڕۆژ پێک بهێنن.. تا ڕۆژگارەکان بەردەوامبن.

**خامیسە:** کە دەرگاکان داخرابن نازانم چۆن ئەو شاپەڕانە دەخولێنەوە؟ ئێمە خۆمان تینووی هەواو ڕەشەبا و ڕۆشناییین.



**عەبدولسەمیع:** ئەوە زانستێکی دژوارو ترسناکە خامیسە.. هەموو کەسێ پێی ناکرێ پەی بە قووڵایییەکانی بەرێ.. پەیژەی هەیە بەرەو سەرەوەت ئەبا. زانست پێویستی بە ئۆقرەیە.

**خامیسە:** ئەوەندەم ئۆقرە گرت شەقم برد.. بەرگەی هەموو کەرێتی و وڕێنەکانتم گرت. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بزانم چیت لێ بەسەر هاتووە. پێم بڵێ چیتە عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** هیچ نییە؟

**خامیسە:** کەواتە شتم لێ ئەشاریتەوە.

**عەبدولسەمیع:** هەرگیز.. بێ لە چارەڕەشی خۆم شتێکی کەت لێ ناشارمەوە.

**خامیسە:** سەیرە.. ئەی ئەوەی کە نیشانی ئەدەی؟

**عەبدولسەمیع:** کامە؟

**خامیسە:** ئەوەی کە نیشانی ئەدەی چارەڕەشی نییە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە ئاسوودەییمە خامیسە.

**خامیسە:** من تێت ناگەم.. هەرگیز تێت ناگەم.. تۆ ئەڵێی مەتەڵی.. مەتەڵ.

**عەبدولسەمیع:** من ئاسوودەم.. ئاسوودەیی سۆزی مەرگم پێ ئەبەخشێ.. سۆزی فەوتان و توانەوە.. ڕۆشن ئەبمەوە چونکە ئەسووتێم.. ئاسوودەیی ڕووناکم ئەکاتەوە.. چارەڕەشیش ئەمسووتێنێ.. تۆ پێت ناکرێ بەخێرایی لەوە بگەی. ئەوەندە بەسە لە داهێنراوەکانم وردبیتەوە. لەوە وردبەرەوە کە دەستەکانم دروستیان کردووە. تۆ کە هەمیشە ڕقت لێم ئەبێتەوە هیچ مەڵێ. ئەوەندەت بەسە کە سەرسامبی. چونکە

تەنیا ئەو هەقەت هەیە. بێ لە سەرسامبوون هیچی کەم ناوێ. بەوە ئاسوودەم کە سەرسامی بە هەموو سیماکانەوە ئەبینم.

(*جوولەی شاپەڕەکان هێواش ئەبنەوە*).

**خامیسە:** عەبدولسەمیع هەست بە هیچ ئەکەی؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ.. کەموکوڕییەکی ئاساییە و هەر ئێستا چاکیدەکەمەوە. لێرەیا چاوەڕێ کە و بەسەرسوڕمانەوە لە مێردەکەت ورد بەرەوە.

**خامیسە:** چی ئەکەی؟ وەرە دواوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** مەترسە ئافرەت.

**خامیسە:** ئەو شاپەڕانە ئەتهاڕن.

**عەبدولسەمیع:** پێم گوتی مەترسە.. پێویست ناکا دوودڵی بتگرێ.. ئەوەندە بەسە ئەو خلخلۆکەیە ڕێک بکەمەوە.

(*دەست ئەخاتە سەر خلخلۆکەیەک.. لە پڕ تاریکی سەر شانۆ دائەپۆشێ و تەقینەوەیەک ڕووئەدات*)

**خامیسە:** چی ڕووی دا عەبدولسەمیع؟ وەڵام بەرەوە.. تۆ باشی؟ ئاگادارم کردی و بە قسەت نەکردم.. تۆ هەر وایت.. گوێ لە کەس ناگریت و خۆت بە هەموو شتێ ئەزانی.. خەڵکی لەکێشە ڕائەکەن و تۆ بەدوایا ئەگەڕێی. عەبدولسەمیع.. گوێت لێمە؟ تکات لێ ئەکەم ئەگەر بە وشەیەکیش بووە وەڵامم بەرەوە.. بدوێ.. هەرچییەک ئەڵێی بیڵێ. (چرایەک بە دەستەوە ئەگرێ) ئەگەر مردووی پێم بڵێ شەرم مەکە. مردن شەرمی ناوێ.

**عەبدولسەمیع:** (بەنزمییەوە *لەودیو خۆڵ و پیسییەوە*) من..

**خامیسە:** هێشتا زیندووی عەبدولسەمیع؟ وەڵامم بەرەوە.



**عەبدولسەمیع:** تا ڕادەیەک.

**خامیسە:** ئاخ.. خۆم ئەمزانی.

**عەبدولسەمیع:** چیت ئەزانی؟

**خامیسە:** ئەمزانی کەوا بە ئاسانی نامریت.. ماری حەوت سەر بۆی نووسراوە قەت نەمرێ. تۆ لە کوێی عەبدولسەمیع؟! (*ڕووناکی وەک خۆی لێ دێتەوە و دەبینین ئاشەکە وردو خاش بووە*).

**عەبدولسەمیع:** من لێرەم.. نامبینی؟

**خامیسە:** لێرە.. لە کوێ؟

**عەبدولسەمیع:** لەم ژێرەدام.

**خامیسە:** لەژێر چییا؟

**عەبدولسەمیع:** نازانم **خامیسە**.. گرنگ ئەوەیە ناتوانم بجووڵێمەوە.. ئەو پارچە تەختانەم لەسەر لابە.. ئەگەر بەرزیان نەکەیتەوە لێرەیا ئەخنکێم. ئەگەر ئەوە ڕووی داو من مردم ئەوا خوانەکردە تۆش بێوەژن ئەکەوی. گوێت لێمە؟

**خامیسە:** نا تکات لێ ئەکەم.. مەمرە عەبدولسەمیع.. من بەرگەی تەنیایی ناگرم.

**عەبدولسەمیع:** دە کەواتە ئەو تەختانەم لەسەر لابە.. بجووڵێ.

**خامیسە:** تۆ ناتەوێ واز لەم یارییە مناڵانەیەت بێنی.

(*پارچە تەختەکان لا ئەبات.. عەبدولسەمیع دێتە دەرەوە*).

**عەبدولسەمیع:** ئەوە لەبەر خۆتەوە چی ئەبزرکێنی؟

**خامیسە:** تۆ ناتەوێ عەبدولسەمیع کەس ڕێنیشاندەرت بێ.

**عەبدولسەمیع:** ژنە رەواکەم.. تۆ ئەزانی پاشەرۆژی جیهان لە نێو ئەم

دەستانەی منایە؟

**خامیسە:** ئەی تۆ ئەزانی مێردە بەویقارەکەم هەموو خواردنەکان بەم دوو دەستانەی من ئامادە ئەکرێن؟

**عەبدولسەمیع:** پەنا بەخوا.. بەو خێرایییە لەمپەڕی زانستەوە گەڕایتەوە بۆ ئەوپەڕی دەبەنگی.. کچەکەی خاڵە مەئموون ئەو هەموو نەدانییەت لەکوێوە هێنا؟ نازانی من عەبدولسەمیعی کوڕی عەبدولبەسیرم. کە لەمسەرە دانیشتووم و لەم خوارەیشەوە ئیمزام کردووە هەموو دنیا ئەگۆڕم.

**خامیسە:** ئەمە تۆ؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ.. ئەگەر گومانت لەخۆت هەیە بەو چاوانەت هەموو شتێ ئەبینی ئەی خامیسەی کچی خاڵە مەئموون سبەی هەواڵی تەواوت پێ دەگات.. وەک بەڵگەنامەیەک.. وەک خۆرێکی ڕۆشن لەناو دراوسێکانا شانازیم پێوە ئەکەی.

**خامیسە:** من نازانم بەو پێچکانە ئەتەوێ چی بکەی؟

**عەبدولسەمیع:** ئاشی هەواییان پێ دروست ئەکەم.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع پێش تۆ دروست کراوە.

**عەبدولسەمیع:** ئێ باشە من گوناهم چییە؟ هەر کە بەداهێنانی شتێکەوە خۆم خەریک ئەکەم تۆ پێم ئەڵێی پێش تۆ داهێنراوە؟ تۆ بڵێی پێشینەکان شتێکیان بۆ ئێمە جێ نەهێشتبێ تا بیر لە داهێنانی بکەینەوە؟

**خامیسە:** بەڵام ڕۆژگاری هەڵم و هەوا بەسەرچوو.

**عەبدولسەمیع:** هیچ شتێ بەسەر نەچووە خامیسە.. ئێمە بە هێڵێکی بازنەییدا تێئەپەڕین.. لە ئەڵقەیەکی بەتاڵا دەخولێینەوە.. دەبێ



بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووین.. ڕۆژگاری ئاشی هەوایی هەر دێتەوە.. پاشان ئەم داهێنانەی من زاڵبوونە بەسەر کێشەی سووتەمەنییا. هەموو هەژارەکان لەو ڕێگەیەوە دەتوانن نان بکەن.

**خامیسە:** جارێ عەبدولسەمیع بیر لەوە بکەرەوە چی دەهاڕی؟

**عەبدولسەمیع:** لە گەنم و جۆ زیاتر چی بهاڕم.

**خامیسە:** بەڵام گەنم و جۆ کوا؟

**عەبدولسەمیع:** ئەی نازانی گەنم و جۆ لە کێڵگەکانە؟

**خامیسە:** کێڵگە لە کوێیە؟

**عەبدولسەمیع:** کێڵگە موڵکی جووتیارەکانە.. نا.. موڵکی ئەوان نییە.. ئەمە کێشەکەیە.

**خامیسە:** گوێ بگرە عەبدولسەمیع.. تۆزێکی تر میوانەکانت دێن کەچی تۆ هێشتا سەرقاڵی گەمەکردنی.

**عەبدولسەمیع:** کێ دێن خامیسە؟

**خامیسە:** حەسەن و حسێن دێن.

**عەبدولسەمیع:** کێی تر؟

**خامیسە:** رازق و مەرزوق و رازی و رەزوان و حەمید و حەمدان.. بەم زووانە لە دەرگات ئەدەن.. تۆ چیت بۆ ئامادە کردوون عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** هەموو شتێک بەڵێ هەموو شتێک.. تەماشاکە خامیسە.. ئەوە ئەسپێکی دارینەیە سواری ئەبن و یاری پێ ئەکەن.. قەڵاو میرنشینەکانی پێ ئەشکێنن و ئاڵاکانمان لە هەموو شوێنێ بەرز ئەکەنەوە.. ئەوەش رەوڕەوەیە یاری پێ

ئەکەن.. بەرەو کەنارەکانی خەون و خەیاڵ باڵ ئەگرن. دنیای منالّی خۆیان ئەبێ.. دنیایەکی لێوانلێو لە سیحرو نامۆیی.

**خامیسە:** بەلاّم بەر لە هەموو شتێ خواردنیان ئەوێ.

**عەبدولسەمیع:** ئافرەت من داهێنەرم.. جوان نییە بۆ من بچمە بازاڕ پەتاتە و تەماتە و پەلّپینە بکڕم یان ئەو شتانەی کە ناوەکانیان نازانم.

**خامیسە:** بەلاّم دەیانخۆی.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە مافی خۆمە.. من کەسێکی بەرهەمهێنەری ناو ئەم کۆمەلّگایەم. وازم لە هەموو خەمە بچکۆلەکان هێناوە و خۆم لێ دوورخستوونەتەوە. بەدوای خەمی خەلّکییەوەم.. هەموو خەلّکی.. من نموونەیەکی دیاری ئەو کەسەم کە وازی لە خۆی هێناوە و بۆ خەلّکی ئەسووتێ.. ئەی کچەکەی خالّە مەئموون دەبێ ئەو حەقیقەتانە بە خێرایی تێبگەی. لە چاوتا شتی سەیر ئەخوێنمەوە ئافرەت.

**خامیسە:** چییان تیا ئەخوێنیتەوە عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** گەمژەییەکی قووڵ و رەنگ داکوتاو ئەخوێنمەوە.. گەمژەییەک کە لە رەچەلّەکەوە بۆت ماوەتەوە.

**خامیسە:** ئەگەر تۆ بەڕاستی زانا بوویتایە دڵت بە حالّی خۆت ئەسووتا. تەماشای چواردەورت کە عەبدولسەمیع.. ئەم خانووە خەریکە کوێر ئەبێتەوە.. بەلاّم تۆ هیچ نابینی.. ئێمە بێ ئاو و کارەبا ئەژین.. ئەم مالّە هیچی تیا نەماوە.

**عەبدولسەمیع:** ناردوومە بە شوێن ئەبا مسکینی پیرەمێردا.. بەم زووانە دێ و کارەباکە چاک ئەکاتەوە.. بلیمەتێکە بۆ خۆی



**خامیسە:**.. بلیمەتێکی ناوازە. ڕۆشناییمان بۆ دەهێنێتەوە.. مالّەکە وەکو جارانی لێ دێتەوە.

**خامیسە:** بەڕاستە عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** بەلّێ تۆزێکی تر دێ.

**خامیسە:** من زۆر دوودڵم.. تۆ بەردەوام قسە ئەکەیت و ناجوولّێی.. وشەکانت لە ئاگر و ڕۆشناییەوە بالّیان وەرگرتووە.. بالّیان هەیە بەلاّم نافڕن عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئەم دنیایە هەروا ئاسان نییە خامیسە.

**خامیسە:** سەیرە! ئەوە تۆی وا ئەلّێی؟

**عەبدولسەمیع:** بۆچی نا؟

**خامیسە:** تۆیەک کە بۆ چرکەساتێک چییە واز لە گەمەکردن ناهێنی.

**عەبدولسەمیع:** پێمگوتی ئەمە گەمە نییە.

**خامیسە:** هەمیشە لەناو خەرمانەی وشەکانا نوقمت کردووم.

**عەبدولسەمیع:** قسە هیچی تێ ناچێ خامیسە.

**خامیسە:** بە ئەندێشە هەموو کلیلەکانی گەردوونت داوەتێ.

**عەبدولسەمیع:** کلیلەکانی گەردوون؟! من ئێستا بەدوای کلیلی مالّێکا ئەگەڕێم تیا بحەوێمەوە.

**خامیسە:** هەموو شتێ لەم دنیایەدا گۆڕاوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** بەلّێ.. بە تەنیا من و تۆ ماوینەتەوە.

**خامیسە:** من و تۆ کێین؟

**عەبدولسەمیع:** تۆ خامیسەی کچی خالّە مەئموونی خاوەن کارگەی پێلاوی.

**خامیسە:** (بە حەسرەتەوە) هەمیشە خۆت ئەدزیتەوە.. ئەی بۆچی نالێی کچی پینەچییەکی هەژاری؟

**عەبدولسەمیع:** هەموو هەژارین تەنیا خوا زەنگینە.

**خامیسە:** من خامیسەم.. ژمارەیەکی بێ سەرو شوێنی ناو ژمارەونەکان.

**عەبدولسەمیع:** هەمدیسان چیرۆکەکەتم بۆ دووبارە ئەکەیتەوە؟

**خامیسە:** ئەی بۆ نا.. ئەوە حەقیقەتێکی ژیانی منە.. کێ لە بۆشاییەوە هاتووە (دەنگی دەگۆڕێت) باوکم بەردەوام کچی ئەخستەوە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە ئەزانم..

**خامیسە:** ئولا هات و کچ بوو.

**عەبدولسەمیع:** دیارە بەمە خۆشحاڵ بوو.

**خامیسە:** بەڵام بۆ سانیە گوتی.

**عەبدولسەمیع:** نیگەران مەبە.. لە داهاتوودا کوڕمان دەبێ.

**خامیسە:** کە داهاتوو گەیشتە جێ ئەویش لەگەڵ خۆیا کچێکی هێنا .

**عەبدولسەمیع:** ئیتر دەبوو ناوچەوانی گرژکات.. ئەوە هەقی خۆی بوو.

**خامیسە:** دوای ئەوە رابیعە هات.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە کارەسات بوو.

**خامیسە:** بەدوای ئەویشا خامیسە هات.. من هاتم عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** تۆش لەسەر ئاستی خێزان و نیشتمان و دەوڵەتەوە کارەسات بووی.

**خامیسە:** تۆش وەکو ئەوان ڕقت لێم ئەبێتەوە؟



**عەبدولسەمیع:** هەرگیز.. تەنیا لە گێڕانەوەکەیا هاوبەشیت دەکەم.. ئەوە دووبارە ئەکەمەوە کە لەگەڵ خاڵە مەئمووندا ڕووی داوە. ئەزانی خامیسە سەرباری هەموو شتێ تۆ بەختەوەری.

**خامیسە:** من بەختەوەرم؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ کچەکەی خاڵە مەئموون.. ئەی ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین تۆ لە سەردەمی جاهیلیەتا لەدایک بوویت؟

**خامیسە:** ئێستاش سەردەمی جاهلیەت بەردەوامە.

**عەبدولسەمیع:** ئەو کاتە لەژێر خاکا ئەبووی عەزیزم.

**خامیسە:** بۆ ئێستا لەسەر خاکم؟

**عەبدولسەمیع:** تۆ زیندەبەچاڵ کردنت بیستووە خامیسە؟

**خامیسە:** بەڵێ بیستوومەو تیاشیا ژیاوم.

**عەبدولسەمیع:** مەسەلەکە بە تەنیا کاتە.. ئەی ئەگەر وەختی لەدایکبوونت کەمێک پێشتر بکەوتایە.. ئێستاکە چنگێ ئێسقانی بێ سوود ئەبووی. تەنانەت بە کەڵکی ئەوەش نەئەهاتی وەکو لم بەکارت بهێنن. بەڵام لەوە ئەچێ من وەکو تۆ بەختەوەر نەبم.

**خامیسە:** بەختەوەری تۆ پەیوەندی بەمنەوە چییە؟

**عەبدولسەمیع:** قورسایی تۆیان خستە سەر شانی من.

**خامیسە:** بەڵام تۆ بۆ خۆت قورسی.

**عەبدولسەمیع:** ئەوەی کە ئازارم ئەدات نەفامی و کەرێتی تۆیە.

**خامیسە:** حەقیقەتت پێکا ئەی شای زانایان..

**عەبدولسەمیع:** بمبەخشە خانمەکەم.. بمبەخشە.. ئەزانی شتێکی زۆر بچکۆلە بۆی ئەکرا بەرەو زیندەبەچاڵکردنت بەرێ.. هەر ئەو

شتە بچکۆلەیەش ئەیتوانی بتکاتە شازادەیەکی بەختەوەر.. شتی بچکۆلە ئەو شتەیە کە بەدبەختی و ئاسوودەییمان دیاری دەکات.. گریمانی ئەوە بکە **خامیسە:**.

**خامیسە:** هەمدیسان؟! لەوە ئەچێ ئەمرۆ واز لە گریمانەکردن نەهێنی.

**عەبدولسەمیع:** پێم گوتی گریمانە بکە.. گریمانە بەشێکی بچکۆلەی زانستە کچەکەی خاڵە مەئموون. پێشبینی ئەوە بکە کوڕێک بوویتایە خامیسە.. پێشبینیت کرد؟

**خامیسە:** (بەشێوەیەکی *خەوناوی*) بەڵێ پێشبینیم کرد.

**عەبدولسەمیع:** کەواتە چی ئەبینی؟

**خامیسە:** ئەبینم هەموو شتەکان گۆڕاون.

**عەبدولسەمیع:** زۆر جوانە.. بەردەوامبە.

**خامیسە:** ئیتر وەک لەمەوپێش ژمارەیەکی بێ سەرو شوێن نیم. ئیتر سواڵی بەخشندەیی و ئەوینداری لەکەس ناکەم.. عەبدولسەمیع لەگەڵ منا بڕوانە.. بۆ ئەو شوێنە بڕوانە.. ئەوانە دەمامکی تازەیان پۆشیوە.

**عەبدولسەمیع:** دەمامکی تازە؟

**خامیسە:** بەڵێ بەڕواڵەت دەمامکێکی موژدەهێنەرە.. نا خەڵکینە هەرگیز ناتوانن تەفرەم دەن چونکە دەمامکەکان ئەناسمەوە.. ئەزانم لەودیویانەوە چی هەیە.. چاکتان ئەناسم.

**عەبدولسەمیع:** لەو دیویانەوە چی هەیە خامیسە؟

**خامیسە:** ڕوخسارێکی گرژو مۆن هەیە.. لەو چاوانە بڕوانە.. ئەوانە بۆ بینین نەکراون عەبدولسەمیع.. وەک چاوە ئاساییەکانی خەڵک نین. ئەوانە کانی قەهرو بۆگەنی و تووڕەیین.. ناتوانن بە



قین لەدڵی خۆتان هەڵمخەڵەتێنن.. بەو گەمە هیچوپوچانە بۆتان ناکرێ بێدەنگی و ئاسوودەییم بشێوێنن (پێئەکەنێ) هەمووتان ئەناسم.. چاوم لێتانە لەودیو ئەو دەمامکە کارتۆنییانەوە کۆبوونەتەوە.. چاوم لێتانە!

**عەبدولسەمیع:** چی ئەبینی؟

**خامیسە:** مردن و قاتوقڕی و تۆفان ئەبینم.

**عەبدولسەمیع:** تۆ قسە ئەبزرکێنی.

**خامیسە:** پێم گوتن لێمی دوورخەنەوە.. ئەو بووکەشووشانەم لێ دوورخەنەوە دووری خەنەوە.. پێئەکەنن بەڵام بووکەشووشەن.. دێن و ئەچن بەڵام بووکەشووشەن.. باڵەکانیان بۆ باوەش ئەگرنەوە بەڵام هەر بووکەشووشەن.. خوا بۆچی ئەو هەموو وێنە جووڵاوانە لەناو نابات.

**عەبدولسەمیع:** خامیسە.

**خامیسە:** من خامیسە نیم.. خامیسە دەمێکە مردووە.. هەر لە ڕۆژگاری جاهلیەتا زیندە بەچاڵیان کرد.. بەخۆڵ دایانپۆشی.. من وەکو تۆ پیاوم عەبدولسەمیع.. دەستەکانیان لەخۆڵ پاک کردەوەو ڕۆیشتن. لەو کاتەدا کە تینووی بوو دەمیان پڕ کرد لە خۆڵ.. دەنگیان بە یەکجاری سڕییەوە.. من وەکو تۆ پیاوم عەبدولسەمیع.. ئەوەت لە یاد چۆوە؟

**عەبدولسەمیع:** تۆ وڕێنە ئەکەی ئافرەت.

**خامیسە:** وڕێنە کلیلە.

**عەبدولسەمیع:** کلیلی چییە؟

**خامیسە:** کلیلی هەموو قفڵە ژەنگرتووەکانە.. کلیلی هەموو دەرگا

داخراوەکانی ئەم شارەیە.. ئەزانی پیاوەکە ئێمە ئابلۆقە دراوین؟

**عەبدولسەمیع:** ئەزانم بەڵام وڕێنە چی بکات؟

**خامیسە:** ئابڵوقەکە دەشکێنێ و ڕزگارمان دەکات.

**عەبدولسەمیع:** وڕێنە و پەتا.

**خامیسە:** ئەسپێکی بەڵەکمان پێدەبەخشێ.. زین و رەشمەو پریاسکەمان ئەداتێ تا کۆچی پێ بکەین.. عەبدولسەمیع پێیان بڵێ با لێم دوور بکەونەوە.. با بۆ ئەو شوێنەم بەرنەوە کە لێوەی هاتووم بێ لە هێمنی و بێدەنگی.. بێ لە فەرمان و جووڵە و دوورکەوتنەوە لە زۆر بڵێیی هیچی کەم لێیان ناوێ.. هیچ.. با واز لەم ژیانی کولەمەرگییە بهێنین.

**عەبدولسەمیع:** سەیرە من نەمئەزانی تا ئەو ڕادەیە غەمگینی؟

**خامیسە:** باسی غەمگینیم بۆ مەکە من وەکو تۆ ئاسوودەم.. ئاسوودەییش سۆزی مەرگم پێ ئەبەخشێ.. سۆزی فەوتان و توانەوە.

**عەبدولسەمیع:** دەبوو تۆ ئولا بوویتایە خامیسە.

**خامیسە:** ئەوە چارەسەر نییە.

**عەبدولسەمیع:** بۆچی؟

**خامیسە:** چونکە دەبوو کچێکی تر لە جێی من **خامیسە** بێ.. من ئێستا لە هیچ شتێک پەشیمان نیم. ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە بەم زووانە دێن.

**عەبدولسەمیع:** مەبەستت لە کێیە؟

**خامیسە:** حەسەن و حسێن دەڵێم.



**عەبدولسەمیع:** هەمدیسان.

**خامیسە:** ڕازق و مەرزوق و ڕازی و رەزوان و حەمید و حەمدان.. ئەم دنیایە پڕ ئەکەن لەخۆشنوودی.. ڕۆژگاری هەژاری و کڵۆڵیم لە بیر دەبەنەوە بەڵام بۆچی وا دواکەوتن؟ هەر لەبەرئەوەیە کە تۆ حەز بە هاتنیان ناکەی؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە چی ئەبزڕکێنی؟

**خامیسە:** یان تۆ توانای بەخشینت نییە؟ بێگومان تۆ نەزۆکی و نەوەت لێ ناکەوێتەوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** نەخێر وانییە.. ئەی ئەو هەموو مەخلووقاتە چییە کە ئەیبینی. ئەوانە بەشێکن لە من.. **خامیسە:** تەماشای ئەو ئاش هەواییە بکە.

**خامیسە:** ئەوانە بەتەنیا دارن.

**عەبدولسەمیع:** ئەی ئەو ئەسپە دارینەیە؟

**خامیسە:** ئەوە شتێکی مردووە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوانەش داهێنراوەکانی ترن.

**خامیسە:** ئەوانە هیچ نین.. تەنیا پارچە دارن.. ئەوەی من ئەمەوێ ئەو مەخلووقاتانەن کە ناویان هەیە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوانەش ناویان لێ ئەنێم.

**خامیسە:** مەبەستت کێیە؟

**عەبدولسەمیع:** داهێنراوە مەزنەکانم ئەڵێم.. ئاشەکە ناو ئەنێم مەرجانە.. مەرجانەی کچم.

**خامیسە:** بەتەنیا بووکەشووشەیە و هیچی تر.

**عەبدولسەمیع:** لە ئێستا بەدواوە ئەسپەکە ناو ئەنێم.

**خامیسە:** چی ناو ئەنێی؟

**عەبدولسەمیع:** (بیر *ئەکاتەوە*) ناوی لێ ئەنێم ڕازی.

**خامیسە:** نەفرەتت لێ بێ عەبدولسەمیع.. ناوەکەیت لێ دزیم.. نازانی ڕازی کوڕمە و بە مزوانەش لەدایک ئەبێ.. تۆ هەمیشە سەرقاڵی ئەو گەمە بێتامانەی.. ئەوانە بتەکانتن.. دڵنیابە بە کەڵکی هیچ شتێک نایەن.

**عەبدولسەمیع:** (بۆ خۆی) ئەوانە مرۆڤایەتی ڕزگار ئەکەن.

**خامیسە:** تۆ ئەوەت لەبیرە کە گەمەکردنیش ڕۆژگاری خۆی هەیە.. ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو.. تێپەڕی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** نەخێر.. هێشتا بەسەر نەچووە.

**خامیسە:** ڕۆژێک عەبدولسەمیعی مناڵ بەم دنیایەدا تێپەڕی.. لێرەوە هات و ون بوو.

**عەبدولسەمیع:** من ون بووم.. نابینی هێشتا لەبەردەمتام.. تەماشام بکە.

**خامیسە:** تۆ عەبدولسەمیعی پیاوی.

**عەبدولسەمیع:** من بەتەنیا عەبدولسەمیعم.. مناڵێک بم یا پیرەمێردێک هەردووکیان لەلام وەک یەکە.. تۆ بۆچی سنوورێک لەنێوان من و دەروونما ئەکێشی؟ بۆچی لە خۆمم دوور ئەخەیتەوە؟ من عەبدولسەمیعم و بڕایەوە.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع تۆ باسی دنیاو گەردوونم بۆ ئەکەی.. ئەوەی هەبووەو نەبووە. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەم ماڵەیە.. تێئەگەی.

**عەبدولسەمیع:** ئەمە ماڵ نییە.. ئەمە هەموو جیهانە ئافرەت.



**خامیسە:** تۆ تەنیا بیر لە خۆت ئەکەیتەوە.... هەمیشە منت لەیاد کردووە. من و مناڵەکانت لەیاد کردووە.. ئەی مێردە بەویقارەکەم ئەزانی من بازنی ئاڵتوونم نییە؟

**عەبدولسەمیع:** چۆن شتی وا ئەبێ؟

**خامیسە:** نە گوارەم هەیەو نە ئەڵقە و نە جلوبەرگ.. هەر هیچ شتێکم نییە.

**عەبدولسەمیع:** دڵنیابە کچەکەی خاڵە مەئموون هەرچییەکت ئەوێ پێم بڵێ بۆت دەکرم.

**خامیسە:** زۆر جار گوێم لەو قسانەت بووە.

**عەبدولسەمیع:** گوێ مەدەرێ.. ئەمجارەش گوێی لێ بگرە با ئەمە دوا جار بێ.

**خامیسە:** (بە*نازەوە*) تۆ منت خۆش ناوێ عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** نا ئەمە ڕاست نییە.. من

**خامیسە:** تکایە هیچ شتێک مەڵێ.. ئەوەندە زۆر بڵێییت کرد دڵم تەقی تکایە تۆزێک بێدەنگبە.. بێدەنگ.

**عەبدولسەمیع:** فەرمانتە خانمەکەم.

**خامیسە:** حەزئەکەم لە جێی خۆت ئەو قسە بکا.

**عەبدولسەمیع:** ئەو کێیە؟

**خامیسە:** گیرفانت ئەڵێم.

**عەبدولسەمیع:** بەڵام گیرفانم لاڵە.

**خامیسە:** ئەوە ئەڵێی چی؟

**عەبدولسەمیع:** کەڕیشە.

**خامیسە:** چاوت لێیە؟ پێم نەگوتی خۆشتناوێم. (بەتووڕەییەوە *قسەی پێ ئەبڕێ*) پێم گوتی قسە مەکە.. ئەتناسم عەبدولسەمیع ڕەزیل و پیسکەی.

**عەبدولسەمیع:** هیچ شک نابەم **خامیسە**:.. گوێ بگرە هەرچی داوا ئەکەی بۆتی دەهێنم.

**خامیسە:** بەڕاستە؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ.. بەڵام کەمێک سەبرم لێ بگرە.

**خامیسە:** سەبر ئەگرم.. بەڵام تاکەی؟

**عەبدولسەمیع:** تا ئەو کاتەی خوا ئەیەوێ.. خوای بەخشندەو میهرەبان.. خاوەنی ڕۆژی دوایی.. تۆ ئەپەرستین و هەر تۆش پشتوپەنامانی. ڕێگەی ڕاست و ڕەوانمان نیشان دە.. ڕێگەی ڕاستی ئەوانەی کە لێیان خۆش بووی نەک ڕێگەی ئەوانەی کە ڕق و نەفرەتی خۆت بەسەرا ڕژاندن. (*بەشێوەیەکی مناڵانە ئەیخوێنێتەوە*) .

**خامیسە:** گاڵتەم پێ ئەکەی ئەی نەفرەتی؟

**عەبدولسەمیع:** نا گاڵتەت پێن اکەم.. باوەڕم پێ بکە.. بەچاوی خۆت ئەیبینی. سەیرو سەمەرە ئەبینی.. ئەم جلانەم ئەگۆڕم و ئەچمە دەرێ.

**خامیسە:** ئەچیتە دەرێ؟ هەرچییەک ئەڵێی ئەوە مەڵێ.

**عەبدولسەمیع:** ئەچم کارەباچییە مەزنەکە بانگ ئەکەم.

**خامیسە:** ئەبا مسکین ئەڵێی؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ.. ئیتر ڕۆشنایی دێتەوە ناو ئەم ماڵە تاریکە.. لەژێر تیشکی خۆری بەیانیانا ئەتبینم کە تاوەکو ئێستا بۆم



نەکراوە بتبینم.. زۆر دواکەوت خامیسە.. دەبوو تۆزێ زووتر بەدوایا بچوومایە.. بەڵام گرنگ نییە.. گرنگ ئەوەیە کە ئارەزوویەکی سەرشێتانەم هەیە بۆ گۆڕینی دنیا.

**خامیسە:** ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگە ئەم ماڵەیە.

**عەبدولسەمیع:** لەناو لەپی دەستما هەموو ئەو شتانەت بۆ دەهێنم کە ئارەزوویان ئەکەی.

**خامیسە:** داوای شتی زۆر ناکەم.

**عەبدولسەمیع:** دەبێ پەنجە ئەفسووناوییەکان ئەم ماڵە جوان بکەن.. ئەو پەنجانەی کە هەموو شتێک ئەگۆڕن.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع.. ئەم شتانە ڕاستن؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ ڕاستن خامیسە.

**خامیسە:** من زۆر لەو بە پەرۆشبوونەت ئەترسم.

**عەبدولسەمیع:** سەیرە! لە پەرۆشبوون و لە سڵەمینەوەشم ئەترسی! من لێت ناگەم بەڵام گرنگ نییە.. تۆ هەوڵبە لەماڵەوە بی.. ئەگەر ئەبا مسکین هات و لە دەرگای دا لێی بکەرەوە.. من ئەڕۆم.

**خامیسە:**.. ئەڕۆم تا بتوانم ئەم ژیانەمان بگۆڕم منیش وەک تۆ.

**خامیسە:** لەم تاریکی و چاوەڕوانییە بێزاربووم بێزار.

**خامیسە:** نەکەی بێ ئەبا مسکین بێیتەوە.

**عەبدولسەمیع:** دڵنیابە.. تۆزێکی تر دێ.

(*دەڕواتە دەرێ*)

تاریکی

# هەناسەی سێیەم

عەبدولسەمیع ئەبێ بە کارەباچی

(دوای چەند ساتێ لە ڕووناکبوونەوەی شانۆ لە دەرگا ئەدرێ.. خامیسە بەخێرایی دەرگا ئەکاتەوە.. عەبدولسەمیع لە بەرگی کەسایەتییەکی نوێدا دێتە ژوورێ. پیرەمێردێکی کورتبین و گوێ گرانە.. زۆربلێیە و قسەکانی بێ سەرو بەرن. پەیژەیەکی لەسەر شانە و گونیەیەکیش شتومەکی ئیشکردنی تیایە).

**خامیسە:** فەرموو قوربان.. زۆر دەمێکە چاوەڕێت ئەکەم.

**ئەبا مسکین:** چاوەڕێی منت ئەکرد؟

(*بۆ ماوەیەک ناوی ئەبا مسکین دەبێ*)

**خامیسە:** جەنابت ئەبا مسکینی.. وانییە؟

**ئەبا مسکین:** بەڵێ خۆیەتی.. ئەوەی واناڵێ فەرموو با بەڵگە و شایەت و دەلیل بێنێ.. من ئەبا مسکینی مەزنم.. هەڵبەت لەبارەی منەوە شتێکت بیستووە؟

**خامیسە:** بەڵێ بەڵێ.. زۆرم بیستووە.

**ئەبا مسکین:** زۆر باشە.. کەواتە من وەستایەکی سەیرو سەرسوڕهێنەرم.. ئەمەش لە گەورەیی خواوەیە.

**خامیسە:** باسی تۆیان زۆر بۆ کردووم.

**ئەبا مسکین:** لەدەستم دێ هەموو ئەو شتانە چاک بکەمەوە کە مرۆڤ



دروستی کردوون و هەر خۆشی خراپی کردوون وەک کارەبا و بۆری ئاو و سەلاجە و سەعات و پاسکیل و سەیارە و فڕۆکە و شەمەندەفەرو کۆلارە.

**خامیسە:** لەوە ئەچێ داهێنەر بیت؟

**ئەبا مسکین:** حەز ئەکەم بۆ زانیاری تایبەتی خۆشت ئەوەت پێ بڵێم کە من بۆیاخچیم.. دارتاشم.. ئاسنگەرم.. قەسابم.. وەستای خانووبەرەم.. نانەوام.. پۆلیسی خۆبەخشی هاتوچۆم. (*فیکەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەکەوێتە فیکە کێشان و دەستی بۆ هەر چوارلای خۆی دەجووڵێنێ*) لە هەر هەموو پیشەکانا شارەزام.. سەرباری ئەوەش هەژارو کڵۆڵم لەوە ئەچێ خەڵکی ئەم شارە هەموو کوێر بووبن.. بەڵام سوپاسی خوا ئەکەم کە هەروەکو دەمبینی خراپ نیم.. لە گەورەیی خوا بێ ئومێد نابم.. خوا دەروازەی هەموو زانستەکانی بۆ والآ کردووم و چاک ئەکەمەوە هەموو شتێ.

**خامیسە:** من تەنیا ئەمەوێ کارەباکەم بۆ چاکەیتەوە.

**ئەبا مسکین:** خەم مەخۆ بۆت چاک ئەکەمەوە.. تەنیا بەشتێک ناوێرم و توانام بەسەریا ناشکێ.

**خامیسە:** ئەو شتە چییە ئەبا مسکین؟

**ئەبا مسکین:** ئەو شتەیە کە خوا خولقاندوویەتی و مرۆڤ شێواندوویێتی.. ئەوە کاری من نییە و پەیوەندیشم پێوەی نییە.

**خامیسە:** خەمت نەبێ.. هەموو شتەکانی ئەم ماڵە مرۆڤ دروستی کردوون.

**ئەبا مسکین:** دە ئەوەندەی چاوتوروکانێک بۆت چاک ئەکەمەوە.

*(پەیژەکە دائەنێ و لەو وایەرانە وردئەبێتەوە کە شۆڕبوونەتەوە دەست ئەکا بە فیکەکێشان).*

**خامیسە:** وەستا گیان ئەم وایەرانە چییانە؟

**ئەبا مسکین:** ڕیشی خۆمیان تیا ئەبینمەوە ئافرەت.

**خامیسە:** ڕیشی خۆت؟

**ئەبا مسکین:** گوێ بگرە.. ئا.. خۆ تۆ ناوی خۆشت پێ نەگوتم.

**خامیسە:** ناوم خامیسەیە قوربان.

**ئەبا مسکین:** گوێ بگرە خامیسە.. یەکێک لە شتە سەیرەکانی ئەم دنیایە ئەوەیە کە ڕیشێکی درێژو بیناییەکی کورتی دامێ.

**خامیسە:** هیچ تێناگەم.

**ئەبا مسکین:** من کابرایەکی ئەوەندە ناسراوم هەموو خەڵکی شتەکانم ئەزانن کەچی من شتی کەس نازانم.

**خامیسە:** بۆچی ئەبا مسکین ؟

**ئەبا مسکین:** لەبەرئەوەی کەمێک گوێم گرانە.. تکات لێ ئەکەم خامیسە کە قسە ئەکەیت دەنگت بەرزکەرەوە.

**خامیسە:** بەسەرچاو مامە گیان.

**ئەبا مسکین:** هێجگار واش نا.. کەمێک نزمتر.. نە بە چرپە بدوێ و نە بە قیژەش.. تێدەگەیت.

**خامیسە:** بەڵێ تێگەیشتم.

**ئەبا مسکین:** هیچ شتێک لە خۆیەوە بەهێز نابێ مەگەر لەسەر لاوازبوونی شتێکی تر.. ئەوە خووی وایەر و خووی ڕیشمە.. ئەزانی نەهێنی ئەم دنیایە چییە ئافرەت؟



**خامیسە:** نەخێر نازانم.

**ئەبا مسکین:** دەمخۆش.. هیچ کەسێک لە حەقیقەتی ئەم دنیایە تێناگات ئەگەر وەک من حەکیم و زانا و فەقێیەکی سۆفیگەر نەبێ. (*لە بنمیچەکە ورد ئەبێتەوە*) هێی دنیا.

**خامیسە:** دنیا چییەتی؟

**ئەبا مسکین:** کتومت بەو وایەرانە ئەچێ.

**خامیسە:** ئەی ئەو وایەرانە چییانە؟

**ئەبا مسکین:** پەنا بەخوا.. سەیر تێکەڵاو بوون.. بڕوانە ئافرەت.. هەندێکیان لێرەوە هاتوون و هەندێکیان لەوێوە.. ئەمانە سوورن.. ئەوانە زەردن.. هەموو ڕەنگێکی تیایە.. تێک چڕاون و لێک ئاڵاون و بەربوونەتە یەک و شۆرت ئەکەن.. ئەو هێڵانەش شۆڕبوونەتەوە.. چاوت لێیە خامیسە؟

**خامیسە:** چاوم لێیانە.

**ئەبا مسکین:** لە کۆنییا شەوق و ڕەنگیان نەماوە. (ئەکۆکێ) ئاخ لە دەست ئەم ڕۆژگارە سەگبابە.

**خامیسە:** تۆ هاتووی کارەبا چاکەیتەوە چیت داوە لەم قسانە.

**ئەبا مسکین:** کارەبای چی؟ ئا بیرم کەوتەوە.

**خامیسە:** ئۆخەی شوکر.

**ئەبا مسکین:** تۆ خێزانی کێی؟

**خامیسە:** عەبدولسەمیع.

**ئەبا مسکین:** ئەیناسم و بە خزمەتی شادبووم.. لەم ماوەیەدا سەردانێکی کردم. بە تەواوی بیرم نەماوە کەی بوو.. ڕەنگە

مانگێک.. ڕۆژێک یان کاتژمێرێک لەمەوبەر بوویێت.. خوا ئەزانێت.. بەڵام ئەوەم لە بیرە کە داوای لێ کردم کارەباکەی بۆ چاک بکەمەوە..

**خامیسە:** باسی تۆی بۆ کردم ئەبا مسکین.

**ئەبا مسکین:** بەڕاستە؟ چۆنی باسی کردم؟

**خامیسە:** باسی ئەوەی کرد کە تۆ سەرسوڕهێنەرترین سەیروسەمەرەی.. حەکیمێکی زانا و ساحیرێکی گەورەی.

**ئەبا مسکین:** ڕاستە من ساحیرم بەڵام ئەم وایەرانە ئافرەت.

**خامیسە:** چییانە؟

**ئەبا مسکین:** سیحریش لە ئاستیانا دەستەوەستانە.. بەڵام دڵنیابە هەموو هێزی خۆم کۆئەکەمەوە و چی توانای ئەقڵیم هەیە هەمووی ئەخەمە گەڕ تا هەموو ئەو شتانەم بیرکەوێتەوە کە لەبارەی زانستی کارەبا و فیزیا و کیمیاوە دەیانزانم.. ئەگەر چی ئەمەش ئەوەندە ئاسان نییە.. تەنیا شتێکم بەکەڵک دێ.. ئەویش وردبوونەوەیە.. ئێستا لە کوێی بهێنم؟ (*چاوی بە ئەسپە دارینەکە و ئاشە هەواییەکە ئەکەوێ*) ئەو شتانە چین ئافرەت؟

**خامیسە:** ئەوانە ئەڵێی.. نازانم.

**ئەبا مسکین:** پێموایە شتی ترسناکن.. زۆر ترسناک.

**خامیسە:** نا ئەوانە تەنیا یارین.. یاری بێ کەڵک. (*بە حەسرەتەوە پێئەکەنێ*).

**ئەبا مسکین:** پەنا بەخوا.. بەو داهێنراوانە ئەڵێی بێ کەڵک.. پێم وایە ڕێزی داهێنەرەکەیت لا نییە.. ئێستا پێم گوتی گرنگ ئەوە نییە



شتی سەرسوڕهێنەر دابهێنی.. گرنگ ئەوەیە کەسێک پەیدا بکەی ڕێز لەو شتە سەرسوڕهێنەرانە بگرێت و لێیان تێبگات. خاتوونەکەم کار جوانترین ڕەونەقی پیاوە.. ڕێکوپێکی ئەو داهێنراوانە نیشانەی وردبینی خاوەنەکەیەتی.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع وردبینە؟

**ئەبا مسکین:** ئەو هەموو نیزام و ناسکییە بەڵگەی ئەوەیە کە خۆشی کەسێکی بە نیزامە.

**خامیسە:** ئەگەر باسی نیزام بکەی ئەو لووتکەی نیزامە.

**ئەبا مسکین:** پەنا بەخوا (*لە ئەسپە دارینەکە ورد ئەبێتەوە*)

**خامیسە:** تەماشای چی ئەکەی؟

**ئەبا مسکین:** هێشتا داهێنەرەکان لەم دنیایەدا ماون.. (پێئەکەنێ) من زۆر پەشیمانم لەوەی کە ئەمگوت ڕۆژگاری بلیمەتی بەسەرچوو. ئای تۆ چەند بە هەڵەدا چووی ئەبا مسکین.. ئەی ئەو ئامێرانە چین خامیسە؟

**خامیسە:** ئەوە ئەڵێی؟ عەبدولسەمیع پێی ئەڵێ ئاشی هەوایی.

**ئەبا مسکین:** شتێکی باش ئەکات ئەگەر جارێکی تر گەڕابێتەوە بۆ هەوا.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع باش ئەکات؟

**ئەبا مسکین:** تۆ ئەزانی خانمەکەم ئایندە هەمووی بۆ هەوا و گەردەلوول و ڕەشەبایە.

**خامیسە:** من تەنیا ئەوە ئەزانم کە کارەبای ئەم ماڵە دەبێ چاک بکرێت.

**ئەبا مسکین:** چاکی ئەکەم.. ئەمڕۆ نا بەیانی.. دوو بەیانی.. ساڵێکی تر.. من پێویستیم بە وردبینییە.. وردبینی لە کوێ بهێنم؟

**خامیسە:** ئەوە من جێت دەهێڵم تا بتوانی بیر بکەیتەوە.

(*دەیەوێت بڕوات*)

**ئەبا مسکین:** جارێ چاوەڕێکە.

**خامیسە:** چیت دەوێ؟

**ئەبا مسکین:** کووپێک چام ئەوێ تا کەمێک مەزاجم خۆش بێت و مێشکم بکەوێتەوە ئیش.

**خامیسە:** بەسەرچاو هەر ئێستا. (*دەیەوێت بڕوات*)

**ئەبا مسکین:** (*لە وایەرە شۆڕەوەبووەکان ورد ئەبێتەوە*) ئای کچی سەگ.

**خامیسە:** (*کە گوێی لەو وشەیە دەبێ دەوەستێ*) ئەوە لەگەڵ کێت بوو ئەبا مسکین؟

**ئەبا مسکین:** لەگەڵ دنیامە.. بێجگە لەو کێ شایەنی جوێن و نەفرەت و قسەی سووکە؟ ئەو دنیایەی دەمانهاڕێت و دەیپەرستین.. ئازارمان ئەدا کەچی خۆشمان دەوێ.. جێمان دەهێڵێ و بەردەوام لێی نابینەوە.

**خامیسە:** چاکتر نییە بیر لە وایەرەکان بکەیتەوە؟

**ئەبا مسکین:** وایە.. تۆ ئەتوانی بڕۆی بەلای کاری خۆتەوە. (*کەلوپەلی ئیشکردن دەبا و دەچێتە سەر دوا پلەی پەیژەکە و وایەرە شۆڕەوەبووەکان بەدەستەوە ئەگرێ*) ئای بۆگەن.. ئەڵێی مەتەڵێکی سەخت و گرانیت.. هەر لەم وایەرانە ئەچی.. لەکوێوە دەست پێ دەکا و لە کوێدا کۆتایی پێ دێت و کامە



ناوەڕاستێتی؟ کوا سەرەتا و کۆتاییت؟ تەنیا خوا ئەزانێ.. کۆمەڵێ وایەری کۆن و تێکئالاون.. ئەمەیان هی ئەوەیە.. زانیمان ئەمە گەرمی و ڕۆشنایی و شتی وا دەهێنێ.. ئەی ئەمەیان ئەبا مسکین؟ (*کۆمەڵێ وایەری بەدەستەوەیە*) پەنا بەخوا وەکو من پچڕاوە.. تەنانەت وایەریش هەتیو و بێ نەواو سەرخۆش و بێوەژن و تەڵاقدراویان تیایە. ئەم وایەرە پچڕاوانەش گەرمییان بۆ ناچێ و هەست بە هۆگری و ژیان و خۆشەویستی ناکەن.. وەکو من ئاوارەن.. ئای لەم دنیا سەگبابە. یەکێک ئەڵێ ئەوە باوکمە و یەکێک ئەڵێ ئەوە هاوڕێمە.. یەکێکی تر مام و ئامۆزا و خاڵ و خاڵۆزا و بن و بنەچە.. هەموو شتەکان لە یەکتری ئالاون تۆ نەبی ئەبامسکین تاکو تەنیا بێ بن و بنەچەیت. نە لە بنەچەیەکی ڕۆژهەڵاتی و نە لە بنەچەیەکی ڕۆژئاوایی. نە لێرەیت نە لەوێ.. هەموو دنیا لەم هێلانەدا رەنگ ئەداتەوە. تیایەتی تازەیەو بریقەی دێ.. هەشیانە کۆن و ڕزیوە.. هەندێکیان بۆ چاکبوونەوە دەشێن و هەندێکیشیان چارەسەرو شیفا هەڵناگرن باوەڕت بەخوا بێ ئەبا مسکین. (*خامیسە بە سینییەکەوە دێتە ژوورێ*)

**خامیسە:** خۆ زۆرم پێ نەچوو؟

**ئەبا مسکین:** نا نا.

**خامیسە:** چایەکی وام بۆ هێناوی تا ئێستا کەس چای وای نەدیوە.

**ئەبا مسکین:** کەسیش چای وای نەخواردۆتەوە.. ئەزانی کچی خۆم ئەگەر شەڕێکی تازە ڕووبدات.

**خامیسە:** خوا نەکات.

**ئەبا مسکین:** ئەوا بەدڵنیاییەوە لەسەر چا هەڵئەگیرسێت.

**خامیسە:** شتی وا نابێت.

**ئەبا مسکین:** زۆر باش ئەبێت.. ئەوە پێشبینی خۆمە ئەیدرکێنم.. ئامادەم لەبەردەم خەڵک و خوا و مێژوودا خاوەنی قسەی خۆم بم. (*کیسەیەک تووتن دەردەهێنێ و دەست ئەکا بە پێچانەوەی سیگارێک مژێکی لێ ئەدا و لە خانووەکە ورد ئەبێتەوە هەر وەک ئەوەی بۆ یەکەم جار ببینێ.*)

**ئەبا مسکین:** ئەم ماڵە ماڵی من نییە.

**خامیسە:** (*بۆ خۆی*) ئەم پیرەمێردە باسی چی ئەکا؟

**ئەبا مسکین:** بێگومان تۆش خێزانی من نیت.

**خامیسە:** بە دڵنیاییەوە وایە.

**ئەبا مسکین:** خێزانەکەی من ناوی مەنانە.

**خامیسە:** سەیرە ئەو ناوەم زۆر بیستووە.

**ئەبا مسکین:** نا پەشیمان بوومەوە.. ئەوەش مافی خۆمە چونکە ئەو ناوە زۆر کۆن و ناخۆشە.. ئەتوانم هەر ناوی لێ نەنێم.. وانییە؟ یاخود ژمارەیەکی بدەمێ وەک رابیعە یان خامیسە.

**خامیسە:** بەڵام من خامیسەم.

**ئەبا مسکین:** تۆ خامیسەیت؟

**خامیسە:** بەڵێ خێزانی عەبدولسەمیعم.

**ئەبا مسکین:** عەبدولسەمیع ؟ ئا.. دەیناسم.. بەڵام ئەوەی منی سەرسام کردووە ئەوەیە کە چ کوڕی سەگێ منی خستۆتە سەر ئەم پەیژەیە؟



**خامیسە:** تۆ بە خۆت سەرکەوتیت.

**ئەبا مسکین:** خۆم؟ سەیرە! پێم بڵێ خانمەکەم ئەگەر ئەم ماڵە ماڵی عەبدولسەمیع بێ من چی ئەکەم لێرە؟

**خامیسە:** هاتووی کارەباکە چاک بکەیتەوە.

**ئەبا مسکین:** من کارەبا چاک بکەمەوە؟ (*تووڕەهاتی بەخۆی دێ*) سەیرە من فڕم بەسەر کارەباوە نییە مەگەر تازە فێربووبم..(*دائەبەزێ*) خوا بتبەخشێ باوکە.. هەمیشە پێی ئەگوتم کوڕم تۆ لە کوللە ئەچی هەر ئەوە ئەزانی شتەکان بشکێنیت و چاکیان نەکەیتەوە.. رەنگە من تەنیا ژمارەیەکی زیادەبم لەم سەر زەمینە هەر لەبەر ئەوەش منیان هێناوە پێویستییان بە کەسێک بووە ژمارەکانیان بۆ پڕ بکاتەوە.

**خامیسە:** سەیرە تۆش وا بەخۆت ئەڵێی؟

**ئەبا مسکین:** بۆچی نا؟ ئەوە حەقیقەتە خانمەکەم.

**خامیسە:** بەڵام خەڵکی وات پێ ناڵێن.

**ئەبا مسکین:** خەڵکی چی ئەڵێن؟

**خامیسە:** پێت ئەڵێن تۆ لەبارەی ڕووناکی و وایەر و کارەباوە زانایەکی گەورە و بلیمەتی.. زۆر چیرۆکی سەیروسەمەرەت لێ ئەگێڕنەوە.. تۆیان گەیاندۆتە کەشکەڵانی ئاسمان و بەخۆت نەزانیوە.

**ئەبا مسکین:** درۆ ئەکەن خامیسە.. بە نووری خوا درۆ ئەکەن منیش وەک ئەوان درۆزنم. شای درۆزنەکان منم. تا ڕۆژی زیندووبوونەوە نەفرەتی خوام لێ بێ.

**خامیسە:** گوێ بگرە ئەبا مسکین ئێستا ئەو کارەبایەمان بۆ چاک ئەکەی یان نا.

**ئەبا مسکین:** سەیرە کچی خۆم خۆ من پێغەمبەر نیم؟

**خامیسە:** بۆ باسی پێغەمبەر ئەکەی؟

**ئەبا مسکین:** ئەی باشە خۆ من بلیمەتی کارەبا نیم؟

**خامیسە:** ئەوە چی ئەڵێی؟ تێکچووی؟

**ئەبا مسکین:** ئەترسم بە سەرکردەیەکی قسەزانم بزانی؟

**خامیسە:** تێناگەم.. سەیرە.

**ئەبا مسکین:** هەتا ئەگەر هەموو خەڵک و سەرزەمینیش بگۆڕم بێ لە ئەبا مسکین چی تر نیم.. پیاوێکی لانەواز و پەرپووت کە هیچ قورساییەکی نییە. بێ کەڵک و ڕیسوا.. نە درێژی هەیە و نە پانی.. نە بە هاتنم شوێنێک پڕ ئەبێتەوە و نە بە ڕۆیشتنم جێگەیەک چۆڵ ئەبێ. (*تەماشای بنمیچەکە ئەکات*) بڕوانە سەرەوە خامیسە.. ئەوە دنیای هیچ و پووچە.

**خامیسە:** دنیا؟

**ئەبا مسکین:** هەموو پێغەمبەر و زانا و حاکم و فەقێ و سەرکردە و سوڵتان و میرنشینەکان بەدەست مەسەلەی دنیاوە سەرسام بوون. تەنانەت ئەبا مسکینی کلۆڵیشی حەیران کردووە

**خامیسە:** چیمان داوە لە دنیا پیاوەکە؟ ئەوانە تەنیا هێڵی کارەبان.

**ئەبا مسکین:** ڕاستە هێڵی کارەبان بەڵام لێک ئالاون و دەستیان لە یەخەی یەکتری گیر کردووە و شەڕ ئەکەن.

**خامیسە:** ئێ دە وایە. بۆ ئەوەمان هێناوی چاکیان کەیتەوە.



**ئەبا مسکین:** منتان هێناوە ؟ بەڵام بۆچی؟

**خامیسە:** چونکە تەنیا هەر تۆ ئەتوانی چاکیان کەیتەوە.. تۆ ئەبا مسکینی مەزنی هەوڵبدە بی ربکەیتەوە.

**ئەبا مسکین:** گوێ بگرە کچی خۆم ئەم ماڵە پێویستی بەوەستا نییە.

**خامیسە:** چۆن؟ ئەی ئەو وایەرە شۆڕەوە بووانە؟

**ئەبا مسکین:** ئەوانە پێویستییان بە موعجیزە هەیە.. موعجیزەیەک لە ئاسمانەوە بۆت بێتە خوارێ و ژیان بەو ئێسقانە ڕزیوانە بەخشێتەوە. گۆچانەکەی موسا هەیە. تۆ پێویستت بە... (*لە بنمیچەکە ورد ئەبێتەوە*) ئەو هێڵانە لە یەکتری بێبەری بوون. بە دزی و بە ئاشکرا ڕقیان لە یەکترییە و شەڕ لە دژی یەک بەرپا ئەکەن. کێ ئەتوانێ ئەو کارەساتە چاک بکاتەوە مەگەر خوا موعجیزەی بۆ رەوانە بکات. من دەڕۆم ئافرەت. سڵاو لە عەبدولغەفووری مێردت بکە.

**خامیسە:** ناوی عەبدولسەمیعە.

**ئەبا مسکین:** عەبدولسەمیع؟! ئا ئەیناسم.. ئەم مێشکە بۆگەنەم خەریکە بەتەواوی دەشێوێ.. یادەوەریم وێران بووە. (*لەکاتی ڕۆیشتنا ڕیشە خواستراوەکەی لێ دەکەوێتە خوارێ*).

**خامیسە:** ئەبا مسکین.. ڕیشەکەت لێ کەوتە خوارێ.

**ئەبا مسکین:** سەیرە.. ڕیش چۆن دەکەوێتە خوارێ خانمەکەم؟

**خامیسە:** بەڵێ دەکەوێ.. بەتایبەتی ئەگەر خواستراو بێ وەک ئەمەی تۆ.

**ئەبا مسکین:** خواستراو؟! بەڵام ڕیشی خواستراو بۆچی؟! لە

مەملەکەتی خوایا چی زۆرە موو زۆرە.

**خامیسە:** هەڵبەت بۆ ئەوەی هەڵدەگرن تا خەڵکی پێ لە خشتە بەرن.

**ئەبا مسکین:** خشتە بردن؟

**خامیسە:** بۆ گاڵتەکردن بەو ئافرەتە سادەو ساویلکانەی کە وەکو من وان. ئەبا مسکین ڕیشەکەت لەگەڵ خۆتا بەرەوە.

**ئەبا مسکین:** (*لە ڕیشەکە ورد ئەبێتەوە*) ئەوە ڕیشی من نییە.

**خامیسە:** دڵنیای لەوە؟

**ئەبا مسکین:** زۆر دڵنیام.. من مووم رەشە.. ئەم ڕیشەش ماشوبرنجییە. کێ ئەڵێ ئەمە ڕیشی تۆ نییە؟

**خامیسە:** ژنان ڕیشیان لە کوێ بوو؟

**ئەبا مسکین:** ڕاستە.. ئەوەم لەیاد نەبوو.. کەواتە ڕیشی عەبدولسەمیعی مێردتە.

**خامیسە:** بەڵێ ئەوە ڕیشی ئەو فێڵبازەیە (ئەکۆکێ) تۆ ئەزانی ئەبا مسکین لەم دنیایەدا کەسێ نییە هێندەی مێردەکەم سادە و ساویلکە و خەمسارد بێ.

**ئەبا مسکین:** نا تۆ زوڵمی لێ ئەکەی.. خۆم دیومە و قسەم لەگەڵ کردووە و هەواڵیشیم لە خەڵک پرسیوە.. لە دواییا بۆم دەرکەوت شاسواری هەموو عەرەب و عەجەمەکانە.. ئەمە شایەتییەکی هەقە کە دەرهەق بەو پیاوە گەورە و چاکە ئەیدەم.

**خامیسە:** (بە تووڕەیی) بەسە.. ئیتر ئەم درۆ و فێڵبازییە با بەس بێ. تەفرەم ئەدەی ئەی نەفرەت لێکراو؟ تۆ نەچووی بە شوێن کارەباچییەکەیا؟ کوا ئەو بلیمەتە مەزنەی چووی بە شوێنیا؟



**ئەبا مسکین:** ئەوە منم.. من.

**خامیسە:** تۆ؟

**ئەبا مسکین:** بەڵێ منم.. ئەوەت بەلاوە سەیرە؟ من کارەباچییەکی گەورە و بلیمەتم و موعجیزەیەکی خودایيم کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

**خامیسە:** تۆ.. تۆ کێی؟ عەبدولسەمیعی یان ئەبا مسکین؟

**ئەبا مسکین:** من عەبدولسەمیعی کوڕی عەبدولبەسیری کڵۆڵم.. لەم دنیایەدا هەموو کڵۆڵین.. تەنانەت تۆش.. بەڵێ تۆش و ئەو و ئەوانیش و ئێمەش و ئێوەش. لەم دنیایەدا هەموو کڵۆڵ و داماوین.. ئەو دنیایەی هەمیشە هەڵمان دەلووشێ.

**خامیسە:** ئەو جلوبەرگە شانۆییيانەت فڕێدە.. لەبەرچاوما فڕێیدە.. پێمگوتی فڕێیدە ئەگینا..

**عەبدولسەمیع:** (*لێرەدا ئەبێتەوە بە عەبدولسەمیع*) ئەگینا چی؟

**خامیسە:** (*بەهەمان هەناسەی عەبدولسەمیعەوە*) ئەگینا لەبەرتا هەڵیئەتڵیشێنم.

**عەبدولسەمیع:** فڕێی ئەدەم خۆت سەغڵەت مەکە.. تووڕە مەبە کچەکەی خاڵە مەئموون تووڕەبوون بۆ تەندروستیت باشنییە.. چەند جار دکتۆر ئەوەی پێ گوتووی کەچی گوێی پێ نادەی.

**خامیسە:** حەز ئەکەم کەللەت وردو خاش کەم تا بزانم چی تیایە.

**عەبدولسەمیع:** هیچی تیا نییە.. باوەڕکە هیچی تیا نییە.

**خامیسە:** نا بەڵکو پڕێتی لە فرتوفێڵ و درۆ.. هەر ئێستا کەللەت بۆ ئەتەقێنم (*بەدوایا ڕائەکات*)

**عەبدولسەمیع:** چاوەڕێ کە تا ئالآکە حازر ئەکەم. (دەستڕۆکەیەکی *سپی ئەکا بە دارێکەوە*).

**خامیسە:** ئەوە چی ئەکەی؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە ئالآی خۆبەدەستەوەدان و ئاشتی هەڵئەکەم.. ئیتر وازم لێ بێنە **خامیسە**:.. ڕێزی ئەو ئاگربەستە بگرە کە ڕامانگەیاندووە.

**خامیسە:** کوا هیچمان ڕانەگەیاندووە.

**عەبدولسەمیع:** ڕێزی پەیماننامەی جنێف بگرە دەنا خوانەکردە دەبیتە گوناهباری جەنگ.

**خامیسە:** پێمبڵێ عەبدولسەمیع پێش من کەس ئەم قسانەی پێ گووتوی؟

**عەبدولسەمیع:** کام قسانە؟

**خامیسە:** تۆ سووک و ڕیسوای.. تۆ لەم دنیایەدا هیچ نیت.

**عەبدولسەمیع:** (پێئەکەنێ) چەند جارم گوێ لێ بووە.. یەکەمین جار دایکم پێی گوتم.. خوا بیبەخشێ.. هەرچی ناو و ناتۆرەی ناشرین هەیە بەسەریا دابڕیم تاوەکو لە گەڕەکا ناویان لێ نام مناڵە جوانەکە.

**خامیسە:** بەلآم تۆ زۆر ناشرین و دزێوی عەبدولسەمیع.. ئەوەشم پێ بڵێ کەس هەیە وەکو من شلکوتی مەرگی کردبی؟

**عەبدولسەمیع:** (*بەکوڵ ئەگری*) تکات لێ ئەکەم مناڵیی پڕ ئازارو ئەشکەنجەم بیر مەهێنەرەوە.. توخوا دڵت بەو مناڵە هەتیوە بسووتێ.. بەزەییت پیابێتەوە.. خوا لەم دنیاو لەو دنیاش چاکت



بۆ بکاو لەماڵی پڕ خەوش و نەنگی دنیا بە بێ خەوش بتباتەوە.

**خامیسە:** ئەی مناڵە بچکۆلەکە تۆ هێشتا گەورە نەبووی.. پێویستت بە تەمێکردنە.. هیچ شتێکیش هێندەی گالۆک تەمێت ناکات. (*گالۆکێک هەڵدەگرێ و لێی ڕائەوەشێنێ*) جوان تەماشای کە. لە شەنگی و چەمانەوەی ورد بەرەوە.. تەماشای رەنگ و بالآ و هەیبەتی کە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوەتا تەماشای ئەکەم.. لەو شتە خواروخێچە تۆقیوم.

**خامیسە:** قسەی بێ سەرو بەر مەکە هاروهاج.. بگرە (*لێی ئەدا*) بگرە.

دەنگێکی دەرەکی: (*هاوارو نووزانەوەی مناڵێکە.. دەنگەکە لەگەڵ جووڵەی لێوەکانی عەبدولسەمیعدا جووتە*) دایە گیان لێم مەدە.. هەر ئەمجارە لێم مەدە.

**خامیسە:** من دایکتم سەرسەری؟

**دەنگەکە:** بە فاتیمەی زەهرا ئیتر هاری ناکەم.. ئیتر شەڕەشەق ناکەم. (کەمێک *تاریکی*)

(*عەبدولسەمیع لە لایەک و خامیسە لە لایەکی تر دانیشتووە. هەردووکیان بێدەنگن بە جۆرێک کە لەیەک زویر بووبن*)

**عەبدولسەمیع:** (*بە خەمباری*) تۆ نازانی خامیسە من هەتیوم؟

**خامیسە:** هەتیوی؟ هەزار جار ئەوەت بۆ دووبارە کردووەمەتەوە.

**عەبدولسەمیع:** هەزار جارم گوتووە کەچی تۆ هەر ڕقت لێم ئەبێتەوە ئەی تاوانبار.

**خامیسە:** من ڕقم لێت ئەبێتەوە؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ خوا فەرمووویەتی خێر بەهەتیوان بکەن.. من یەکێکم لەو هەتیوانە.. هەتیوێکی داماو و دەربەدەر و بێ سەرو شوێن کەچی تۆ ڕقت لێم ئەبێتەوە.

**خامیسە:** بەڵام عەبدولسەمیع تۆ وەک مناڵ ڕەفتار ئەکەی.

**عەبدولسەمیع:** ئێ جا چییە؟

**خامیسە:** بە درێژایی ڕۆژ هەر خەریکی یاریکردنی.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە یاری نییە کچەکەی خاڵە مەئموون.. ئەوانە داهێنراوی زانستین. داهێنراوی سەیرن.. سەیر.

**خامیسە:** نا تۆ بێ لە یاریکردن هیچی کە ناکەی.. بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە هەر خەریکی یاریکردنی.. بێزاربوونت بۆ نییە.

**عەبدولسەمیع:** بۆچی بێزار بم کە من بەوە کەیفخۆش بم.

**خامیسە:** ئەزانی عەبدولسەمیع تۆ لە شەختەی سیبریا ساردو سڕتری؟

**عەبدولسەمیع:** سیبریا ئەکەوێتە کوێوە؟

**خامیسە:** ئەزانی قسەکانم هەقە ئەتەوێ لەبیرم بەریتەوە.

**عەبدولسەمیع:** جا تۆ قسەی هەقت هەبووە؟

**خامیسە:** هەمیشە خۆت ئەدزیتەوە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوەی بکەوێتە داوی تۆوە ئەتوانێ خۆی بدزێتەوە.

**خامیسە:** ئەڵێی بتی.

**عەبدولسەمیع:** بت ؟! دە بمپەرستە **خامیسە:**.. بمپەرستە زەرەر ناکەی.

**خامیسە:** نا ورد و خاشت ئەکەم.



**عەبدولسەمیع:** ئاخر خوا ئەتکا بە پەنگ (*چاو بۆ ئاسمان هەڵەبڕێ*) بیبەخشە ئاسمان.. خامیسەی ژنم ئافرەتێکی خراپ نییە بەڵام بەداخەوە گێلە.

**خامیسە:** سەیرە! ئومێدت بە هیچ نەماوە.. بەردەوام لە شوێنی خۆت چەقت بەستووەو هەر ئەڵێی مردووی.. گوێ بگرە عەبدولسەمیع ئەتوانی بە ئارەزووی خۆت بڕۆیت و سەفەر بکەی. ئەگەر پاسەوانی ئەم دیوارانە ئەکەی دڵنیابە کەس دیوارەکان نادزێ.

**عەبدولسەمیع:** چۆن تۆ بەجێ دەهێڵم ؟ چاوەڕوانی چی لە دەرەوە بکەم کە ماڵەکەی ئێمە هەموو گەردوونی لەخۆ گرتبێ؟

**خامیسە:** ئەگەر ئەتەوێ منیش لەگەڵتا بێمە دەرێ دێم.

**عەبدولسەمیع:** نابێت.. ئاگات لێ نییە ئەحکامی عورفییان دەرکردووە؟

**خامیسە:** درۆیە.. ئەوە قسەی قۆڕە خۆت هەڵتبەستووە.

**عەبدولسەمیع:** باوەڕکە تەنانەت هاتوچۆشیان قەدەغە کردووە.

**خامیسە:** درۆو دەلەسەیە.

**عەبدولسەمیع:** قسەکردن و کۆبوونەوە و هەناسەدانیشیان قەدەغە کردووە.. ئەگەر بچمە دەرەوە **خامیسە:** ئەمکوژن.. بەو تەمەنە کەمەتەوە ئەتەوێ بێوەژن بکەوی؟ باوەڕ ناکەم حەزکەی بەتایبەتی لە ئێستادا کە چاوەڕێی هاتنی مناڵەکان ئەکەی.. هاتنی حەسەن و حسێن و ڕازی و ڕەزوان. پێم بڵێ **خامیسە:** ئەگەر خوا کردی و مردم بۆم ئەگریت؟

**خامیسە:** نازانم.

**عەبدولسەمیع:** ئاخ.. کەواتە دڵنیا نیت لەوەی بۆم دەگری یان نا؟

**خامیسە:** لە کوێوە دڵنیابم کە نە تۆ مردنت تاقی کردبێتەوەو نە منیش دووری و دابڕانی تۆم بینیبێ؟

**عەبدولسەمیع:** کەواتە کچەکەی خاڵە مەئموون وای دابنێ من مردووم.. یان خەریکە ئەمرم.. کوا کفنەکەم؟ (*دەچێتە سەر چرپاکە*) مەلاو خەڵکم لە دەور خڕ کەرەوە با نوێژم لەسەر بکەن و قورئانم لەسەر بخوێنن.. بخوردم بۆ بسووتێنن.

**خامیسە:** ئەوە چییەکەی؟

**عەبدولسەمیع:** بێدەنگ بە و مردنەکەم لێ مەشێوێنە.. ڕێگەمبە ئامێز بۆ هێمنی و بێدەنگی والاکەم و گیانی خۆم بسپێرم.

**خامیسە:** سەر بەقوڕت پێ یەتە پێکەنین عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئافرەت تۆ پێویستە شیوەن بگێڕیت.

**خامیسە:** ڕاستە وایە بەڵام ئەترسم بێزارت بکەم (*پێئەکەنێ*)

**عەبدولسەمیع:** لە هیچ مەترسە.. من و مردن برای یەکین.. نە مردن لە من ئەترسێ و نە منیش لە مردن ئەترسم.

**خامیسە:** تۆ هەر خەریکی وڕێنەکردنی.

**عەبدولسەمیع:** ئەی خودایە نیەتم هەیە بمرم.. نیازم هەیە لەم دنیا بۆگەنە بچمە دەرێ.. ئەمەوێ لەم کۆیلایەتییە ئازادبم.. ئاواتمە بفڕم.. بڕۆم و ئازادبم (*سەرچەفەکە ئەدات بەسەر خۆیا*)

**خامیسە:** مردم.

**خامیسە:** نابێ.

**عەبدولسەمیع:** پێم گوتی مردم.. ئێستا ئەتوانی بگریت.. ئەی خامیسەی کچی خاڵە مەئموون با گوێم لە دەنگە ناقۆلاکەت بێ.



**خامیسە:** بەڵام فرمێسک لە چاوم هەڵناوەرێ عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە چی ئەڵێی؟ کەواتە منت خۆش ناوێ؟

**خامیسە:** نا من هەرگیز وا منەگوتووە.

**عەبدولسەمیع:** ئای تۆ چەند بێ هەست و سۆزی خانمەکەم. تۆ هەمیشە چاوبرسی بوویت و شتە پیس و پۆخڵەکانی خۆشت زۆر بەلاوە بەنرخ بووە.

**خامیسە:** گوێ بگرە عەبدولسەمیع چۆنە بە پیاز جنین خۆم بخەمە گریان؟

**عەبدولسەمیع:** بە چی خۆت بخەیتە گریان؟

**خامیسە:** بە پیاز جنین.. باشترین شتە بۆ ئەوەی فرمێسک بەخوڕ بە چاوما بێتە خوارێ.. من بەوە ڕاهاتووم.. یەکسەر چاوم پڕ ئەبێ لە ئاو.. ئەوەت بەلاوە چۆنە؟

**عەبدولسەمیع:** چی ئەکەی بیکە.

**خامیسە:** بەڕاستە؟

**عەبدولسەمیع:** هەرچییەک ئەهێنی بیهێنە.. پیاز.. تەماتە.. لیمۆ.. ئەی دڵڕەق گرنگ ئەوەیە بگریت.

**خامیسە:** وەک خۆت ئەڵێی بەسەرتا ئەگریم.. تەماشاکە عەبدولسەمیع. تەماشا... (*تاوێ دەگری و تاوێ پێئەکەنێ*)

**عەبدولسەمیع:** (*تووڕەیە*) ئای خوایە گیان ئەم ژنە ئۆینبازە خەریکی چییە؟

**خامیسە:** دەگریم عەبدولسەمیع دەگریم.

**عەبدولسەمیع:** تۆ پێئەکەنی.. من خەریکە گیان ئەسپێرم و تۆش

پێئەکەنی من لەم دنیایەدا بەختم نەبوو.. هەموو دەرگاکان بە ڕووتا داخراون عەبدولسەمیع تەنیا دەرگای مردن نەبێ. (پێئەکەنێ) کێ ئەزانێ.. لەوانەیە ئەویش بەڕووتا داخرابێ.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع ڕێگەم ئەدەی پرسیارێکی بێ مانات لێ بکەم؟

**عەبدولسەمیع:** بە ئارەزووی خۆت پرسیار کە.. من ڕاهاتووم بەوەی بەردەوام گوێ لە پرسیارە بێ ماناکانی تۆ بگرم.

**خامیسە:** بەڕاستی ئەتەوێ بمری؟

**عەبدولسەمیع:** پرسیارێکی زۆر بێ مانایە.. چۆن حەزم پێی نییە کە مردن ئازادم بکا و خۆشی و حەسانەوەم پێ بەخشێ؟

**خامیسە:** بەڵام هیچ وەسێتێکت بۆ نەکردم.

**عەبدولسەمیع:** وەسێتێ بۆ خۆت ئەکەم ژنەکە.

**خامیسە:** وەسێتێکی جوانە؟

**عەبدولسەمیع:** ئەمەوێ لەدوای من شوو نەکەیتەوە.

**خامیسە:** (بە چرپە) وەسێتەکەم بەدڵ نییە.

**عەبدولسەمیع:** چی ئەڵێی؟

**خامیسە:** هیچ.. وەسێتەکەت تەواوکە.

**عەبدولسەمیع:** لە هەموو لایەکەوە پیاوەکان دەوروخولت ئەدەن.

**خامیسە:** بەدڵنیاییەوە وایە.

**عەبدولسەمیع:** لێت نابنەوە.. ئەو کاتەش بۆم ناکرێ دڵپیسیت لێ بکەم.. ئەوە ئازارم ئەدات.

**خامیسە:** زۆرم پێ خۆشە.. دەی تەواوی بکە.

**عەبدولسەمیع:** هەواڵت لە پیرەژنە دوکاندارەکە ئەپرسن.



**خامیسە:** بەڵێ.. لە سەفوانی شاگردی سەموونخانەکەش.

**عەبدولسەمیع:** لە هەموو پیرەژنەکانی ئەم گەڕەکە ئەپرسن. (*دەوری پیاوێک ئەبینێ کە پرسیار لە پیرێژنێ ئەکا*) پووری گیان بە یارمەتی خۆت ئەو ژنە ئەناسی؟

**خامیسە:** (*دەوری پیرێژنێک ئەبینێ*) کوڕی خۆم کام ژنە ئەڵێی؟

**عەبدولسەمیع:** ئەو ژنە ئەڵێم کە لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێناوە.

**خامیسە:** ئا خامیسە ئەڵێی (بەفێڵبازییەوە پێدەکەنێ) ئەو مانگە جوانەی کە هەرگیز ون نابێ. من خۆی و دایکی و باوکی خاڵە مەئموون–دەناسم. لە ڕەگوڕیشەی خۆی و خێزانەکەی شارەزام.

**عەبدولسەمیع:** خۆی چۆنە؟

**خامیسە:** ژنێکی جوان و جەحێڵە.. ئەڵێی گوڵە.. هەتا بڵێی کچێکی خانەدان و بەئەدەب و بەحەیاو حورمەتە.

**عەبدولسەمیع:** ئەی عەبدولسەمیعی خوالێخۆشبوو؟

**خامیسە:** مرد و بەجێی هێشت.. ئەزانی ژنەکەی چل ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو؟

**عەبدولسەمیع:** درۆیە.

**خامیسە:** ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و ناسکە.. ئەو کەسەی دەیهێنێ کوڕی خۆم بەختەوەرە.

**عەبدولسەمیع:** ئەی پووری گیان ماڵ و حاڵی چۆنە.. پارەی هەیە؟

**خامیسە:** کوڕەکەم زۆر دەوڵەمەندە.

**عەبدولسەمیع:** خامیسە ئەڵێی؟

خامیسە: بەڵێ لە رەوشت و ڕێزو خانەدانییا زۆر دەوڵەمەندە.

**عەبدولسەمیع:** رەوشت چیم بۆ ئەکا؟

**خامیسە:** بە پێچەوانەی هەموو کچێکەوە کوڕی خۆم هێمن و سەلارو لەسەرخۆیە.

**عەبدولسەمیع:** درۆیە.

**خامیسە:** بە بەشی خۆی ڕازییە.. بەیانی و ئێوارە سەرکز ئەکاتە سەر سفرەی خۆی و سوپاسی خوا ئەکا.

**عەبدولسەمیع:** ئەی خاڵە مەئموونی باوکی لەماڵی دنیا هیچی بۆ جێ هێشتووە؟

**خامیسە:** دوعا و نوێژ و چاکەکانی خۆی بۆ جێ هێشتووە.

**عەبدولسەمیع:** هەر ئەوە؟

**خامیسە:** بێ لەوە تا ڕۆژی زیندووبوونەوە گەردن ئازادی بۆ خۆی.. ڕازیبوون لە منداڵەکانی و لە نەوەی منداڵەکانی بۆ جێ هێشتووە.

**عەبدولسەمیع:** ئەو بێوەژنە فەوتاوە. باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک پێی ڕازی بێ. مەگەر خوا بینین و ڕۆشنایی لێ سەندبێتەوە.. بێوەژنێکی بێ ماڵوحاڵ وەک زستانێکی بێ باران وایە. (*دەچێتەوە سەر دۆخی جارانی*) ئەوا ئیتر عەبدولسەمیع ماڵئاواییت لێ ئەکاو لەدوای خۆیەوە تەمومژ و هەورت بۆ بەجێ دەهێڵێ.. ئیتر هەر بە تەنیا ئەمێنیتەوە. تەنانەت منداڵەکانیشت لەدایک نەبوون و هەرگیز لەدایکیش نابن.

**خامیسە:** (*دەچێتەوە سەر کەسێتی خۆی*) کەواتە مەمرە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** نەخێر هەر ئێستا ئەمرم.. ئەمرم تا لەم دنیا فراوانەدا



کڵۆڵ و تەنیا بەجێت بهێڵم.

**خامیسە:** (*لێی ئەپاڕێتەوە*) تکات لێ ئەکەم جارێ مردنەکەت دوابخە.

**عەبدولسەمیع:** تاکەی دوای بخەم؟

**خامیسە:** تا ئەو کاتەی دەوڵەمەند ئەبی.

**عەبدولسەمیع:** ئەی کچی خاڵە مەئموون ئەوە شتێکی مەحاڵە.

**خامیسە:** یا هەر هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی منداڵەکان لە دایک ئەبن.

**عەبدولسەمیع:** نا ئیتر چاوەڕێ نابم و لە بڕیاری خۆشم پاشگەز نابمەوە.. من دەڕۆم ئیتر لەمڕۆ بەدواوە کەسێک نییە بتپارێزێ ئافرەت.

**خامیسە:** تۆ ئەمپارێزی؟

**عەبدولسەمیع:** هەرگیز.. من ئێستا لێرە نیم.. لە گەشتێکی دوورو درێژام.. زۆر دوورو درێژ.. ئیتر وەک بزنێکی دابڕاوت لێ دێ کە چاوی شوانیشت لێ ون بێ. ئەبیتە خۆراکی گورگ و پڵنگ و ئاژەڵە کێوییەکان.

**خامیسە:** تۆ ئەمترسێنی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** من ئیتر ئەمرم.

**خامیسە:** پێم گوتی مەمرە.. مەمرە.. مەمرە.. (*بەتوندوتیژییەوە ڕایدەوەشێنێت و هەردووکیان بەبێ جووڵە دەکەون*).

تاریکی

## هەناسەی چوارەم

ئەو کاتەی کە عەبدولسەمیع مناڵ بوو

دوای ئەوەی کە شانۆ ڕووناک ئەبێتەوە خامیسە هەڵدەستێ و تەماشای چواردەوری خۆی ئەکات.. وەک ئەوەی تازە بەئاگا هاتبێتەوە لەنزیک خۆیەوە هەست بە عەبدولسەمیع دەکات، هەڵیئەستێنێ.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع ئەوە بەڕاستی مردووی؟

**عەبدولسەمیع:** (*بەبێ ئەوەی چاوی بکاتەوە*) بەڵێ مردووم.

**خامیسە:** ئاخر بۆچی؟ پێم بڵێ عەبدولسەمیع لە چی بێزار بووی؟

**عەبدولسەمیع:** لە هەموو شتەکانی تۆ بێزار بووم.

**خامیسە:** وەکو چی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** داواکارییەکانی تۆ هەراسانیان کردووم.. سنوورو کۆتاییيان بۆ نییە.

**خامیسە:** داواکارییەکانی من عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ داواکارییەکانی تۆ.. لەبیرت چۆوە.. ئەوەم بۆ بێنە.. ئەوەم بۆ بکڕە.. کراسەکە ڕەنگی سەوزی کاڵ بێ.. پێڵاوەکان سپی بێ.. لەچکەکە لیمۆیی بێ.. ئەوەم ئەوێ.. ئەوەم نییە.. ئەوە.. ئەوە... بۆ تۆ پێت وایە من سیحری سلێمانم هەیە یان گەنجینەی قاروون؟ کچەکەی خاڵە مەئموون من بێ لە



پیاوێکی لانەوازو پەڕپووت چیتر نیم. نە سەرۆکم و نە پێغەمبەرم و نە قەشەم و نە وەلییەکم لە وەلییەکانی خوا. لەم دنیایەدا بە میوانێکم بزانە.. هاتووم و بەم زووانە ئەچمە دەرێ.. ئەوەندە بەنگ نابم تا بەسەر شانی خەڵکییەوە نەبمە ئەرکێکی گران.

**خامیسە:** هەستە عەبدولسەمیع ئیتر لەمەودوا داوای هیچت لێ ناکەم.

**عەبدولسەمیع:** باوەڕت پێ ناکەم.. وازم لێ بێنە کچەکەی خاڵە مەئموون.. لە کۆڵم بەرەوە..

**خامیسە:** گوێ بگرە.. ئەتوانی بە ئارەزووی خۆت لەم ماڵەدا یاری بکەی.

**عەبدولسەمیع:** تۆ کەی هۆش دەهێنیتەوە بەر خۆت.. ئەوانە داهێنانن خامیسە.. لەمە تێئەگەی؟ کەی؟

**خامیسە:** چی ناو ئەنێی ناوی بنێ.. گرنگ ئەوەیە واز لەم مردنە بهێنی.

**عەبدولسەمیع:** خامیسە باوەڕ بکە ڕۆژێ لە ڕۆژان یاریم نەکردووە. (*هەڵئەسێ و چاوی ئەکاتەوە*) کە بۆ یەکەم جار چاوم کردەوە لەنزیک خۆمەوە چاوم پێی کەوت.. لێمپرسی تۆ کێی؟ گوتی من دایکتم. پێم گوت: ئەی باوکم کوا؟ گوتی: ڕۆژێک چاوەکانی نوقاند و ماڵئاوایی کرد.. پرسیم ئەی ئەم دیوارانە چین؟ گوتی: کوڕەکەم ئەوە ماڵەکەمانە کە هەر ئەڵێی گۆڕە.. ماڵێکی ڕووتوقووت دەبێ پۆشتەی کەیتەوە. ئیتر داواکارییەکانی وەکو گەڵای دار بەسەرما وەرین.. هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی بەڕووما داخست و هەر چواردەوری لێ

تەنیم. هەر ئەو وەختە منیش حەزم ئەکرد بتوانم چاوەکانم بنوقێنم و بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووم. (*چاوەکانی ئەنووقێنێت و ئەیەوێ پاڵ کەوێتەوە، بەڵام خامیسە ڕێگەی لێ ئەگرێ*) من وەکو منالّی خەڵکی یاریم نەکرد خامیسە.

**خامیسە:** ئێستا ئەتوانی بە ئارەزووی خۆت یاری بکەی.

**عەبدولسەمیع:** بۆ ئەوێ بڕوانە خامیسە.. ئەها یاری ئەکەن.. ئەمەوێ لە گەڵیانا یاری بکەم.

**خامیسە:** کوڕەکەم کەس بە یاریکردن نانی پەیا نەکردووە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە باسی چی ئەکەی؟ ئەوە کەی قسەی تۆ بووە خامیسە؟

**خامیسە:** نەخێر ئەوە قسەی دایکە میهرەبانەکەتە.. ئەی خۆت بۆت نەگێڕامەوە؟

**عەبدولسەمیع:** (*تەماشای لای کەوالیسەکانەوە ئەکات*) هەموویان باڵایان وەکو منە خامیسە.

**خامیسە:** نەخێر باڵایان لە تۆ بەرزترە..

**عەبدولسەمیع:** هەموویان لە تەمەنی منان.

**خامیسە:** ڕاستە لە تەمەنی تۆیان بەڵام لە تۆ باشترن.

**عەبدولسەمیع:** ئەتەوێ بڵێی چی؟

**خامیسە:** ئەوانە منالّی خوا پێواون کوڕەکەم.

**عەبدولسەمیع:** خوا پێواو چییە دایکە؟

**خامیسە:** چیت پێ بڵێم.. ئەوانە پارەیان هەیە عەبدولسەمیع.



**عەبدولسەمیع:** ئەی پارە چییە؟

**خامیسە:** ئەوە شتێکە بە ڕەنجی شان هەستی پێ ئەکەی.

**عەبدولسەمیع:** بەڵام ئەو منالانە ڕەنج نایەن و هەر خەریکی یاری و ڕاکەڕاکەن. ئەمەوێ لە گەڵیانا یاری بکەم.. ئەڕۆم.

**خامیسە:** (ئەیگرێ) چاوەڕێ کە.. ئەی بۆ لەگەڵ منالّەکانی ئایشێ و فاتم و جیلالی حەمالا یاری ناکەی؟

**عەبدولسەمیع:** ئاخر منالّەکانی ئەوان هیچیان پێ نییە یاری پێ بکەن.

**خامیسە:** بە قوڕو بەرد یاری بکەن.. بەرد بگرنە سەیارە و شووشەی مالان.

**عەبدولسەمیع:** دایکم شتی وای فێرنەکردووم خامیسە.. هەر باسی یاریم ئەکرد پێی ئەگوتم.

**خامیسە:** ئێستا نا بیخە دوایی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** بیخەمە کەی دایە؟

**خامیسە:** بیخەرە ئەو کاتەی کە ئەبی بە پیاو.

**عەبدولسەمیع:** بەڵام پیاوان یاری ناکەن.

**خامیسە:** ئێ باشە بیخەرە ئەو کاتەوە کە دەوڵەمەند ئەبی.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە مەحاڵە دایە.. مەحاڵە.

**خامیسە:** بۆچی مەحاڵە؟

**عەبدولسەمیع:** چونکە باوکی خوالێخۆشبووم بێ لە کلۆڵی و داماویی هیچی کەی بۆ جێ نەهێشتووم.. من بۆ ئەوە نەکراوم دەوڵەمەندبم. من پیاوی دەوڵەت و سامان نیم.

**خامیسە:** من نەمزانیوە دایکت بەو ڕادەیە دڵڕەق بووە.

**عەبدولسەمیع:** بارودۆخی ژیانمان بۆ خۆی دڵڕەق بوو.

**خامیسە:** تۆ هەر بە گەورەیی لە دایک بووی.. قۆناغەکانی ژیانت بەشێنەیی نەبڕیوە.. تۆ ئێستا بەدوای ئەو شتانەیا ئەگەڕێی کە بەسەر چوون.. بەدوای ڕۆژگارێکا وێڵی کە تێپەڕیوە.. ئەتەوێ بەهۆی دروستکردنی ئەو یارییانەوە مناڵیت بەسەرکەیتەوە.

**عەبدولسەمیع:** ئەوەی خەمی بۆ ئەخۆم مناڵی ئەوانە.

**خامیسە:** مناڵی کێ؟

**عەبدولسەمیع:** مناڵی حەسەن و حسێن و ڕازی و ڕەزوان.. بۆ ئەوان و بۆ هەموو مناڵان ئەو ئەسپە دارینەیەم دروست کردووە.. هەرچی یاری هەیە بۆیان دروست ئەکەم.. سبەی ئاسوودەیی لە چاوە گەشەکانیانا ئەبینم.. باڵیان لێ ئەڕوێ.. باڵی سپی.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع..

**عەبدولسەمیع:** ئاگری دەستکردیان ئەدەمێ یاری پێ بکەن.. مەترسە خامیسە ئەو ئاگرەی من تەنیا ڕۆشناییە و کەس ناسووتێنێ.

**خامیسە:** عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئەسپ و شمشێر و قەڵغان و ڕمیان ئەدەمێ. با هەموو قەڵا و کۆشکەکانی پێ تەفرو توناکەن و ئالای دادوەری تیا هەڵکەن.

**خامیسە:** تۆ بەردەوام خەون ئەبینی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** هەر ئەو کاتەی مناڵیم لە کیس چوو ڕۆژگاری خەونیشم لێ ون بوو. من بەردەوام بە کڵۆڵی ژیاوم. تەنانەت لە



خەونیشا.. بەشێک لەو شتانە بەدەست ئەهێنمەوە کە لەکیسم چوون. لە ئاسوودەیی بێبەشم مەکە.. من ماڵوحاڵم ناوێ.. هیچ شتێکم ناوێ ئاسوودەم بە جیهانی خۆم.. ئەو جیهانەی بەم چنگ و پەلە ئاوەدانم کردۆتەوە.. تەنیا ئەوە شک ئەبەم.

**خامیسە:** هۆشیار بەرەوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئەویش هەمیشە پێی ئەگوتم هۆشیار بەرەوە عەبدولسەمیع.

**خامیسە:** ئەو کێیە؟

**عەبدولسەمیع:** دایکە میهرەبانەکەم.. قەت نەیهێشتووە خۆم بە شتێکی بە سوودەوە خەریکبکەم.

**خامیسە:** شتی بەسوود؟ پەنا بەخوا.. تۆو شتی بەسوود.. سەیرە.. تۆ بێجگە لە یاریکردن و خەوبینین و بیرکردنەوە لە شتی قۆڕ هیچی کە نازانی. پێمان گوتی هۆشیار بە.. بەڵام تۆ کەڕ و کاس بووبوویت.

**عەبدولسەمیع:** باوەڕ ناکەم هیچ کەسێک وەک تۆ دەبەنگ بێ.. تۆ لەم دنیا فراوانەدا هیچ شتێک نازانی.. بەڵام ئەوە نەنگی نییە. ئەوەتا مناڵی خۆمت بۆ ئاشکرا ئەکەم تا بمناسی.. تا لە دنیا و خەڵک و مێژوو شارەزابی.. خامیسە هەوڵ بدە ببیت بە دایکم یان پێشبینی بکە.

**خامیسە:** من ببم بە دایکت؟

**عەبدولسەمیع:** تەنیا پێشبینی بکە.. پێشبینی کردن و تیا ژیان دوو شتی جیاوازن.

**خامیسە:** من ناتوانم پێشبینی دایکت بکەم ئاخر من دایکتم نەدیوە.

**عەبدولسەمیع:** گوێ بگرە **خامیسە**.. ئەوەندە بەسە بە ڕاستگۆییەوە هەڵسوکەوت بکەی ئیتر خۆتی تیا ئەبینیتەوە.. تۆو دایکم دوو دیوی حەقیقەتێکن تۆ ئەویت و ئەویش تۆیە.

**خامیسە:** باشە هەوڵ ئەدەم.. بەڵام نازانم تاقیکردنەوەکە سەرئەگرێ یان نا (*هەروەکو خامیسە:ی پیرێژن لە هەناسەی یەکەما سەرپۆشێک لەسەر ئەکات*).

**عەبدولسەمیع:** وای دابنێ من ئێستا ئەچم بۆ قوتابخانە.. من عەبدولسەمیعی منداڵم. (*جانتایەکی قوتابخانەی لە شان* کردووە) ئامۆژگاریم ناکەی؟

**خامیسە:** وەکو چی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** بۆ نموونە پێم بڵێ یاری بەخۆڵ مەکەبا جلوبەرگەکانت پیس نەبن.

**خامیسە:** لە ڕێگاوبانا ئاگات لە خۆت بێ.. خۆت لە سەیارە و عەرەبانە و شتی وا بپارێزە.

**عەبدولسەمیع:** بەسەرچاو دایکە.. دڵنیابە من کوڕێکی ئاقڵ و ئاغر و لە سەرخۆ و نەرم و نیانم ئەگەرچی گوڵیشم پێ نییە.(*لەودیو پارچە تەختەیەکەوە خۆی ئەشارێتەوە*).

**خامیسە:** (*بۆ خۆی*) من نازانم ئەم پیاوە ئەیەوێ چی بکات.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە چی ئەڵێی دایە گیان؟ من هێشتا نەبووم بە پیاو.

**خامیسە:** زۆر باش ئەوە ئەزانم.

**عەبدولسەمیع:** هێشتا هەوڵ و تێکۆشان و فێربوون و کاتێکی زۆرم



بەدەستەوە ماوە.. زۆر پەلەم نییە بۆ پیربوون.. تا ئەو کاتەی خۆم لە بەرگی عەبدولسەمیعی منداڵ ئەبینمەوە ئاسوودەم.(*لەپڕ زەنگی ئاگاداری لێئەدرێت*).

**خامیسە:** ئەو دەنگە چییە عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە.

**خامیسە:** زەنگی ئاگادارکردنەوەیە وانییە؟

**عەبدولسەمیع:** نا ئەوە زەنگی قوتابخانەیە.

**خامیسە:** زەنگی قوتابخانە؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ.. ئەی نازانی من ئێستا لە قوتابخانەم و لە پۆلا دانیشتووم؟ ئەوە زەنگی چوونە دەرەوەیە.. ئەوە تۆزێک ئەبێ لە پۆلەکان هاتووینەتە دەرێ.. گوێت لەو هەموو هەرایە نییە؟

**خامیسە:** هیچ نابیستم.

**عەبدولسەمیع:** من ئێستا ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ.. هیچ ئامۆژگارییەکت نییە دایە؟

**خامیسە:** هەمدیسان؟

**عەبدولسەمیع:** بۆچی نا.. دایکم وابوو.. بەردەوام دەنووکی لەسەرم بوو.. نەڕۆی.. نەکەی.. زۆر قسە نەکەی.. گۆرانی نەڵێی.. یاری نەکەی.. لەناو ئەو هەموو وشە جوانانەدا تەنیا حەزی بە وشەی نەکەی بوو.. هەمیشە پێی ئەگوتم تووشی بەڵایەکمان نەکەی. تۆش وەکو دایکم بێ لەوە هیچی کە نازانی.

**خامیسە:** بێ لە چی؟

**عەبدولسەمیع:** بێ لە وشەی نەکەی هیچی کە نازانی.

**خامیسە:** ئەکەی چییە؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە شتێکی زۆر قورسە باوەڕ ناکەم تێی بگەی.. تەق.. تەق.. تەق.

**خامیسە:** ئەوە چییەکەی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** چی ئەکەم لە دەرگا ئەدەم.. چاوت لێ نییە؟

**خامیسە:** بەدەم لێی ئەدەی؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ.. گرنگ ئەوەیە لە دەرگا بدرێ بە قاچ بێ یان بە دەنگ ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. تۆ بە باشی گوێت لە تەقەی دەرگایە. وا نییە.

**خامیسە:** بەڵێ گوێم لێیە.

**عەبدولسەمیع:** ئەی ئەوە چاوەڕوانی چیت؟ تەق تەق تەق دەرگاکە بکەرەوە.

**خامیسە:** کام دەرگایە بکەمەوە؟ خۆ تۆ لە ماڵەوەی لە دەرەوە نیت.

**عەبدولسەمیع:** ئەزانم.. من لەماڵەوەم.

**خامیسە:** ئەی کەواتە چیت لە من ئەوێ؟

**عەبدولسەمیع:** تەنیا ئەوەم لە تۆ ئەوێ بە نواندن دەرگاکە بکەیتەوە.. ئەگەر دەرگا نەکەیتەوە دەست ئەکەم بە گریان.. تەق تەق تەق.

**خامیسە:** باش ئەوە هاتم دەرگا پێشبینی کراوەکە بکەمەوە.. بەڵام دەرگاکە لە کوێدایە؟

**عەبدولسەمیع:** نزیک بەرەوە.. نزیکتر.. ئێ.. ئێستا ئەتوانی بیکەیتەوە.

**خامیسە:** تۆ چەند شەکەت و ماندووی عەبدولسەمیع. (دەسکی



دەرگایەکی وەهمی با ئەدات عەبدولسەمیع بە جلوبەرگی مناڵانەوە دێتە ژوورێ.. شۆرتێکی لەبەردایە تا سەر ئەژنۆ.. جووتێ گۆرەوی درێژو جانتایەکی بە شانەوەیە) ئەوە چیت لە خۆت کردووە؟

**عەبدولسەمیع:** چیم لەخۆم کردووە؟

**خامیسە:** هەر ئەڵێی مناڵی بچکۆلەی.. ئەو جلوبەرگانەت لە کوێ هێنا ماڵ کاول؟

**عەبدولسەمیع:** لە کوێم هێنا؟ بیر لەوە مەکەرەوە.. پرسیاری شتە گرنگەکانم لێ بکە.

**خامیسە:** شتە گرنگەکان؟ وەک چی ؟

**عەبدولسەمیع:** وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە قوتابخانە چییان فێر کردووی؟

**خامیسە:** ڕاستە ئەوە پرسیارێکی گرنگە.

**عەبدولسەمیع:** ئەو مەسەلەیە هەموو دایکێکی دڵسۆز لێی ئەپرسێتەوە.. دەربارەی ئەو زانیارییانە پرسیارم لێ بکە کە بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن و پاشەڕۆژێکی پرشنگدار فێریانکردووم تا خزمەتی نیشتمان و وڵاتەکەمی پێ بکەم. تا خزمەتی ئەو گەلەی پێ بکەم کە جۆرەها باج وەرئەگرێ.. باجە ئاشکراکان.. باجە نهێنییەکان.

**خامیسە:** ئەو قسە زلانە لەکوێوە فێربووی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** مامۆستا بۆی باس کردین.

**خامیسە:** مامۆستا؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ ناوی مامۆستا هینە.. عەباسە کەچەڵ.

**خامیسە:** ئەوە چی ئەڵێی کوڕی خۆم؟ نازانی جوان نییە ئاوا باسی مامۆستای خۆت بکەی؟

**عەبدولسەمیع:** ئاخر دایکە مامۆستاکەمان کەچەڵە.

**خامیسە:** با کەچەڵ بێ.. ئەوە گرفتی خۆیەتی.. ئێ پێم بڵێ چیتان خوێند؟

**عەبدولسەمیع:** بیرکاریمان خوێند دایە.

**خامیسە:** بیرکاریتان خوێند؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ کۆکردنەوە و لێدەرکردن و خشتەی لێکدان و دابەشکردنمان خوێند.. هەر هەمووی بەسەریەکەوە.

**خامیسە:** ئاخر کوڕە شیرینەکەم تۆ بیرکاریت بۆچییە؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟

**خامیسە:** ئەی پێت نەگوتن دایکت بێوەژنە؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە چ پەیوەندییەکی بە بیرکارییەوە هەیە؟

**خامیسە:** ئاخر هیچ شتێکم نییە لە دنیادا تا کۆی کەمەوە.

**عەبدولسەمیع:** تۆ خۆشت نازانی باسی چی ئەکەی.

**خامیسە:** چۆن نازانم.. نە ماڵ و حاڵم هەیە.. نە مەڕو بزن و مانگام هەیە. نە سەیارە نە عەرەبانە.. نە زەویوزار.. نە کۆشک و تەلار. ئەی پێم ناڵێی چی لە بیرکاری بکەین؟ کۆکردنەوەشیان فێر کردی وانییە؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ دایە.

**خامیسە:** ئەتەوێ چی کۆ بکەیتەوە کوڕە بەدبەختەکەم.. چی کۆ ئەکەیتەوە؟



**عەبدولسەمیع:** لێکدانیشیان فێرکردین.

**خامیسە:** بە تەڵڵاهی بەم پێڵاوە لێت ئەدەم.. وەرە ئێرە کوڕە شیرینەکەم وەرە. (*بەدوایا ڕائەکات و پێڵاوەکانی لە پێ دائەکەنێ*).

**عەبدولسەمیع:** پەلەت نەبێ دایە بیرکاری سوودی زۆرە.

**خامیسە:** ڕاستە سوودی زۆرە بەڵام بۆ تۆیەکی نەگبەت نا. بۆ تۆ وائەزانی لەسەر ملوێنە دینار دانیشتووم تا خۆتم بۆ فێری بیرکاری بکەی؟ پێم نەگوتی با فێری شتێکت بکەن کە لە هەردوو دنیادا بەفریات کەوێ.

**عەبدولسەمیع:** وەکو چی دایە؟

**خامیسە:** وەک سەرتاشین.

**عەبدولسەمیع:** چی تر دایە؟

**خامیسە:** بەرگدوورین.. کڵاو چنین.. جەریدە فرۆشی.. بۆیاخچێتی.

**عەبدولسەمیع:** تۆ لە هیچ شتێ نازانی دایە.. ئەگینا ئاوا بەسووکی تەماشای بیرکاریت نەئەکرد.. مامۆستا ئەڵێ بیرکاری هونەرێکی زۆر گەورەیە.

**خامیسە:** عەباسە کەچەڵ وا ئەڵێ؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە چی ئەڵێی دایە؟ تۆ نازانی ئەوە مامۆستامانە؟

**خامیسە:** با مامۆستا بێ..

**عەبدولسەمیع:** جوان نییە قسەی سووک و ناشرینی پێ بڵێی.

**خامیسە:** ئێ خۆی کەچەڵە من چی بکەم.

**عەبدولسەمیع:** ئەوە مامۆستایە دایە.. مامۆستاش خراوەتە ڕیزی

پێغەمبەر و پیاوچاکانەوە.. مامۆستا خۆی وای گوت.

**خامیسە:** سەیرە من تا ئێستا نەمبیستووە پێغەمبەرێک یان پیاوچاکێک ناوی عەباسە کەچەڵ بێ.. پێم بڵێ عەبدولسەمیع مامۆستای بیرکاریتان دەوڵەمەندە؟

**عەبدولسەمیع:** نا دایە زۆر دەستکورتە.

**خامیسە:** سەیرە لەگەڵ ئەوەشا بیرکاری ئەزانێ

**عەبدولسەمیع:** ئای کە نەفامی.. ئەگەر نرخی بیرکاریت بزانیایە وات پێ نەئەگوت. گوێ بگرە دایە لە کۆکردنەوەیا ئەڵێین یەک و یەک ئەکاتە دوو.

**خامیسە:** دوو چی؟

**عەبدولسەمیع:** دوو دوو ئەکاتە چوار.

**خامیسە:** چوار چی؟

**عەبدولسەمیع:** چوار و چوار ئەکاتە هەشت.

**خامیسە:** هەشت چی؟

**عەبدولسەمیع:** هەشت لە هیچ دایە.. هەر هەشت و بڕایەوە.

**خامیسە:** بەڕاستی تۆش وەک دایکت فەوتاوی.. مناڵی خەڵک سەرقاڵی کۆکردنەوەی کۆشک و تەلار و زەوییوزار و سەیارەن تۆش هەشت و بڕایەوە.. چوار و بڕایەوە دەبژێریت. تۆش عەبدولسەمیع هەروا کلۆڵ و گەمژە و سەرلێشێواو ئەبی.. پێم بڵێ بێجگە لە بیرکاری چیکەتان خوێند؟

**عەبدولسەمیع:** زانستێکی تازەمان خوێند پێی ئەڵێین مێژوو.

**خامیسە:** مێژوو؟ نەمبیستووە.



**عەبدولسەمیع:** باسی ئەو خەڵکانەیان بۆ کردین کە لە ژیانیانا زۆر گەورە بوون و دواییش مردوون.

**خامیسە:** ئەی باوکی خوالێخۆشبووت عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** باوکم چییەتی؟

**خامیسە:** باسی باوکتیان نەکرد؟

**عەبدولسەمیع:** ئەوە تۆ باسی چی ئەکەی دایە؟ باوکم ئەوەندە گەورە نەبووە تا بچێتە مێژووەوە.

**خامیسە:** ئەی بەدبەخت ئەوە تۆی وا بە باوکت ئەڵێی؟ لەعنەتی خوات لێ بێ کوڕەکەم.. کزەی جەرگم.

**عەبدولسەمیع:** سوپاست ئەکەم دایە گیان.

**خامیسە:** لەعنەتی خوا سوپاسی ناوێ.. دەبێ بزانی کە باوکت کابرایەکی بە شان و شەوکەت بوو.

**عەبدولسەمیع:** باوکم ناوی عەبدولبەسیر بوو.

**خامیسە:** چەقاوەسوو باوکت مقاولێکی مەزن بوو.

**عەبدولسەمیع:** نا وەستایەکی خانووبەرە بوو یا نەبوو.

**خامیسە:** (*شێوەی خۆی ئەگۆڕێ*) تۆ وتت باوکم مقاولە کەواتە بەبە بچکۆلەکە هەڵتخەڵەتاندووم.

**عەبدولسەمیع:** لە ساتەوەختی مارە بڕینا ئەو شتانە زۆر ڕوو ئەدەن.. گوێ مەدەرێ بەردەوامبە.

**خامیسە:** بەندیخانە گەورەکەی شار ئەزانی؟

**عەبدولسەمیع:** پەنا بەخوا.. هەر ناویم بیستووە.

**خامیسە:** ئەوە باوکە دڵ و دەروون باشەکەت دروستی کردووە و

دیوارەکانی بەرز کردۆتەوە.

**عەبدولسەمیع:** ئێ پیاوەتی وا هەر لە باوکم ئەوەشێتەوە.

**خامیسە:** باوکت پیاوی ناو پیاوان بوو.. شەرمە هەموو خەڵکی بناسیت و باوکت نەناسی.. ڕۆڵە پێم خۆشە بچیتە لای مامە ڕەمەزانت و فێری سەرتاشین بی.. یان بچۆرە لای مامە هادیت و خۆت فێری دەفژەنین بکە.. لەوە ناچێ ئەم خوێندنە بەفریات بکەوێ.

*(بە خێرایی لە دەرگا ئەدرێت و دواتر دەنگی مناڵێک ئەبیسترێ)*

**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع.. عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** هەروەکو ڕێکەوتبووین هات.. من دەڕۆم دایە.

**خامیسە:** ئەڕۆی؟

**عەبدولسەمیع:** دڵنیابە ئەمجارە زوو دێمەوە.. پێش خۆرئاوابوون دەگەمەوە لات.

**خامیسە:** بۆ کوێ ئەڕۆی؟

**عەبدولسەمیع:** نازانم.. هەرئەوەندە ئەزانم کە لە پێش دەرگا چاوەڕێمە و بانگم ئەکات. گوێت لە دەنگی نییە دایە؟

**خامیسە:** دەنگی کێ.. من هیچ نابیستم.

**عەبدولسەمیع:** سەیرە ئەو هەموو دەرگا لێدانە نابیستی؟ خۆ کەڕ نەبووی دایە؟

**خامیسە:** من دایکت نیم.

**عەبدولسەمیع:** نا تۆ دایکی من و دایکی هەموو دنیای.



**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** (بەدەنگی بەرز) تۆزێ چاوەڕێکە.. هەر ئێستا دێم.

**خامیسە:** لەگەڵ کێ قسە ئەکەی؟ من چاوم لە کەس نییە؟

**عەبدولسەمیع:** مەنسووری هاوڕێمە.. نایناسی؟

**خامیسە:** نا نایناسم.

**عەبدولسەمیع:** وەک من مناڵە.. وەک منیش هەتیوە تەمەن و خەون و دنیاشمان هەر لە یەک دەچێت.

**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** چاوەڕێکە مەنسوور.. هەر ئێستا دێمە دەرەوە.

**خامیسە:** تۆ ئەڕۆی؟ باوەڕ ناکەم.. ئەگەر نەمناسیتایە زۆر شتم پێ ئەگوتی.

**عەبدولسەمیع:** وەک چی ئافرەت؟

**خامیسە:** وەک ئەوەی تۆ بەم ماڵەوە نووساوی. ئەم خانووە لەسەر شانی تۆ هەڵچنراوە.. ئەم خانووە تۆی لەئامێز گرتووە بەڵام تۆ تا ئێستا نەچوویتە ناوییەوە.. تۆ بەردێکی لە بەردەکانی.. دارێکی لە دارەکانی.. وەک هەوای ناو ماڵەکە بۆگەنت کردووە.. وەک بەردەکانی ساردوسڕی.. وەک وایەر و دەرگا و پەنجەرەکانی ڕزیوی.. تۆ وەک ئەم ماڵە داڕزاوی عەبدولسەمیع.. ئەم خانووە بجووڵێ تۆ ناجووڵێی.

**عەبدولسەمیع:** باوەڕم پێ بکە ئەمجارە ئەچمە دەرێ.

**خامیسە:** زۆرجار ئەو قسانەتم گوێ لێ بووە.. لە ملوێنێ جار زیاتر.

**عەبدولسەمیع:** ئەمجارە پەشیمان نابمەوە.

**خامیسە:** تۆ تا ئێستا نەگۆڕراوی.

**عەبدولسەمیع:** بەڵام من وەک جاران نەماوم.

**خامیسە:** ئەوە بەقسەی خۆت نابێ.

**عەبدولسەمیع:** من عەبدولسەمیعی منالّم.. کۆت و بەندەکەم فڕێداوە.. لە کفنەکەم هاتوومەتە دەرێ و سێبەر و خاچەکەم جێ هێشتووە.. ئیتر هەست بە پەککەوتەیی ناکەم.. لە دەست پیری هەڵاتووم.. من ئێستا حەزم لە ڕۆیشتن و ڕاکردن و سەفەرە.. ئەمەوێ هەموو دنیا بچکۆلە بکەمەوە تاکو وەک دەسرێکی لێ دێ بۆ دەستی خاتوونێک.. ئەو دەرگایە بکەرەوە هەموو دەرگاکان بکەرەوە.. ئەگەر نەیکەیتەوە ئەبمە هەڵم و ئەچمە دەرێ.

**خامیسە:** بەڕاست ئەو قسانە ئەکەی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** بەڵێ دایە؟

**خامیسە:** من **خامیسە**:م.. ئەوەت لەبیر چۆتەوە؟

**عەبدولسەمیع:** **خامیسە:** کێیە؟

**خامیسە:**  کچی خاڵە مەئموونە.

**عەبدولسەمیع:** ئەی خاڵە مەئموون کێیە؟

**خامیسە:** خەزوورتە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئەی عەبدولسەمیع کێیە؟

**خامیسە:** ئەوە تۆی.

**عەبدولسەمیع:** من بێ لە منالّێک چیتر نیم ئافرەت.. نە ژن و ماڵ و منالّم هەیە و نە کارو پیشە و پلەو پایەش.



**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** (*قسە بۆ کەسێکی نەبینراو ئەکات*) تۆزێک چاوەڕێم کە. هەر ئێستا دێم (بۆ *خامیسە*) من بە چاوێکی پڕ لە گریان و ئازارەوە ئەچمە دەرێ.

**خامیسە:** چاوەڕێ کە.. ئەوەت بیر نەچێ کە لە سەری ڕێکەوتین.

**عەبدولسەمیع:** چیت ئەوێ؟

**خامیسە:** ئەمەوێ کە گەڕایتەوە بەدەست و دیارییەوە بێیتەوە.

**عەبدولسەمیع:** دیاریت بۆ دەهێنم.. بەڵام کەی؟

**خامیسە:** هەر کاتێ هاتیتەوە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** کێ ئەڵێ من دەگەڕێمەوە؟

**خامیسە:** زوو وەرەوە عەبدولسەمیع.. کە هاتیتەوە ئەبا مسکینیش لەگەڵ خۆت بهێنە (*پێئەکەنێ*) ئەمجارە ئەبا مسکینی ڕاستی بهێنە.

**عەبدولسەمیع:** چی لە کارەباچی بکەین؟ کارەباچی چی چاک بکاتەوە؟

**خامیسە:** چی چاک بکاتەوە؟

**عەبدولسەمیع:** کارەباچییەکان خۆیان پێویستییان بە چاکردنەوەیە.

**خامیسە:** تۆ بەردەوام شۆخی ئەکەی.. کە هاتیتەوە ئەو زانا مەزنە لەگەڵ خۆت بهێنە.

**عەبدولسەمیع:** ئافرەت باسی زاناکانیان زۆر بۆ کردووم.

**خامیسە:** چییان لە بارەوە دەڵێن عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** ئەڵێن ئەوانە کار ئەکەن و کارئەکەن و کارئەکەن.

**خامیسە:** کاری چی ئەکەن؟

**عەبدولسەمیع:** هیچ ناکەن ئافرەت.. هیچ.. من ئەڕۆم.. ماڵئاوا.. ماڵئاوا.

**خامیسە:** ڕاوەستە ئەو پاڵتۆیە لەگەڵ خۆت بەرە با سەرمات نەبێ.

**عەبدولسەمیع:** هیچم ناوێ.. ئەوەی گەرمایی لە دڵیا بێ قەت سەرمای نابێ. تەنیا ئەمەوێ بڕۆم.. ئەو چاوەڕێمە.

**خامیسە:** هەموو ئەوانەت لەبیر بێ عەبدولسەمیع کە پێم گوتووی.

**عەبدولسەمیع:** ئەتەوێ لەم جیهانە پڕ لە هەرا و هوریا و قەرەباڵغییەدا چیم لە بیر بێ؟

**خامیسە:** بیر لە حەسەن و حسێن و ڕازی و ڕەزوان و ڕازق و مەرزووق و حەمید و حەمدان بکەرەوە.. بیر لە خامیسە بکەرەوە.

**عەبدولسەمیع:** ئەتەوێ لەم جیهانە پڕ لە هەراوهوریا و قەرەباڵغییەدا چیم لە بیر بێت؟

**دەنگەکە:** عەبدولسەمیع.. عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** ئەوا هاتم مەنسوور. (*بەخێرایی دەڕواتە دەرێ.. خامیسە دوای ئەکەوێ*).

**خامیسە:** تۆزێ چاوەڕێ کە.. چاوەڕێ کە عەبدولسەمیع.

تاریکی



## هەناسەی پێنجەم

عەبدولسەمیع لە وڵاتی سەیرو سەمەرەدا

**خامیسە:** (*نیشانەی پیری پێوە دیارە و لەناو چەپکێ ڕووناکیدا بە تەنیا دانیشتووە. تاریکی و بێدەنگی و داهێنراوەکانی عەبدولسەمیع دەوری تەنیوە*) تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە.. ئەستێرەکان لە خولانەوەی خۆیان بەردەوامن و ئەویش نەگەڕاوەتەوە. ڕۆژێک لەم دەرگایەوە چووە دەرێ و نەهاتەوە.. کاتی خۆی لێرە بوو.. پڕ بوو لە خەون و خولیا و ئاخاوتن کە قسەی بۆ ئەکردم گوێم لێ ئەگرت بەڵام کە من قسەم بۆ ئەکرد گوێی بۆ شلنەئەکردم.. خۆی بە شتە بچکۆلەکانییەوە دەخلافاندو سەرقاڵ بوو بەجیهان و خولیاکانی خۆیەوە. ڕۆژگارەکانم بە چاوەڕوانییەوە بەسەربرد و نەگەڕایەوە.. گوتم لەگەڵ پاییزا دێتەوە.. پاییز هات و هەر دیار نەبوو. گوتم ئەگەر ئەم هاوینە نەیەتەوە لەگەڵ زستانا هەر دێتەوە. هاوین هات و زستان هات و هەر دیار نەبوو.

**عەبدولسەمیع:** زوو پێت گوتم دڵنیایی لە دەرەوە نەماوە. باوڕم پێ نەکردی.. ئەوەشت پێ گوتم کە تاریکی هەر بە تەنیا خۆی نەخزاندۆتەوە ئەم ماڵە تەنگەوە.. ئەو ماڵەی کە جێگەی هەموو دنیا و هەموو نەتەوەکانی تیا ئەبێتەوە.. بەڵکو تاریکی هەموو شوێنەکانی گرتۆتەوە.. خۆزگە ئەو کاتە باوڕم پێ بکردیتایە.

عەبدولسەمیع ئەگەر سووتانی تۆو سووتانی کەسانی تر نەبوایە ڕۆژێک لەڕۆژان ئەمماڵە ڕۆشن ئەبۆوە؟ نا باوڕ ناکەم. حیکایەتخوانەکان تۆیان کردە وەهم و ئەفسانە.. بەڵام تۆ هەقیقەتی.. باوڕ ئەکەی عەبدولسەمیع تۆیەک کە ئەم ماڵەت پڕ کردبوو لە جموجوڵ و قەرەباڵغی و ژیان ببی بە ئەفسانە؟ درۆیەکی ڕووتە و حیکایەتخوانەکان بازرگانی پێوە ئەکەن.. خوا هەموو دەلاڵەکان لەناو بەرێ.. هەموو ئەوانەی کە بازرگانی بە خەون و وشەوە ئەکەن. عەبدولسەمیع ڕۆشتی و لەدوای خۆت ئەو ئەسپە دارینەت بۆ جێهێشتم.. ڕۆیشتی و تائێستا هیچیان نەهاتوون حەسەن و حسێن و ڕازی و مەروزوق نەهاتن. لێرە دوورکەوتیتەوە و ئاشەکان هەر لێرەن.. وەک من چاوەڕێت ئەکەن.. وەک من بەبێ دەنگیش ئەمرن.

*(لە دەرەوە دەنگێک بانگی کەسێک دەکا)*.

**دەنگەکە: خامیسە:.. خامیسە:**

**خامیسە:** ئەوە کێیە لەپڕ ئەم پیرێژنەی بیر کەوتۆتەوە و هەواڵی ئەپرسێ؟ هەر کە تۆ ون بووی عەبدولسەمیع هەموو خەڵکیش لەگەڵتا ون بوون.

**دەنگەکە:** خامیسە.

**خامیسە:** ئەوە کێیە بانگم ئەکات؟

**دەنگەکە:** ئەوە منم **خامیسە:**.

**خامیسە:** تۆ کێی؟

**مەیموون:** من مەیموونم.. نامناسی خانمەکەم؟



**خامیسە:** دەرگا لەسەر پشتە.. ئەتوانی بێیتە ژوورێ.. فەرموو

*(عەبدولسەمیع دێتە ژوورێ و جلوبەرگی نامەبەری پۆشیوە پیرەمێردێکە بە گران دەڕوات بەرێوە)*.

**مەیموون:** ئەم ماڵە زۆر سەیرە.. لەوە ئەچێ خەڵکێکی زۆری تیا بژی وانییە؟

**خامیسە:** بەڵێ گەڕەکێکە بۆ خۆی.

**مەیموون:** هەر کە بانگی خامیسەم کرد.. لەپێش و دوامەوە دەیان دەرگا و پەنجەرە و کون و کەلەبەر کرانەوە.. جۆرەها کون و کەلەبەر.. گەورە.. بچووک.. مام ناوەندی.

**خامیسە:** ئاخر خامیسە هەر بە تەنیا ئافرەتێک نییە.

**مەیموون:** چەندەها کەللەسەرم لێ قووت بوونەوە.. هەر کەللەسەرەی بەڕەنگ و جۆرێ.. هەموویان دوو چاوو دوو گوێ و دوو برۆ و دوو ڕوومەت و دەمێکیان هەبوو. هەر دەمێکیشیان خانمەکەم بە شێوەو ئاوازێک دەیپرسی: چیت ئەوێ کابرا؟

*(لاسایی دەنگی پیرێژنێک دەکاتەوە)*

**خامیسە:** خامیسە ناوێکی لادێییانەیە کابرا.

**مەیموون:** تێبینی ئەوەم کرد.. بە تایبەتی لەم ماڵەدا کە هەر دەڵێی سەرایە بەڵام من لەناو هەموو ڕابیعە و خامیسەکانا یەک خامیسەم دەوێ.. ئەویش خامیسەی کچی خاڵە مەئموونە.

**خامیسە:** خامیسەی کچی خاڵە مەئموون منم.

**مەیموون:** تۆی؟ سەیرە! من وام ئەزانی هەموو خەڵکی دەناسم و خەڵکیش هەموو دەمناسن.. بەڵام ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت بە

هەڵەدا چووم. پیشەکەی من وای دەوێ خانمەکەم هەموو خەڵکی بناسم.

**خامیسە:** پیشەکەی تۆ چییە کابرا؟

**مەیموون:** من وەک دەمبینی نامەبەرم.

**خامیسە:** (*بە شادییەوە*) کەواتە هەواڵی ئەوت بۆ هێناوم.. وانییە؟

**مەیموون:** پیشەی من ئەوەیە کە هەموو هەواڵەکان هەڵگرم.. خۆش و ناخۆش.. بەکەڵک و بێکەڵک.

**خامیسە:** (*لێی وورد ئەبێتەوە*) پەنا بەخوا.. شێوەت بەلامەوە سەیر نییە. دەنگیشت ئەزانی کابرا هەر لەو ئەچێ؟

**مەیموون:** لەکێ ئەچم؟

**خامیسە:** لە عەبدولسەمیعی مێردم.. تۆ بڵێی ئەو نامەکەی نووسیبێ و هەر خۆشی هێنابێتی.. لەوە ئەچێ هەر خۆشی بۆم بخوێنێتەوە. تۆ لەم دنیایەدا عەبدولسەمیع سەرسوڕهێنەرترین سەیرو سەمەرەی.

**مەیموون:** من ناوم مەیموونە.. مەیموون ڕۆماتیزم.. کارەکەم ئەوەیە نامەکان بگەیەنمە شوێنی خۆی. تەنیا نامە ئەگەیەنم.. بەڵام نووسین و خوێندنەوەی کاری من نییە.

**خامیسە:** بەڵام ئەو داهێنەرێکی گەورەیە.. ئەو موعجیزەیە کابرا.

**مەیموون:** ئەو کەسەی کە عاشقی ئەبین ئەبێ ئاوا لێی بڕوانین.

**خامیسە:** تۆ کتومت لەو ئەچی.

**مەیموون:** ئەو کەسەی کە عاشقی ئەبین لە هەموو شوێنەکانا.. لە هەموو سیماکانا ئەیبینینەوە.



**خامیسە:** بەڵێ هەموو خەڵکی وایان پێ گوتووم.. نامەیەکت لە عەبدولسەمیعەوە بۆ هێناوم وانییە؟

**مەیموون:** نازانم.. تەنیا ئەوە ئەزانم کە نامەیەکم بۆ هێناوی.. کێ ئەزانێ لە کوێوە هاتووە. ڕەنگە لە عەبدولسەمیعیشەوە بێ.

**خامیسە:** هیچ کەسێ بیر لەم پیرێژنە ناکاتەوە ئەو نەبێ.. ئەبێ ئێستا لەکوێ بی چەقاوەسوو؟ لە شاری ئینسانەکانی یان لە شاری جنۆکەکانی لە وڵاتی بستە باڵاکانی یان لە شاری بەدبەختەکان؟ تۆ واز لەم سەفەر و ونبوون و کۆچکردنە ناهێنی.. دەرگای قەڵاکانت بۆ با کۆچەرییەکان لەسەر پشتە. کابرا تۆ نرخی ئەو شتە ئەزانی کە بە دەستەوەیە؟

**مەیموون:** ئەوە نامەیە خانمەکەم.. نامە پڕە لە دەنگوباس و چەنابازی.

**خامیسە:** سەیرە! هەموو دنیات لەگەڵ خۆت بۆ هێناوم و بەخۆت نازانی.

**مەیموون:** تەنیا ئەوە ئەزانم کە نامەکەتم دواخستووە.

**خامیسە:** بۆ دوات خستووە؟

**مەیموون:** چونکە کابرایەکی پیر و پەککەوتەم.

**خامیسە:** باشە ئەوە پەیوەندی بە پیرییەوە چییە؟

**مەیموون:** من نەخۆشم.. دەبوو بەزووترین کات خانەنشین بکرێم بەڵام تا ئێستا بۆیان نەکردووم.. خوا ئەوە بگرێ کە بۆی نەکردووم. خانمەکەم من جومگەکانم تووشی نەخۆشی بوون.. ئەژنۆکانم تین و تاویان نەماوە.. زۆر بەگران دەتوانم بڕۆم بەڕێوە.

**خامیسە:** بەخێرایی نامەکەم بدەرێ.. لەوە ئەچێ عەبدولسەمیع نەخۆش بێ یان..

**مەیموون:** گوێ بگرە خانمەکەم.. حیکمەت لەوەدایە شتەکان لەشوێنی خۆیانا هەڵبسەنگێنین، لەوانەیە نامەکە پێت بڵێ عەبدولسەمیع نەخۆشە بەڵام ناکرێ ئەو حەقیقەتە پشتگوێ بخەیت.

**خامیسە:** کام حەقیقەت؟

**مەیموون:** ئەم نامەیە چەند ساڵێک لەمەوبەر نووسراوە رەنگە عەبدولسەمیع ئێستا..

**خامیسە:** رەنگە ئێستا چاک بووبێتەوە.. وانییە؟

**مەیموون:** ئەوە بۆچوونی یەکەمە..

**خامیسە:** بۆچوونی تریش هەیە؟

**مەیموون:** بەڵێ.. رەنگە ئێستا مردبێت.

**خامیسە:** شتی وا نابێت.

**مەیموون:** ئەو کڵۆلە بە ئاوارەیی سەری نایەوە.

**خامیسە:** نەفرەتت لێ بێ پیرەی خەڵەفاو.. نامەکەم بەرێ.

**مەیموون:** نامەکەت نایەمێ تا بەیەک دوو قسەی خۆش دڵم نەیەیتەوە.

**خامیسە:** ئەتەوێ چیت پێ بڵێم؟

**مەیموون:** چەند وشەیەک بۆنی ڕێزو خۆشەویستی و لێبووردنی لێ بێ بۆ ئەم دەردە سەخت و گرانەم.. کەس قسە لە من ناگرێ خانمەکەم. بەخوای گەورە کەس قسە لە من ناگرێ.. هەمووی خەتای جومگەکانمە.

**خامیسە:** دڵنیابە دڵگران نیم.

**مەیموون:** ها بیگرە.. بەڕێنووسی فارسی نووسراوە.. عەبدولسەمیع لە وڵاتی فارسەکانە؟



**خامیسە:** نا هەر لەم خاکەیە (*نامەکە ئەکاتەوە*) خوێندەواریت هەیە کابرا؟

**مەیموون:** هەمە و نیمە.

**خامیسە:** تێنەگەیشتم.

**مەیموون:** هەموو ڕێنووسەکان شارەزام تەنیا فارسی نەبێ.

**خامیسە:** ئەوەش نەگبەتی منە.

**عەبدولسەمیع:** سڵاوت لێ بێ خامیسە.. لە ئاوارەییەوە بە سڵاو گوڵبارانت ئەکەم.

**خامیسە:** (*واز لە تەماشا کردنی نامەکە ئەهێنێ*) ئەمەوێ بزانم تۆ لەکوێی عەبدولسەمیع. (*تەماشای نامەکە ئەکات*)

**عەبدولسەمیع:** لە هەموو شوێنێکم و لە سەرتاپای ئەم زەمینەم.

**خامیسە:** لە هەموو شوێنێک.. شتی وا چۆن ڕێی تێ ئەچێ عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** ئەمڕۆ هەموو ئوتێل و شاگردو فرۆکەخانەکان.. هەموو گومرگی سەر سنوورەکان دەمناسن. لە ڕۆما و پاریس و لەندەن بووم.. لە دیمەشق و تاران و بەغاو قاهیرە بووم.. جانتاکەم بەر لەخۆم دەگاتە پایتەختەکان.. ئەم جانتایە بەشێک لەخەم و ئازارەکانمی هەڵگرتووە.

**خامیسە:** چاوەڕێت نەکرد عەبدولسەمیع جلوبەرگە خورییەکانت بۆ بپێچمەوە.

**عەبدولسەمیع:** هەموو شتە گرنگەکان وا لەم جانتایەدان.

**خامیسە:** هەموو شتە گرنگەکان؟ وەک چی عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** وەک مشتێ خۆڵ خامیسە.

**خامیسە:** ئەتەوێ شۆخی بکەی.

**عەبدولسەمیع:** هەرگیز.. مشتێ خۆڵم لەگەڵ خۆم بردو گوتم ئەوە نیشتیمانە. لە شووشەیەکم هاویشت و لەسنوور ئاودیوم کرد. گومرگ ڕایگرتم و گوتی ئەگەر شتێکی بەنرخت هەڵگرتووە قسە بکە. گوتم بەڵێ زۆر بەنرخ.. کە بێ لەخۆڵ شتێکی دییان نەدۆزییەوە ڕێیان پێ دام بڕۆم.. من خاکەکەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو خامیسە.. تۆ و هەموو خەڵکیم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو خامیسە.

**مەیموون:** خانمەکەم من ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ گەیاندووەو بۆم هەیە بڕۆم.. **خامیسە:** باوڕم پێ ئەکەی ئەگەر پێت بڵێم من کە جومگەکانم تووشی نەخۆشی بوون دەچمەوە سەر نەوەی فەڕناسییەکان کە بە فڕین بە ناوبانگن. باپیرەی خوالێخۆشبووم هەوڵی ئەوەی دا کە بەسەر خەڵکییا بفڕێت. ئەگەرچی بۆی نەکرا بنیشێتەوە بەڵام توانی لە بەرزبوونەوەیا ئەوپەڕی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ.. خۆی ئەمەشیان گرنگە. (پێئەکەنێ) ئەزانم باوڕ بە قسەکانم ناکەی بەڵام ئەگەر وەک کیسەڵ بڕۆم باوڕم پێ ئەکەی. من ئەڕۆم **خامیسە:** لەدوامەوە دەرگاکە داخەرەوە.. ئەم ڕۆژانە دزی زۆر بووە و پیاوخراپەکان لە هەموو شوێنێ هەن. (*ئەڕواتە دەرەوە.. بە تەنیا لە نامەکە ورد ئەبێتەوە*).

**خامیسە:** ئەوە نامەکەتە عەبدولسەمیع.. گاڵتەم پێ ئەکات کە ناتوانم بیخوێنمەوە.. ئاخر چۆن بتوانم؟ نە ڕۆژێک لە ڕۆژان چوومەتە



بەر خوێندن و نە بۆشم کراوە وێنەی پیتێک بکێشم. بدوێ عەبدولسەمیع.. چیت هەیە پێم بڵێ.. ئەمەوێ گوێم لە دەنگت بێ؟ (*لەپڕ چەپکێ ڕووناکی دەکەوێتە سەر لایەکی تری شانۆ و عەبدولسەمیع بە جلوبەرگی منداڵانەوە لە ناویا ڕاوەستاوە و جانتایەکی سەفەری بە دەستەوەیە.. خامیسەش نامەکەی بە دەستەوە گرتووە.. عەبدولسەمیع لە لایەکی ترەوە خەریکی قسە کردنە*).

**عەبدولسەمیع:** ئەم جانتایە ترس و گومانی بۆ دروست کردووم.. جارێک ڕایانگرتم و گوتیان... (بێدەنگی).

**خامیسە:** چییان گوت عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** گوتیان لەڕێی کەسێکی نەهێنییەوە تەلەفونمان بۆ کراوە کە جانتاکەت بۆمبێکی تیا چێنراوە.. کە کردیانەوە..

**خامیسە:** هیچیان تیا نەدۆزییەوە.. وانییە؟

**عەبدولسەمیع:** با دۆزییانەوە **خامیسە:**.

**خامیسە:** هیچ تێناگەم.

**عەبدولسەمیع:** کتێبێک و بووکە شووشەیەک و شمشاڵێک و چەپکێ گوڵیان دۆزییەوە.. خامیسە باوەڕ ئەکەی پێیانگوتم تۆ شێت و ناپاک و قێزەونیت؟

**خامیسە:** نا من باشت ئەناسم.. شتی وا نابێت..

**عەبدولسەمیع:** پێیان گوتم.. لە ڕۆژگاری ڕق و بۆگەنییا باوەش: بەخۆشەویستییا ئەکەیت و لە ڕۆژگاری مەرگیشا گۆرانی بۆ ژیان ئەڵێی.. هەروەها وتیان لە ڕۆژانی جەنگا داوای ئاشتی

ئەکەیت و لە ڕۆژانی ڕووخان و وێرانیشا ئاوەدانیت ئەوێ..
ئەوە قسەکانی ئەوان بوو.. بەپێی ئەو بەڵگانە منیان تاوانبارکرد و پێیان وابوو دەبێ دادگایی بکرێم و بکوژرێم.. هەروەها گوتیان..

**خامیسە:** چییان گوت؟

**عەبدولسەمیع:** پێیان گوتم تۆ خەریکی قاچاخچێتی تلیاکی.. شتی وا لە من ئەوەشێتەوە؟

**خامیسە:** ئەمە تۆ.

**عەبدولسەمیع:** هەروەها وتیان قاچاخچی بیرو باوەڕیشی.. لە مەملەکەتی خەڵکانی ستەمدیدەیا ستەم بۆتە دەستکەوتێک. بەرهەمێک.. داهێنانێک. **خامیسە:** کارگەو فابریقەی خۆی هەیە.. سەرمایەیەکی لە بن نەهاتووی بۆ تەرخان کراوە.. سەرباز و پاسەوان و جارچییان هەیە.. بەڵام تاکەی؟ هەموو داهێنانێک لە کۆتاییدا بەرەو عەدەممان دەبا.. وایان فێرکردین.. هەروەها چوومە مەملەکەتی شەیتان و جنۆکەکانەوە.

**خامیسە:** بۆچی وا ئەکەی عەبدولسەمیع؟ ڕۆژێک سەر ئەنێیتەوە و کەس پێی نازانێت.

**عەبدولسەمیع:** لە من مەترسە و جارێ گوێم لێ بگرە.

**خامیسە:** چۆن گوێت لێ بگرم کە هەموو قسەکانت ترسناکن؟ ڕۆژێک لە ئاوارەییدا سەر ئەنێیتەوە و کەسێک شک نابەی هەواڵێکت بێنێتەوە.

**عەبدولسەمیع:** گوێ بگرە.. لە هیچ شتێ مەترسە.. تۆزێ ئارام



بەرەوە. ڕۆژێک جانتاکەم پێچایەوەو چووم بۆ دۆڵی بلیمەتان.

**خامیسە:** حیکایەتخوانەکە ئەوەی بۆ باس کردم.

**عەبدولسەمیع:** کەوتمە شوێنێکەوە پڕبوو لە وەیشوومە.. دیوارە بەرزەکان ئەملاو لایان لێ گرتبووم. ڕەنگیان سوور بوو وەکو خوێن. وردە وردە لێم نزیک بوونەوە تا خەریک بوو هاوارکەم و بڵێم مردم پاشان دوورکەوتنەوە. ئیتر پێم وابوو جارێکیدی ناگەڕێنەوە.. بەڵام زۆری پێ نەچوو گەڕانەوە تا جارێکی دی بمخنکێنن (*قسە بۆ دیوارە وەهمییەکان دەکات*) لێم دوورکەونەوە.. ئەی دیوارە نەفرەتییەکان وازم لێ بهێنن دوورکەونەوە (*هەناسە هەڵئەمژێت*) ئۆخەی جارێکی دی دوورکەوتنەوە.

**خامیسە:** ئەی دوایی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** دوای ئەوە کەوتمە شوێنێکەوە بە کەللەسەر هەڵچنرابوو. بە گوریسێک شۆڕیان کردمەوە کە لە پرچ دروست کرابوو. (*گوێ ئەگرێ*) من گوێم لە کۆمەڵێ دەنگی سەیرە... (*کۆمەڵێ دەنگی تێکەڵاو دەبیسترێ.. عەبدولسەمیع لە ترسا ئەکشێتەوە دواوە و لە خامیسە نزیک دەبێتەوە*) خامیسە تەماشای ئەو گیاندارە شێوێنراوانە بکە.

**خامیسە:** من هیچ شتێک نابینم عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** تەماشاکە.. کەڵبەیان هەیە و چاویان وەکو پشکۆ داگیرساوە.

**خامیسە:** تۆ هەر وڕێنە ئەکەی..

**عەبدولسەمیع:** نا هەرگیز.. من بەڕاستی ئەیانبینم.

**خامیسه:** ئەم ماڵە بێ لە من و تۆ کەسی تری لێ نییە.

**عەبدولسەمیع:** ئەمە ماڵ نییە.. ئێمە لە مەملەکەتی شەیتان و جنۆکەکاندایین.. کەی لەمە تێئەگەی **خامیسە:**.

**خامیسە:** (*دەست لە ناوچەوانی ئەدا*) تووشی پەتا بووی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** پەتا لە هەموو شوێنێ بڵاو بۆتەوە.. لێرە.. لەوێ.. لەدڵ و چاو و خەونەکانیشمانا. (*شتێکی وەهمی دەبینێت و لەپڕا هاوار ئەکات*) تەماشاکە خامیسە..

**خامیسە:** چی ئەبینی؟

**عەبدولسەمیع:** بەترس و لەرزەوە لەدەستم ڕائەکات خامیسە. (*بەرەو کەوالیسەکان ڕائەکات*) وەرە ئەی بۆگەنترین گیاندار. وەرە... (*بۆ خامیسە*) پێم بڵێ ئافرەت من ئەوەندە ناشرین و ترسناکم تا لە دەستم ڕابکات؟

**خامیسە:** تۆ جوانترین پیاوی عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** من کەڵبە و چڕنووکم نییە.. کەچی لە دەستم ڕائەکات.. تۆ بڵێی من لەو ناشرینتر و ترسناکتربم؟ تەماشا بکە خامیسە.

**خامیسە:** من هیچ نابینم و نابیستم.

**عەبدولسەمیع:** سەیرە! گوێت لەو هەموو هەراو هوریایە نییە؟ ڕایان کرد خامیسە.. بەرەو مزگەوت و کڵێساکان ڕایان کرد.. دەرگاکانیان لەو دیوەوە داخست و کەوتنە هەراو هوریا.. گوێ لە دەنگە ناقۆڵاکانیان بگرە.



**دەنگەکان:** پەنا بەخوا لە ئینسانی نەفرەت لێکراو... پەنا بەخوا لە ئینسانی نەفرەت لێکراو..

**عەبدولسەمیع:** نا.. ئەوانە چی ئەڵێن.. چی؟

**خامیسە:** تۆ تات لێ هاتووە عەبدولسەمیع.

**عەبدولسەمیع:** چاوەکانیان هیچ نابینێ.. لە تاریکییەکەدا چاویان پێم کەوت و نەیانناسیمەوە خامیسە.

**خامیسە:** مەبەستت کێیە عەبدولسەمیع؟

**عەبدولسەمیع:** پێیان بڵێ با چراو مۆمەکان داگیرسێنن.

**خامیسە:** من بێ لە تۆ کەسێکی تر نابینم.

**عەبدولسەمیع:** سەیرە.. لەناو قوڕو لیتاوەکەیا چاویان پێم کەوت و پێیان گوتم تۆ قوڕولیتەی.. ئەمە ئەوپەڕی بێ سەری و بەرییە.. ئیتر هەموو شتەکان تێکچوون.. عەقڵ و هۆش نەما ئیتر من من نیم و ئەم گەردوونەش ئەو گەردوونە نییە کە دەتناسی.. ئەو گیاندارانە چییان لێ بەسەر هاتووە؟ ئەی چاوەکانی ئێمە چییان لێ هاتووە؟ من نەفرەت لێکراو نیم.. ترسناکیش نیم.. وانییە. لەوانەیە جلوبەرگەکانم لەم هاتو چۆیانەدا شڕبووبن بەڵام من دەروونم هەر وەکو خۆی وایە. هێشتا مناڵیم لەناو چاو و دڵما پاراستووە. هێشتا ئارەزوویەکی گەرم و گوڕم بۆ عەشق و جوانی و ئاسوودەیی هەیە.. نەفرەت بێ لەو چاوانەی کە توانای دووربینینیان نییە.

**خامیسە:** مەقیژێنە عەبدولسەمیع.. با دراوسێکان بە ئاگا نەیەنەوە.

**عەبدولسەمیع:** دەقیژێنم تا هەموو دنیا بە ئاگا دێتەوە.. هەستن ئەی

ئەوانەی لەسەر بەرد و چیمەنتۆ نوستوون هەستن.. پێم گوتن هەستن. (*ڕووناکی نامێنێ دواتر کە ڕووناکی دێتەوە عەبدولسەمیع ون بووە خامیسە بە تەنیا تەماشای چواردەوری خۆی دەکات*).

**خامیسە:** مەڕۆ عەبدولسەمیع.. تکات لێ ئەکەم مەڕۆ.. پێم بڵێ چیت لێ هات.. دە پێم بڵێ ئیتر بابحەسێمەوە. بەرگەی گاڵتەوگەپی تۆ ناگرم.. ئەم دابڕانە دورو درێژەت تووشی سەد دەردو نەخۆشی کردم.. تۆ لە کوێی؟ سەیرە.. وەڵامم نایاتەوە.. خۆ ئێستا لێرە بوو.. تۆ بڵێی هەمدیسان ڕۆیشتبێ؟ نا باوەڕ ناکەم.. هەرگیز باوەڕ ناکەم. عەبدولسەمیع خۆت دەرخە و مەترسە.. پێم بڵێ لە کوێی؟ ئەزانی ئەمجارە ئەبم بە پەنگ.. ئەبم بە پەنگی هەموو خەڵک و دنیا .. کەس باوەڕم پێ ناکات کە تۆ سەردانت کردووم.. پێم ئەڵێن تۆ شێت بوویت و چاوت ڕێشکەوپێشکە ئەکات. لەوانەیە هەر باوەڕ بە بوونیشت نەکەن.. لەوانەیە پێت بڵێن تۆ ئەفسانەی.. شایەرە کوێرەکەش لەناو بازاڕا وای گوت. (*وەک سەرەتا دێتە ناو جەماوەرەکەوە پرسیار دەکات*) سەرباری پەککەوتەیی و پیریم وام لێ دەکەیتەوە گۆچان هەڵبگرم و بەدواتا بگەڕێم.. خەڵکینە.. کێ لە ئێوە عەبدولسەمیعی دیوە ون بووبێ.. با بۆم بهێنێتەوە.. کێ بینیویەتی زیندانی کرابێ با لەجێی من هاوار بکات.. کێ بینیویەتی برسی بێ با بەناوی منەوە ناڕەزایی دەربڕێ.. کێ بینیویەتی لانەواز بێ با دەنگهەڵبڕێ تا من و هەموو خەڵکی گوێمان لێبێ.. نامەوێ باوەڕ بە درۆ و دەلەسە بهێنن.. (*لە دەم وچاوەکان ورد ئەبێتەوە*) پەنا بەخوا هەمووتان لەو ئەچن.. کتومت لە عەبدولسەمیع ئەچن. (*دەڕواتە دەرەوە بانگ ئەکات*) عەبدولسەمیع.. هێی عەبدولسەمیع.. عەبدولسەمیع.. هۆو عەبدولسەمیع. (*ئەگەرچی ناو هۆڵەکە هەمووی ڕۆشن بۆتەوە و خەڵکەکە بەرەو ماڵەکانیان دەگەڕێنەوە، بەڵام ئاهەنگەکە هەر بەردەوامە*) .

کۆتایی

سەرچاوە:

أسمع يا عبدالسميع. تأليف.. عبدالكريم برشيد. السلسلة الأبداعية.. ١.. الثقافة للنشر والتوزيع.. دار البيضاء ١٩٨٧.